دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨١٧، شەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، ١٩ی فێوریەی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com

■ ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد» ٢

■ ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە ٢

■ ڕاگەیەندراوی یەکێتیی پیشەیی مامۆستایان و کۆمەڵێک ڕێکخراوی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ٣


دووریانی ڕووخانی ڕێژیمی ئێران ٤




گرینگی دێموکراسی و بازاڕی ئازاد لە ئابووریدا ٦




کێشەی ئۆکراین و ڕووسیە ٨



دیمانەی کوردستان ١٠



# چیرۆکی سەرۆکی گەندەڵکاران بەرەو کۆتایی دەچێ



لە ماوەکانی ڕابردوودا فایلێکی دەنگیی سپای پاسداران بڵاو کرایەوە کە تێیدا تاڵانکاریی سیستماتیکی باڵی ئەمنیەتی — سەربازی ڕێژیم واتە سپای پاسداران لە ئاستی هەرەبەرزدا خۆی دەرخست. فایلێک کە تێیدا نەخش و دەوری کەسانێکی بە قارەمانکراوی وەک تێرۆریست قاسم سولەیمانیشی لەخۆ گرتبوو. ئەگەرچی هەواڵدەریی فارس و چەند کەس لە بەرپرسانی سپا لەسەر ڕاستبوونی ئەو قسانەی لە نێوان محەممەدعەلی جەعفەری و سادق زولقەدرنیادا کراوە، هەڵوێستیان گرت بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا، عەلی خامنەیی، وەک سەردەستەی تاڵانکارانی کۆماری ئیسلامی، هەڵوێستێکی جیاوازی گرت و لە بەرەی داکۆکیکردن لە گەندەڵکاران هاتە گۆ. ئەمەش بەو هۆیەوە کە خامنەیی لە ڕابردووی نە زۆر کۆندا دەری خستووە کە چلۆن پەردە بەسەر تاڵانچییەتی هاوپیاڵەکانی دادەکێشێ و دوژمن (کە تا ئێستەش ڕوون نەبۆتەوە چ لایەنیک دوژمنە!) ئەم بوختانانە دەکات. لە ڕێبەندانی ساڵی ٩١دا بوو کە فایلی دەنگیی بەرتیلخواردنی برایەکی سادق لاریجانی لە بابەک زەنجانی بڵاو کرایەوە کە دواتر خامنەیی سەبارەت بەم فایلە وتی: ئەوە دژی ئەخلاق و شەرع و یاسایە! و نابێ باسی لێوە بکرێت.

ئەمجارەیان ناوزڕاو ڕایگەیاندووە کە ژوورە فکرییەکانی دوژمن دەیانهەوێ دژ بە سپا و قاسم سولەیمانی «لجنپراکنی» بکەن. ئەوان لە ژوورە فکرییەکانیاندا چەندین میلیارد دۆلار سەرف دەکەن و هەوڵ دەدەن لاوەکانمان لەڕێگەی گوشاری ئابووری و درۆ و «لجنپراکنی» لە ڕێگەی شۆڕش و ئیسلام دوور بخەنەوە. هەر جارەو پەلاماری شوێنێکمان دەدەن، ڕۆژێک تۆمەت دەخەنە پاڵ کۆڵەکەکانی شۆڕش، ڕۆژێک تۆمەت لەو ناوەندانە دەدەن کە نەخشیان لە پیشکەوتنی شۆڕشدا هەبووە، ڕۆژێک مەجلیس دەکەنە ئامانج، ئەم ڕۆژەکەی تر شۆرای نیگابان و ئەمجارەش نۆرە گەیشتووەتە سپا و قاسم سولەیمانی!

لەم فایلە ٤٩ خولەکییەدا کە لە ساڵڕۆژی بەتاڵانبردنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بڵاو کرایەوە، محەممەدعەلی جەعفەری و سادق زولقەدرنیا باس لە گەندەڵییەکی بەربڵاوی چەندمیلیاردی لە نێو دامەزراوەی تەعاونی سپادا دەکەن و نەخشی سپای قودس و شارەداری تاران و هەندێک نیهادی ژێرکۆمەڵەی دیکە و لەسەرووی هەمووان خودی خامنەیی کە بەم گەندەڵییەوە گلاون دەخەنە ڕوو. لە فایلەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە عەلی خامنەیی بڕیاری داوە ٩٠٪ی داهاتەکانی دامەزراوەی تەعاونی سپا بدرێتە سپای قودس. هەروەها باس لە نەخشی چالاکی قاسم سولەیمانی، تێرۆریستی بەناوبانگ، کراوە کە لە پاش کوژرانی زۆر هەوڵ دەدرا ناوبراو وەک قارەمانێک بۆ دادپەروەری و ئازادی پێناسەی بۆ بکرێ! ئەوەیکە لەم نێوانەدا گرینگە و پێویستە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێ نەک خودی فایلەکە، چونکە بۆ هەمووان ئاشکرایە کە سپای پاسداران ساڵانێکی دوورودرێژە کە لە ڕێگەی کارتێلە ئابوورییەکانییەوە سامان و داهاتی خەڵکانی ئێران هەڵدەلووشێ، بەڵکوو داکۆکیکردنی ڕێبەری ئەم ڕێژیمە لە گەندەڵکاران و تاڵانچییەکانی سپایە کە بەردەوام بانگەشەی ئەوەی کردووە نوینەرایەتی خودا لەسەر عەرزدا دەکات!

لەڕاستیدا ئەوەیکە خامنەیی ئێستە دەیڵێت نەک داکۆکیکردن لە سپا و چەند مۆرەیەکی نێو ئەم دامەزراوە نارەسەنە بەڵکوو جۆرێک لە پاکانەکردن و خۆدزینەوە لە باری قورسی بەرپرسایەتییەکەیەتی کە یەخەی خۆی دەگرێتەوە؛ بە دیوێکی تریدا ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە کەشێکی ئازاد و پڕاوپڕ لە دادوەری بەسەر ئێراندا حاکم بێت (کە نییە) عەلی خامنەیی وەک کەسێک کە ئاگاداری گەندەڵییە سیستماتیکەکانی نێو باندە مافیاییەکانی سپایە دەبوو بانگهێشتی دادگا کرابا بەڵام بەمشێوەیە هەوڵی خۆپەڕاندنەوە لە بەرپرسایەتییەکە دەدات و دەیهەوێ لانیکەم لە نێو ئەو کەمەلایەنگر و مشەخۆرەی کە بۆی ماوەتەوە وەها نیشان بدات کە من هەر دادوەرە هەمیشەییەکەتانم. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە خامنەیی بەمجۆرە داکۆکیکردنە ڕاستەوخۆ ڕێگری دەکات لە هەر چەشنە بەدواداچوونێک لە پەروەندەی گەندەڵییەکان کە لە داهاتوودا بورووژێندرێت چونکە دەزانێ کە ئەگەر بێتوو بەدواداچوون بۆ ئەم جۆرە پەروەندانە بکرێت، کە ڕێژەیان کەم نییە، ئەوا ئابڕووی سەرلەبەری سەرانی ڕێژیم بە بادا دەڕوات.

جیا لەمانەش خامنەیی باشتر لە هەر کەسێکی تر ئەو ڕاستییەی زانیوە و درکی پێ کردووە کە بەهۆی کردارە ناسەردەمییانە و هۆڤانەکانی خۆی و تاقمەکەی ژێر دەسەڵاتی، خاوەن هیچ پێگە و ڕەواییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە و ئەگەر بێتوو ئەم فایلەش لە زاری ناوبراوەوە بە ڕاست لە قەڵەم بدرێ یان لە بەرامبەریدا هەڵوێستێکی ئەوتۆ نەگیرێ هێندەی دیکە لای خەڵک بێزراو دەبن.

کۆی ئەم باس و بابەتانەش ئەو ڕاستییە سەلماوەمان جارێکی دیکە بۆ ڕوون دەکەنەوە کە چیرۆکی تەمەنی سەرۆکی گەندەڵکاران، هاوشێوەی جامی تەمەنی دێوی نێو ئەفسانەکان، بەرەو کۆتایی دەڕوات و چیدیکە کەس ناتوانێ داکۆکی لێ بکات، خۆی نەبێت.

## پەیڤ

## دڕندەیی و بێشەرمی

کەریم پەرویزی

کاتێ لە نێو وشەدانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیسی و هەر فەرهەنگێکی دیکەدا بە دوای وشە یان دەستەواژەیەك دەگەڕێی کە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیی پێ پێناسە بکەی، دەبینی کە لە هیچ فەرهەنگ و کولتوورێکدا ناتوانی شتێکی هاوتای کردەوە دزێوکانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهی بدۆزیتەوە.

ئاژەڵە دڕندەکان کاتێك برسییان دەبێ، هەر ڕاوەکەیان دەبینن یەکسەر هێرش دەبەنە سەری و گەر بۆیان بگیرێ یان هێزیان پێ بشکێ، هەڵی دەدڕن و دەیخۆن تاکوو برسیەتییان بشکێ. ئیدی لەوە زیاتریش هێرش ناکەنە سەر ئاژەڵی دیکە چوونکە تێر بوون! لە شەڕی نێوان مرۆڤەکانیشدا چ بە تاك و چ بە تایفە و عەشیرە و تەنانەت نەتەوە و ئیمپراتۆری، ئەوەندە هێرشیان کردووە و یەکتریان کوشتووە، تا ئەوەی کە یەکێکیان بە سەر ئەوی دیکەدا سەر کەوتووە. ئەو جۆرە هێرشانەش دەستەواژەی هێرشی بەربەڕئاسایان بۆ بەکار بردووە یان لە ناوچەی مێزۆپۆتامیا و زاگرۆس و دەشتی نێوان زاگرۆس و ئەفغانستاندا بە ئەو عەشایرە کە وەکوو تایفەکەی داریوش خەریکی گەڕان و کوشتار بوون پێیان وتوون «هاری» یان گرووپێك کە دەگەڕێن و هێرش دەکەن.

بەڵام کۆماری ئیسلامی ڕووی هەموو دڕندەکان و هەموو هارەکانی سپی کردووە! لە دڕندەیی و تاوانباریدا مۆدێلی دیکەی داهێناوە کە کەسی دیکە زۆر بە کەمی پێیان زانیوە و نموونەی ئێجگارکەم هەیە لە دونیادا کەڵکی لێوەر گیرابێ.

دەسەڵاتی نامرۆڤانەی ویلایەتی فەقیهی کە لە دەروونەدا زۆر ترسەنۆکە، لە ترسەنۆکیی خۆیدا پەنا دەباتە هەر جۆرە کردەوەیەکی خوێنمژانە تاکوو خۆی بپارێزێ. بۆ ئەم پاراستنەش پەنای بردووەتە بەر بارمتەگیری و هێرشی ناڕاستەوخۆ بۆ سەر کەسەکان تاکوو هەستی مرۆیی و سۆزیان بریندار بکات و لەو ڕێگەوە تەسلیمیان بکات.

بێشەرمیی گەیاندووەتە جێگایەك کە خەڵکی بێتاوان دەسبەسەر دەکا و لە ڕێککەوتنی نێونەتەوەییشدا و لە دانوستاندا دەیکا بە خاڵێکی ڕێککەوتنەکە تاکوو گەمارۆی لەسەر لا نەچێ ئەو بارمتە ڕۆژاوایییانە بەر نادا!

لە نێو کوردستاندا کە ناتوانێ بە سەرکوت و زەبروزەنگ بەسەر شۆڕەسوارانی گۆڕەپانی ئازادیخوازیدا سەرکەوێ، دەڕوا بنەماڵەکانیان بانگ دەکا و هەڕەشەیان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات
# سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد»

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد» ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.
دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:
ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
هاونیشتمانییانی بەڕێز!
ئۆگرانی پرسی کورد و کوردستان!
بە دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی «بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد» بەتایبەت فایلی دەنگیی ٦٠ لاپەڕەی ئەو کتێبە کە زیاتر پێوەندیی بە ڕووداوەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی و بوونی برایانی پارتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جووڵانەوەی کورد لەو بەشەی کوردستانەوە هەیە، دژکردەوەیەکی بەرچاوی لە بیروڕای گشتی و لایەنە کوردپەروەرەکانەوە بەدوای خۆیدا هێنا.
سەرەتا پێویستە ئەو ڕاستییە بخەینە ڕوو کە شێواندنی مێژوو و بەلاڕێدابردنی ڕاستیی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە، لەهەر لایەکەوە بێت نەک یارمەتی بە مێژووی واقعیی ڕووداوەکان ناکات بەڵکوو بە کارێکی ناتەبا لەگەڵ ڕاستیی ڕووداوەکان و زیان گەیاندن بە مێژوو دادەنرێت. لە هەمانکاتدا سەرهەڵدانی هەر ئاڵۆزییەک یان جیاوازی لە بۆچووندا بە قسەی سووک و زمانی زبر لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چارەسەر ناکرێت و لەگەڵ نەریتی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتیش ناگونجێت. جیا لەوە پێوەندییەکانی پارتی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە بڕگە جۆراجۆرەکاندا هەوراز و نشێوی بەخۆیەوە بینیوە و لە هەر بڕگەیەکی زەمەنیشدا هەر لایەک قسەی خۆی لەسەر کردووە و وەرددانەوەی لە ئێستادا لەگەڵ ئەم لاپەڕە نوێیەی کە لە ۳۰ ساڵی ڕابردوودا لە پێوەندیی دۆستانەی دوولایەندا هەڵدراوەتەوە، ناتەبایە.
باسکردن لەم باس و بابەتانەی کە لە کاتی خۆی لە کەشوهەوای نادۆستایەتییەکاندا وتراون و بڵاوکردنەوەی بە شێوەیەکی تایبەتی و ڕەنگە ئامانجدار، بێجگە لە بریندارکردنەوەی هەستی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمێکی دیکەی لێ ناکەوێتەوە؛ بەتایبەت کە خوێندنەوەکانی بەڕێزیان لەسەر ڕووداوەکان خوێندنەوەیەکی یەکلایەنەیە و هەموو تاوانەکانی خستووەتە ئەستۆی حیزبی دێموکرات و پارتی بێتاوان و بێ هەڵە نیشان دراوە کە لانیکەم ئەم چەشنە قەزاوەتە و تا ئەو ڕادەیە دوورکەوتنەوە لە بێلایەنی و مێژووی واقعییەتی ڕووداوەکان لە بەڕێزیان چاوەڕوان نەدەکرا. بەتایبەت ئەوەی پێوەندیی بە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە، کە دوکتور قاسملوو پایەدانەری بووە و ئێستاش درێژەی هەیە، بە سەنەد و مەدرەک و شاهیدیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەر دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلمێندراوە و لە بەرچاوی بیروڕای گشتی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.
حیزبی دێموکرات لە ماوەی ٧٦ ساڵ تەمەنی پڕ لە هەوراز و نشێوی لە گۆڕەپانی خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ کەموکوڕی نەبووە، بەڵام بە شانازییەوە دەڵێین هیچ کەس و لایەنێک ناتوانێت خاڵێکی لاواز لە مێژووی ئەو حیزبە بەتایبەتی لە پێوەندی بەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، دەسنیشان بکات کە زیانی بە جووڵانەوەی کورد لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان گەیاندبێت.
لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو بابەتەش وەبیر بێنینەوە کە حیزبی دێموکرات لەو ماوە زەمەنییەدا کە بەهۆی بارودۆخی نەخوازراو و داسەپاوی سیاسیی بنکە و بارەگاکانی لە باشووری کوردستان بووە، بە هیچ جۆر دەستی لە کاروباری نێوخۆیی ئەو پارچە لە کوردستان وەرنەداوە و هەموو کات بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی خۆی لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی کە پێوەندییان بە پرسە نەتەوایەتییەکانەوە هەبووە، جووڵاوەتەوە و هاندەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە بۆ بەهاناوەچوون یان پشتگیریکردنی باشووری کوردستان.
ئاشتیخوازی و باوەڕمەندبوونی حیزبی دێموکرات بە چارەسەریی ئاشتییانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا ئەوەندە ڕوونە کە نەک ناکرێت لەو پێوەندییەدا پاکانە بۆ ڕێژیمێکی ماف پێشێلکەر بکرێت، بەڵکوو بە ڕادەیەک بووە کە تۆمەتی سازشکاریی وەپاڵ دراوە. لە کۆتاییدا باشترە لێکۆڵینەوە و وەردانەوەی ڕووداوە تاڵەکانی ڕابردوو بە مێژوونووسانی بێلایەن و واقیعبین بسپێرین و پێ لەسەر پێوەندییە دۆستانە و کوردخوازانەکانی دوو لایەن دابگرینەوە. ئێستا لەو بارودۆخەدا چاوەڕوانیمان لە دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات ئەوەیە کە لەو هەلومەرجە هەستیارەدا بە وشیاری و هەست بە بەرپرسایەتییەوە لەو بابەتە بڕوانن و هەڵسەنگاندنەکان جۆرێک بن کە لە بەرژەوەندیی گشتیی نەتەوەیی و لە قازانجی تەبایی نێوان هێزە سیاسییەکاندا بشکێتەوە.

**ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی**
**کوردستانی ئێران**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا بەبۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان بڵاوی کردووەتەوە ئێستا و دوای چل و سێ ساڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە هەموو کات چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی نێوخۆیی تووشی شکستی سیاسی بووە و قەیرانەکانی وڵات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر قووڵتر دەبنەوە.
دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:
بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان
هاونیشتمانیانی خۆشەویست!
گەلانی ئازادیخوازی ئێران!
٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵ چل و سێ ساڵی تەواو بە سەر شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێراندا تێدەپەڕێ، شۆڕشێک کە بە هیوا و تێچوویەکی زۆر بە سەر ڕێژیمی پاشایەتیدا سەرکەوت، بەڵام بەداخەوە هەر زوو لە لایەن خومەینی و دەستوپێوەندەکانییەوە دەستی بەسەردا گیرا و بەلاڕێدا برا.
خومەینی و تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکانی ئێران لە سەرەتاوە وێڕای نکۆڵی لە بوونی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و مافەکانیان هەر زوو پشتیان لەو قەول و بەڵێنانە سەبارەت بەو ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە کرد کە بە خەڵکی ئێرانیان دابوو و دەستبەجێ دەستیان کرد بە گرتن و کوشتن و ڕاوەدوونانی جیابیران و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکە.
پاش ماوەیەکی کورت لە ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاویدا ڕێفراندۆمێکیان بەڕێوە برد کە لە ڕاستیدا بێ ماناترین ڕێفراندۆمی مێژوویە، لەودا خەڵک جگە لە کۆماری ئیسلامی هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لە بەردەستدا نەبوو، دەبوو بیانوتایە؛ کۆماری ئیسلامی ئەرێ یا نە.
لە ڕاستیدا ئاکامی ئەو ڕێفراندۆمە بوو بە هۆی داسەپاندنی ڕێژیمێکی پاوانخواز و توندڕەو کە ئاکامەکەی وێران بوونی ئێران و لەبەینچوونی هەموو بایەخە مرۆییەکان و لە کۆتاییدا ئەوەی کە ئێستا دەیبینین، وڵاتێکی داڕووخاوە لە هەموو ڕوویەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کە برستی لە خەڵکی ئێران بڕیوە.
ئێستا دوای چل و سێ ساڵ لەو شۆڕشە خوێناوییە کە تێچووەکەی خەڵکی ئێران دایان، دەسکەوتەکەی بووە بە گرانی و هەژاری و نەداری و قات و قڕی و دەیان و سەدان کێشەی کۆمەڵایەتی و لە کۆتاییشدا داخرانی هەر چەشنە فەزایەکی سیاسی.
بیری تەسکی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم وای لە ئێران کردووە کە بەپێی ستانداردەکانی جیهانی خەڵکی ئێران لە ڕیزی بێ هیواترین خەڵکی جیهاندان.
دەستێوەردانی ڕێژیم لە ناوچەکە و بەتایبەتی وڵاتانی دەوروبەر کە سەرچاوەکەی لە بیری ناردنەدەرەوەی شۆڕش لە لایەن خومەینییەوە بوو، وای کردوە کە ڕۆژانە سەدان کەس لە ئاکامی ئاژاوەگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە وڵاتانی عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن لەبەین بچن. هەروەها مانگانە و ساڵانە بە میلیۆنان دۆلار لە داهاتی وڵات لە لایەن ڕێژیمەوە بۆ گرووپە توندڕەو و تیرۆریستەکانی جیهان بەڕێ دەکرێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بۆ وێنە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ویروسی کرۆناوە بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ئێران گیانیان لە دەست داوە و ئەوەی کە بە لای کۆماری ئیسلامییەوە گرینگ نەبوو گیانی خەڵک بوو، بە جۆرێک کە خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم هاوردنی هەرچەشنە واکسێنێکی بۆ ئێران قەدەغە ڕاگەیاند.
لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کە خەڵکی وەزاڵەهاتوو هەر جارە و بە بیانوویەک نارەزایەتییان دەبڕیوە بە توندترین شێوە سەرکوت کراون و لە دوایین نموونەشدا خۆپیشاندانەکانی ٩٨ بوو کە بەپێی ئامارە دزەپێکراوەکانی خودی ڕێژیم زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە ماوەی سێ ڕۆژدا کوژران.
ڕووداوێک کە هەر ئێستا دادگاییەکی سەمبۆلیکی بەو ناوە لە لەندەن بۆ پێک هێناوە کە لە دوایین بڕیاریدا زۆربەی هەرە زۆری بەرپرسانی سەرووی ڕێژیم لە خامنەییەوە بگرە تا کەسانی خوارتر بە تاوانباری دژە مرۆیی ناساندووە و کاری لە سەر دەکرێ. لە کوردستان دەکرێ بڵێین جینایەتەکانی ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە چەند قات بووە، تا ئەو جێگایەی کە چل و دوو ساڵە کار بە فتوا بەدناوەکەی خومەینی سەبارەت بە هێرش بۆ سەر کوردستان دەکرێ و چل و دوو ساڵە بە کردەوە کوردستان بووەتە پادگانێکی ئەمنیەتی و ڕۆژ نییە کە لە هەموو شارەکانی کوردستان کەسانێک بە تاوانی سیاسی لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکان نەکرێن.
تێرۆری ڕێبەران و تێکۆشەرانی سیاسیی کورد چەند قاتی شوێنەکانی دیکەی ئێرانە و قەیرانە ئابوورییەکانیش هەروەتر.
بەڵام خەڵکی کوردستان هەر لە سەرەتاوە بە بایکۆتی ڕێفراندۆمە بێ ماناکە، کوردستانی کردووەتە قەڵایەکی پتەو و هەتا ئێستاش سەرەڕای هەموو پیلان و سەرکوت و ڕەشبگیری و تیرۆر و کوشتنی بە کۆمەڵ و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، سەری لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمە نەچەماندووە و لە خەباتی خۆی بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی بەردەوام بووە و هەیە.
ئێستا و دوای چل و سێ ساڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کات چ لە ئاستی نێودەوڵەتی و چ لە ئاستی نێوخۆیی تووشی شکستی سیاسی بووە و قەیرانەکانی وڵات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر قووڵتر دەبنەوە. لەم پێناوەدا خەڵکی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ماهییەتی دژەمرۆیی ڕێژیمیان بۆ دەرکەوتووە و خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان دەرخەری ئەو ڕاستیەن.
لەو نێوەدا ئەوەی کە زیاتر لە باقی شوێنەکانی ئێران لە مەیداندا ماوەتەوە و خەباتی بە دژی کۆماری ئیسلامی درێژە پێداوە خەڵکی کوردستان و حیزبە تێکۆشەرکانی بوون. ئەوان سەرەڕای هەموو سەختییەکی تاقەتپڕووکێن لەو چل و سێ ساڵەدا، هیچ کات ڕێژیم نەیتوانی لە خەڵکی خۆیانی داببڕێ و مەیدانی خەباتیان بە جێ نەهێشت. ئێستاش دوای ئەو هەموو ساڵە بە هەنگاوی قایمترەوە درێژە بە خەباتی خۆیان دەدەن و هەوڵەکان بۆ یەکگرتوویی زیاتری حیزبەکان و یەکگرتوویی نێوان خەڵک و حیزبەکان هیوای دوارۆژێکی ڕوون و هیوا بەخش بە کۆمەڵگە دەدا.
خەڵکی خۆشەویستی کوردستان!
حیزبەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری بەڵێنتان لە گەڵ نوێ دەکەنەوە کە بە گوڕتر و قورس و قایمتر لە جاران لە خەباتی خۆیان بەردەوام بن و بەو هیوایە کە ئێوەی تێکۆشەر و بەهەڵوێستیش هەروا لە خەبات و پشتگیری حیزبەکان بەردەوام بن.
بەهیوای گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەکەمان و نەمانی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێران.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە ساڵڕۆژی دامەزرانی «یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان»ـدا بەشداریی کرد

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «محەممەدنەزیف قادری» جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب و بەرپرسی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٨ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی «یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان» سەردانی مەڵبەندی ١٦ی ئەو حیزبەی لە «کۆیە» کرد.
هەیئەتی حیزبی دێموکرات لەلایەن «کاوە مەمەند» ئەندامی سەرکردایەتی «یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان» و بەرپرسی مەڵبەندی ١٦ی ئەو حیزبە پێشوازیی لێکرا.



لەو دیدارەدا «محەممەدنەزیف قادری» پەیامی پیرۆزبایی «مستەفا هیجری» لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی، بەبۆنەی ٢٨ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی «یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان» ئاراستەی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان کرد.

# یادی دامەزرانی «یەکیەتیی لاوان» بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٩ی ڕێبەندان یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمێکی بەبۆنەی ٣٠ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیان کە یەکیکە لە یادگارەکانی کۆماری پڕشکۆی کوردستان پێک هێنا.
ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و پاشان ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.
لە بڕگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا «پژمان شەریعەتی» سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوان بەبۆنەی ٧٦ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە، پەیامێکی پێشکەش کرد.
شەریعەتی لە بەشێک لە پەیامەکەیدا پڕژایە سەر مێژووی یەکیەتیی لاوان تا بە ئەمڕۆ و لە کۆتاییدا ئاماژەی بە ڕاسانی خۆرهەڵات و ڕۆڵی لاوان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە هەنووکە لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان نەخشی بە باندۆڕیان هەیە و بوونەتە هیوا و ئۆمێدی نەتەوەکەیان.
دواتر پەخشانێک لەلایەن پێشمەرگەی لاو «ئێحسان ڕەستگار» پێشکەشی بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە کرا.
لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا بە مەبەستی ڕێزگرتن لە تێکۆشان و ماندووبوونی بەڕێوەبەرانی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پێشوو کە بریتی بوون لە «عومەر فەخرەدین فەر، سامان سەیدئەحمەدی، وریا مەحموودی، دڵنیا لوتفی و واحید ئەحمەدی»، لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا. ئەو لەوحانە لەلایەن بەڕێز «حەسەن شەرەفی» جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی ناوەندی سیاسیی حیزبەوە پێشکەشی ئەو پێشمەرگانە کرا.





لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا لەلایەن «پژمان شەریعەتی» لەوحی ڕێزلێنان پێشکەش بەو ئۆرگان و دەزگایانە کرا کە هاوکار و یارمەتیدەری ڕێکخراوی لاوان بوون. ئەو ئۆرگانانە بریتی بوون لە «نووسینگەی کارگێڕی، ناوەندی سیاسی، دەزگای ڕاگەیاندن، دەزگای ئەمنییەت، دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەزگای ڕێکخستنی گشتی، دەزگای بەدواداچوون و چاوەدێری، دەزگای دارایی و دەزگای هەڵبژاردن».
لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕێز لەو کەسانە گیرا کە تەمەنی لاویەتیی خۆیان تەرخان بە کاری ڕێکخراوەیی لەم ڕێکخراوەدا کردووە. هەروەها ڕێز لە تێکۆشانی ئەندامانی چالاکی یەکیەتیی لاوان گیرا.
لە کۆتاییدا بەشداربووان بە شایی و هەڵپەڕکێ ئەو یادەیان ڕازاندەوە.

# سنە؛ ناوی جاش و پاسدارەکان لەسەر تابلۆی شەقامەکان ڕەش کرانەوە




ماڵپەڕی «کوردستان میدیا» لە هەواڵێکدا ئاشکرای کرد، ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە شاری سنە لە چالاکییەکدا ئەو تابلۆیانەی کە لەسەر شەقامەکان ناوی پاسدارە کوژراوەکانی ڕێژیمی ئێرانیان لەسەرە، ڕەش کردووەتەوە.
ئەو شوێنانەی کە تابلۆکانیان لێ ڕەش کراونەتەوە بریتن لە: «تابلۆی بلواری فاتمە ئەسەدی، بلواری ٢٢ی بەهمەن و بلواری شەبلی» و دەیان تابلۆی دیکە.
ئەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە بە دروشمگەلی «بژی حدکا و سەرکەوێ ڕاسان» ئەو چالاکییەیان بەڕێوە بردووە.
لەلایەکی ترەوە ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، سپای پاسدارانی ڕێژیم لە گەڕەکی «حەماڵئاوا»ی شاری «سەقز» دژی حیزبی دێموکرات دروشمی لەسەر دیوارەکانی ئەو گەڕەکە نووسیوە.
دروشمەکانی دژی حیزبی دێموکرات بووە و تۆمەتی خستووەتە پاڵ حیزبی دێموکرات. پێشتریش لە شاری «نەغەدە» لەلایەن بەکرێگیروانی ڕێژیمەوە دەر و دیواری ماڵەکان بە مەبەستی خراپکردنی حیزب لەبەرچاوی بیروڕای گشتیی ڕەش و پیس کرابوو.
ڕێژیمی ئێران بەهۆی ئەوەیکە حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵکدا پێگەیەکی بەهێزی هەیە و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکە بە درێژایی دەسەڵاتی خۆی پیلان و پلانی جۆراوجۆری دژی حیزب دارشتووە بەڵام هیچ کات لەو هەوڵانەیدا سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو خەڵک باشتر ڕێژیمی ئێرانیان ناسیوە.

# ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە «ئامریکا» بەرز ڕاگیرا



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئامریکا، بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٧٦ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی لە شاری «شانتێل» لە ویلایەتی «ڤێرجینیا»ی ئامریکا بە بەشداریی پتر لە ١٥٠ کەس بەڕێوە برد.
بەهۆی مەترسییەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بە شێوەیەکی کەم خەڵک بۆ جێژنەکە بانگهێشت کرابوون.
ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان «خالید خورینجی» بەرپرسی ڕاگەیاندنی کۆمیتەی حیزب لە ئامریکا ڕیزبەندی بەرنامەکەی خوێندەوە.
دواتر وتاری کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە ئامریکا، لەلایەن «ڕەحیم ڕەشیدی»، بەرپرسی کۆمیتە پێشکەش کرا. بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئامریکا، لەمەڕ گرینگیی دامەزرانی کۆماری کوردستان و کەسایەتی بەرزی «پێشەوا»ی نەمر و کاریگەری و دەوری مێژوویی کۆماری کوردستان بۆ ئامادەبووان قسەی کرد.
«ڕەشیدی» لە ناوڕۆکی قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە لەپێناو خولقاندن و قۆستنەوەی دەرفەتەکاندا، حیزبی پێشەوا و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، پتەوتر و یەکڕیز بێ.
لەو پەیوەندییەدا داوا لە ئامادەبووان کرا کە هاندەر و پاڵپشتی تێکۆشەرانی دێموکرات بکەن.
لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات لەلایەن «نائیب مەشایەخی» پێشکەش کرا.
دواتر پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن «ڕێبوار سەلیمی» خوێندرایەوە.
پاشان پەیامی نوێنەرایەتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئامریکا لەلایەن «بارزان ئەردەڵان» خوێندرایەوە.
لەو ڕێوڕەسمەدا «محەممەد داستان» تێکۆشەری دێرینی دێموکرات، پەخشانە شێعرێکی لە وەسفی «پێشەوا» و بایەخی کۆماری کوردستان پێشکەش کرد.
سروودی «بژی دێموکرات» و چەند گۆرانی و هەڵبەستی شۆڕشگێڕی کە لەلایەن «فایەق عەبدوڵڵاهی» پێشکەش کران زیاتر ڕێوڕەسمەکەی ڕازاندەوە.
بۆ ئەم ڕێوڕەسمە چەندین پەیامی پیرۆزبایی نێردرابوون کە بریتین لە:

. پارتی دێموکراتی کوردستان
. یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
. کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ئەنستیتۆی کورد لە ئامریکا
- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە باکووری ئامریکا
- حیزبی تەزامۆنی دێموکراتیکی ئەحواز
- کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدڕاڵ
- پەیامی پارێزەر «سەمیرا قادری»

لەو ڕێوڕەسمەدا داوا کرا ڕۆژی پێنجشەممە، بۆ پشتیوانی لە «زارا محەممەدی»، مامۆستای زمانی کوردی کە بە تۆمەتی وتنەوەی زمانی کوردی بە منداڵانی نیشتمان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێراندایە، بەشداریی ڕێپێوانێکی مەدەنی بکەن کە بڕیارە لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بەڕێوە بچێت.
ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

# ڕاگەیەندراوی یەکێتیی پیشەیی مامۆستایان و کۆمەڵێک ڕێکخراوی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی




خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!
٢١ی فێورییە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ناودێر کراوە. ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی ڕێکخراوی یوونسکۆ لە توێی کۆبوونەوەیەک بۆ وڵاتانی ئەندام، ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی دیاری کرد. دواتر دەبیری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وێڕای پشتیوانیی خۆی، ئەم بۆنەیەی بە میراتێکی هەرەمەزنی مرۆیی ناو لێ برد و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە گرینگیدان بە وەها ئەرکێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێکڕای خەڵک هەم بە بایەخەوە لە پرسی زمانی یەکترین بڕوانن هەم ساناتر ئاڵوگۆڕی کولتووری بکەن، ئەوەش دەبێتە زامنی ئاسایشی گشتی و پێکەوەژیانی سالمتری لێ دەکەوێتەوە. شایانی باسە کە یوونسکۆ وەک بەشی کاروباری کولتووری و فێرکاریی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تێگەیاندنی کۆمەڵگەی وڵاتانی ئەندام لە پرسی بەها کولتوورییەکان، دەبێتە هۆی ڕێزنان لە فرەچەشنیی مرۆیی، بەتایبەت ئاوڕدانەوە لە گەلانی پەراوێزخراو، هەروەها دەتوانێت یارمەتیدەری گەشەی پرۆسەی ئاشتی و سەقامگیری لە کۆمەڵگەی جیهانییە. لە بەر مەترسیی ئەوەی کە لە وڵاتانی فرەگەلی، چۆنیەتیی ڕێزگرتن لە مافی کەمینەکان لە ئاستێکی نزمدایە، یوونسکۆ لەسەر بەرزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی لە تێکڕای وڵاتانی ئەندام جەخت دەکاتەوە و داواکارە کە هەوڵی بڵاوکردنەوەی ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە وەکوو یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانیان وەبیر دەخاتەوە.
یوونسکۆ لە بۆنەی ئەمساڵدا ئاماژەی بە دۆخی خەفەتباری کۆڤید-١٩ بۆ سەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کردووە و لەسەر گرێدانی تێکنۆلۆژی و فرەچەشنیی فەرهەنگی لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە پێداگریی کردووەتەوە. ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە تێکنۆلۆژی لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە، وەها پوتانسییەلێکی تێدایە کە دەتوانێت بە گرفتە سەرەکییەکانی ئەمڕۆی جیهانی پەروەردە و فێرکردندا بچێتەوە. هەروەها ئەگەر سیستمی پەروەردە لەسەر بنەمای هەمەلایەنە و یەکسان بۆ هەمووان دابمەزرێت و زمانی دایکی وەکوو شاکلیل لە بەرنامەی دەرسیی قوتابخانەدا بگونجێت، کۆمەڵگەکان لە داهاتوودا شاهیدی هەوڵ و تەقەلای فێرکاریی هەتاهەتایی بە شێوەی عادڵانە و خێرا بەپێی ڕەوتی سەردەم و بەبێ جیاوازی دەبن.
نابێ ئەو ڕاستییە لەبیر بکەین کە حکوومەتی هەنووکەی ئێران جیا لەوەی ئەندامێکی گرینگی یوونسکۆیە و لەوێدا نوێنەری دایمیی هەیە، بڕیارنامەی دیاریکردنی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکیشی واژۆ کردووە. کەوایە ئەو دەسەڵاتە بەنیسبەت بەڕێوەبردنی هەموو خاڵەکان و ناوەڕۆکی بڕیارنامە و پێشنیارەکانی ساڵانەی ئەو ڕێکخراوەیە بەرپرسیارە و دەبێ بە ئەنجامیان بگەیەنێت. کەچی بە پێچەوانە، نەتەنیا هیچ هەنگاوێکی کردەیی لە ئاست ڕاسپاردە و پەسەندکراوەکانی یوونسکۆ هەڵناگرن، بەڵکوو وەک پیشەی جارانی خۆیان، بەنیسبەت کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران، لەسەر ڕێبازی نژادپەرستانەی هەڵاواردن و دووچاوگی ڕوانین سوورن و لە بەرژەوەندیی گەلی باڵادەستدا پەنا بۆ چەمکی زاڵمانەی ئاسیمیلاسیۆن دەبەن.
مامۆستایانی دەروەست و مافخوازی کوردستان!
بۆ هەموو لایەکمان ڕوون بۆتەوە کە ڕێژیمی ئێران جیا لەوەی لەهەمبەر خزمەتگوزارییەکانی نیشتمانی ئێمە خۆی بە بەرپرس نازانێت، بەڵکوو ڕۆڵی داگیرکەری و کۆلۆنیالیستیی گرتۆتەبەر. هەر بۆیە لە جیاتیی ئاوەدانکردنەوە، هەوڵی سووتاندنی سروشت و تاڵانی سامان و کوێرکردنەوەی شوێنەوارە فەرهەنگی و مێژووییەکانی گەلەکەمان دەدا و لەو نێوەدا بەداخەوە زمانی کوردیش گەورەترین هەڕەشەی لە سەرە. نوێترین نموونەی ئەو ئیدیعایە بریتین لە سزادانی زارا موحەممەدی وەک وانەبێژی سەرکەوتووی زمانی کوردی بە ٥ ساڵ زیندان، گوشارهێنان بۆ سەر مامۆستایانی مافخوازی کوردستان، کردنەوەی دۆسیەی ئەمنییەتی بۆ چالاکانی ناوەندە فێرکارییەکان، هەوڵی چەواشەکارانەی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد لەناو میدیا پاوانکراوەکانی ڕێژیم و بە ئەمنییەتیکردنی داخوازییە مەدەنییەکان.
دیارە ئەم کردەوەگەلەی ڕێژیمی ئێران جیا لەوەی کە هیچ خزمەتێک بە تەبایی و پێکەوە ژیانی سەردەمیانەی گەلانی ئێران ناکەن، ڕاست بە پێچەوانە، هەوێنی ئاڵۆزی و ناتەبایین و زەمینەی جیاخوازی و لێکدابڕان لە داهاتوودا پێک دێنن.
بەپێی زانیارییە ستاتیستیکییەکان، زیاتر لە ٦٠ لەسەدی منداڵانی ئێران لە خوێندن بە زمانی دایکی بێبەش کراون. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە یاسای بنەڕەتیی دەسەڵاتی ئێران لە چەند بڕگەدا بە ڕوونی ڕێگەی خوێندنی بە زمانی دایکی، وێڕای دابینکردنی خەرج و پێداویستییەکان بۆ منداڵانی ئێران بەبێ جیاوازی ئاوەڵا هێشتۆتەوە. کەچی بەو حاڵەش دەسەڵاتداران بە هیچ جۆر پێملی ئەو ڕاستییە نابن کە زمان میراتێکی سروشتی و مەعنەویی مرۆڤە و نابێ هیچ یاسا و ڕێسایەکی ئاسمانی و ئینسانی ڕێگە بدەن کە مرۆڤ لەو نێعمەتە بێبەش بکرێت. یان ئەگەر داگیرکەران پێیان وایە کە وەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد دەبێتە هۆی تەفروتوونابوونی کۆشکی دەسەڵاتەکەیان، بە دڵنیایی هەتا ڕێگری زیاتر بکەن، مەودای گەیشتن بەو ڕۆژەیان لێ کورتتر دەبێتەوە.
قوتابییان! بنەماڵە بەڕێزەکان!
زمانی کوردی وەک زمانی دایکیی ئێمەی کورد، یەکێکە لەو زمانانەی کە بە درێژایی مێژوو لەلایەن داگیرکەرە جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی بێڕیزیکردن و بێهێزکردنی دراوە. ئەوان باش زانیویانە پەنجە لەسەر چی دابنێن و لە کامە بنەما بدەن. ئەوان باش دەزانن، زمانی کوردی یەکێکە لەو گرنگترین ئامرازانەی کە ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی هەستی هاوپێوەندی و ڕۆحی هاوبەشی مێژوویی. ئەوان باشیان زانیوە کە بەهێزبوونی زمان واتە بەهێزبوونی توانای داهێنان و پەروەردەکردنی کەسایەتیی بەهێز. ئەمەش واتە خۆبەدەستەوەنەدان و خۆ بەکەم نەگرتن. بە درێژایی مێژوو بەشێکی پرۆژە و پلانی داگیرکەران بریتی بووە لە لەناوبردنی ئەم زمانە، بەڵام بە خۆشییەوە، سەرەڕای ئەو هەموو زوڵم و زۆر و ڕێگرییانە، کەچی هێشتا گەلەکەمان قورس و قایم لە پشتی ڕاوەستاوە و وەک زمانێکی بەبڕشت، لە توێی ئەدەب و زانستە جۆراوجۆرەکاندا دەربڕین، داهێنان، ئارەزوو، ویست و هەستە جوانەکانی خۆیانی پێ دەردەبڕن. ئەمەش بێگومان بەرهەمی دەرەنجامی شەونخوونی و خەباتی بێ وچانی هەموو تاکە خەباتگێڕەکانی ئەم نەتەوەیەیە. لەم ناوەدا نابێ نەخشی مامۆستایانی شورشگێڕ لەبیر بکەین کە بە هەوڵی بێ وچانی خۆیان پارێزەرانی ڕاستەقینەی زمانی دایکیی خۆیان بوون لە ناوەندەکانی خوێندن و قوتابخانەکاندا سەریان بۆ پیلانە نێگریسەکانی دەسەڵاتی زاڵم و داگیرکەر نەوی نەکردووە. هەروەک دەبینین، ئەم ڕۆژانە ڕاپۆرت و هەواڵی چالاکییەکانی مامۆستایانی مافخوازی کوردستان لە سەرتۆپکی میدیاکاندا وەک بزووتنەوەیەکی بەهێزی مەدەنی دەبێنرێن. ئەوان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە داوای مافەکانی خۆیان لە دژوارترین بارودۆخدا دەکەن و لەو میانەدا ڕووبەڕووی گەلێک گوشاری جۆراوجۆری دەسەڵاتی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیهـ بوونەتەوە، کەچی لەناو داواکارییەکانیاندا مافی قوتابییان و بنەماڵەکانیان لەبیر نەکردووە و بە بەرزکردنەوەی دروشمگەلێکی وەک: «خوێندن بە زمانی دایکی، خوێندنی بەخۆڕایی، دروستکردنی قوتابخانەی سالم، بەرابەریی ڕەگەزی، نا بۆ قوتابخانەی تایبەتی» پێداگرییان لە مافەکانی قوتابی و کۆمەڵگە کردووە. هەر بۆیە ئەرکی سەرەکیی قوتابی و بنەماڵەکانیانە کە بە جیددی و لە مەیدانی کردەوەدا پشتگیری لە پرۆسەی نارەزایەتییەکانی مامۆستایانی خۆیان لە کوردستان بکەن.
لە کۆتاییدا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، پیرۆزبایی لە هەموو ئاخێوەرانی زمانی کوردی و هەموو زمانە جیاوازەکانی دیکە دەکەین و سەری ڕێز و نەوازش بۆ ئەو تێکۆشەرانە دادەنەوێنین کە بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک و لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا، بە وەرەیەکی بەرز و بە ئیمان بە بەرابەری و یەکسانی، خزمەتیان بە زمانی کوردی کردووە.

**یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران**
**کۆمەڵێک ڕێکخراو و ئەنجوومەنی فیرکاری و فەرهەنگی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**٢٧٢١ی کوردی**

## وێبینیارێک بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە ڕۆژاوای کانادا بەڕێوە چوو

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندان بەبۆنەی ٧٦ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە دەستی پێشەوا «قازی محەممەد» و بە ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، کۆمیتەی حیزب لە ڕۆژاوای کانادا وێبینارێکی بە بەشداریی «ڕۆستەم جەهانگیری» بەرپرسی دەزگای چاودێری و بەدواداچوونی حیزب و ژمارەیەک لە ئەندامان و دۆستانی حیزب بەڕێوە برد.
وێبینارەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەمان دەستی پێ کرد و دواتر بەڕێوەبەری کۆڕ «ئیسماعیل ئیبراهیمی» بە کورتی لەسەر پیرۆزییەکانی کۆمار دوا.
پاشان «سەعدی عەبدی» بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ڕۆژاوای کانادا، پەیامی کۆمیتەی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد و وێڕای پیرۆزبایی و ڕێزگرتن لە یادی کۆمار و ڕچەشکێنی و پێشەنگیی حیزبی دێموکرات، پەیمانی وەفاداری بە ئامانجەکانی کۆمار و ڕێبازی ڕێبەرانی شەهیدی نوێ کردەوە و هیوای خواست ڕاسانی پیرۆزی نەوەی نوێی خەبات، بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی هەنگاوەکان بەرە و سەرکەوتن خێراتر بکەن.
دواتر «ڕۆستەم جەهانگیری» بەرپرسی دەزگای چاودێری و بەدواداچوون، لەسەر کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لە چوارپارچەی کوردستان بۆ بەشداربووانی وێبینارەکە دوا و تیشکی خستە سەر خەباتی شاخ و شار و گرینگی و پیرۆزیی خەباتی پێشمەرگانە و ڕۆڵی تاراوگەنشینان لەو پەیوەندییەدا کە دەبێ تاراوگە بکرێتە سەنگەری پشتیوانی لە خەباتی شاخ و شار و پشتیوانی بەردەوامی ڕاسان.
لە درێژەدا «ئەردەڵان بێهرووزی» بەرپرسی ڕێکخستنی هەرێمی باکووری ئامریکا وێڕای پیرۆزبایی ٢ی ڕێبەندان، بە کورتی لەسەر گرینگیی کاری کۆمیتەکان و بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی لەپێناو درێژەدان بە ئامانجەکانی گەلی کورد بۆ ئامادەبووان دوا.
پاشان «کیوومەرس بێیگی» بەرپرسی ڕێکخستنی کۆمیتە، بەبۆنەی ئەو ڕۆژە مێژووییە پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی بەشداربووانی وێبینارەکە کرد.

## درێژەی پەیڤ

لێ دەکا کە ڕۆڵەکەتان لە ڕیزی خەبات دوور بخەنەوە! لەوە دڕندانەتریش باوك و برا و دایك و خوشکی ئەم گیانفیدایانەی سەنگەری خەبات، بانگ دەکا و دەسبەسەریان دەکا و بە بیانووی نابەجێ زیندانییان دەکا و لە ئەشکەنجەگاکانیدا ئازاریان دەدا تەنیا بۆ ئەوەی ئیرادەی خەباتکاران بەچۆکدا بێنێ!
ئەم مۆدێلە لە دڕندەیی کە لەوپەڕی بێشەرمیدا بەڕێوەی دەبا، نەك لە نێو ئاژەڵاندا هیچ نموونەیەکی نییە، بەڵکوو لە شەڕی بەربەرەکان و هێرشی هارەکانی داریووشی هەخامنشیشدا هاوتای نەدۆزراوەتەوە؛ هەر بۆیە فەرهەنگی وشەدانی مرۆڤایەتی کاتێك دەڕوانێتە کردەوەکانی حاکمانی تاران، بە سەرسووڕمانەوە سەیریان دەکا!

# دووڕێیانی ڕووخانی ڕێژیمی ئێران

چیا عەلیار



لە بەر بەری ٢٢ی ڕێبەندان و ٤٣ ساڵ حکومەتی ئیسلامی لە ئێران ئەگەر کورتەئاوڕێک لەو ماوەیە بدەینەوە و ئاماژەیەک بە ژمارە و ئامارەکان بکەین و چاوێکی خێرای پێدا بخشێنین بە بێ ئەوەی زێدەبێژی تێدا بێ و دووپاتکردنەوەی ڕابردوو بێ، پێمان دەڵێ کە هەموو نیشانەکان بەرەو ئەوە دەڕوات کە ئەو ڕێژیمە هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوە مەشروعیەت و ڕەوایی خۆی لە دەست داوە و بەرەو ڕوخان دەڕوات.

حاشا لەوە ناکرێ کە بێجگە لە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە شێلگیرانە و بەهۆی بوونی هێزە سیاسییەکانییەوە و ئاگادارکرنەوەی خەڵک هەر لە سەرەتاوە نێوەڕۆکی ڕێژیمیان ناسی و «نا»یان پێ گوت، بەڵام لە باقی شوێنەکانی تر لە ئێران بە هۆی لێکگرێدانی مەزهەبی، خەڵکانێک لە سەرەتاوە ،ئەگەرچی بە ڕواڵەتیش پشتیوانی ڕێژیم نەبایەن، بەڵام لە دڵەوە لەگەڵ حکومەتێکی شیعی ویلایەتی فەقیهی کێشەیەکی ئەوتۆیان نەبوو بەڵام ئەو ڕەوتە ئەوڕۆ ڕێک پێچەوانەیە! کێشەی دەسەڵات و باندە مافیاییەکانی سوپای پاسداران، گەندەڵی و دزی و فەساد لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدا و تەخشان و پەخشانکردنی میلیاردها دۆلار بۆ پشتیوانی تێروریزمی نێودەوڵەتی و خانووسازکردن لە لوبنان و فەلەستین و سوریە و ... بە جێگای ئێران بووەتە مێتۆدی سەرەکی کار و چالاکییەکانی ڕێژیم؛ ئەمەش لەحاڵێکدایە کە خەڵکانی ئێران لە ژێر باری گرانی و بێکاری و هەژاری و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەناڵێنن.

ئیتر لە کەس شاراوە نییە و لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە ڕێژیمیش دروشمەکانی خەڵك دەبیسترێن کە ئەو ڕێژیمە تەنانەت بە کەڵ وەرگرتن لە ئایین بۆ فریودانی خەڵکەکەش نەیتوانیوە فریای بکەوێ و تا سەر نەبووە.

ڕەنگە ئەو پرسیارە لێرەدا بێتە گۆڕێ کە ئەدی چۆنە بە نەمانی ئەو متمانە و ڕەواییەی کە گەرەنتی لەسەرحوکممانەوەی دەسەڵاتێک دەکات تا ئێستا خۆی ڕاگرتووە!؟

لە وڵامدا دەتوانین بڵێین هەموو حکومەتە دیکتاتۆر و ملهۆڕەکانی جیهان وەک ڕێژیمی ئێران بەهۆی زەبروزەنگ و فشارێکی توندی پۆلیسی و کپکردنی بچوکترین دەنگی ناڕازی بۆ ماوەیەک دەتوانن خەڵک بێدەنگ بکەن بەڵام وشیاری خەڵك بە تایبەت ئێستا بەهۆی هەبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و دیتنی جیهانی دەوروبەریان و ئاسایش و ئارامی و کار و ژیانی خۆش لە وڵاتانی بچوکی عەرەبی دراوسێی ئێران (ئەگەر ئاماژە بە ئوروپاش نەکەین) ئیتر لە کەس شاراوە نییە.

بڵاوبوونەوەی فایلی دەنگیی فەرماندە گەورە و پلەبەرزەکانی سوپای پاسداران لەمەڕ فەساد و دزی نێوخۆییان، بڵاوبوونەوەی نامەکانی دەزگا ئەمنیەتییەکان کە هوشداری دەدەن ئاستی ناڕەزایەتی وا بەرز بۆتەوە کە کۆنترۆڵ ناکرێ، وتەی نوێنەرانی مەجلیس کە بە ئاشکرا دەڵێن خەڵك ئێمەی ناوێ و بەردبارانمان دەکەن، سەرەڕای فشاری نێودەوڵەتی دژی سەرەڕۆیی و بەرنامەی ناوکی و موشەکی ئەو ڕێژیمە ئیتر شک و گومانێک ناهێڵێتەوە بۆ کەس کە ڕێرەوی ڕێژیم بەرەو ڕوخان دەڕوات.

زۆر جار باسی سازانی ڕێژیم لەگەڵ ڕۆژاوا دەکرێ بەڵام ئەو سازانە ئەگەر بشکرێ سازانێکی کاتییە، بەو هۆیەوە کە هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی و بناغەی ئەو ڕێژیمە لە سەر تیرۆر و کوشتار و تێرۆریزم دامەزراوە کە پشتیوانی لە حیزبوڵلای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن و میلیشیاکان لە عێراق و حەماس و باقی گروپە تروریستییەکانی دیکە بە دژی ڕۆژاوا بکات، ئەگەر ئەو دژایەتییە نەمێنی ئیتر ماهیەتی ئەو ڕێژیمەش نامێنێ، ئەو متمانە و جێباوەڕییەی کە ئێران هەیەتی لای تیروریستانی ئاماژە پێکراو، ئەویش نامێنێ، بۆیە ئەو دووڕێیانەی ئێران ئێستا گیری خواردووە تێیدا، هەردووکیان بەرەو هەڵدێری دەبات.

یا سازان لەگەڵ ڕۆژاوا و نەمانی ئەو پێگەیەی لە نێو تیرۆریستاندا! هەروەها و لە نێو خۆیدا تووشی داڕمانی دەکات، یا نەسازان و پەرەپێدان بە بەرنامەی ئەتۆمی کە ئەوکات ڕەنگە بە زەبری هێزی وڵاتان بڕووخێ.

لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی زاڵ بەسەر ئێران هەم بە کەڵکاوەژوووەرگرتن لە ئاییـــنزای شیعە، نێوخۆی وڵاتی فریو داوە و هەم بە هێنانەکایەی دوو ڕەوتی سازکراو بەناوەکانی توندئاژۆ و ئیسلاحخواز، توانی کڵاو لە سەری جیهان دابنێ.

ئێستا کە دەستی هەم بۆ نێوخۆ ڕوو بووە و کـــێشەی خواردن تەنانەت گەیشتووەتە لوتکەی دەسەڵات و لە نێو فەرماندە پلەبەرزەکانی سوپای پاسداراندایە و هەر کەسێک لە بیری خۆیدایە، ئەو کەتوار و ڕاســـــتییە لە هەموو کاتێک زیاتر دەرکەوتووە کە کۆتاییەکانی تەمەنی نگریسی ئەو ڕێژیمە نیزیک و نیزیکتر بووەتەوە، ئەمەش لای ئەم بەناوبەرپرسانە بەتەواوی ڕوون بووەتەوە؛ هەر بۆیەشە کە دەبینین هەر جارەو لە شوێنێکی ئەم پێکهاتە دژەمرۆییە نهێنییەک دەدرکێ و زانیارییەک ڕوو دەبێت.

هاوکات لە دەرەوەش و لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشدا ئیتر ئەو کایەیەی ڕێژیم کڕیاری نەماوە کە گوایە لە ئێراندا کەسانێک بەناوی ئیسڵاحخواز بوونیان هەیە کە ڕەخنەگری لایەنی توندئاژۆن و هیوایەک بە چاکسازی و گۆڕینی کردار هەیە! هەر بەو هــــۆیەشەوەیە کە خامنەیی بە دانانی کەسێکی وەک ڕەئیسی بەناوی سەرکۆمار، دواییـن هەوڵی خۆی دەدات کە دەوڵەتێکی یەکدەست و فەرمانبەری سەتاسەدی خۆی بێنێتە سەر کار کە لە هەر ئەگەرێکدا ئەوەندەی بۆیان دەکرێ بە کوشتار و هێزی سەرکوتکەر، پێشی ناڕەزایەتی خەڵك بگرن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرابوونی جاسوس و سیخوڕی وڵاتان لە نێو بەهێزترین دەزگا ئەمنـــــیەتیەکانیان و سوپای پاسداران (بە قسەی ئەحمەدی‌نژاد و بەرپرسی پێشوی وەزارەتی ئیتلاعات کە گوتی "جاسوسانی ئیســــرائیل لە بەرزترین ئاستدان کە هەموو بەرپرسانی پلە بەرزی نیزام دەبێ لە خۆیان بترسن")، ئیتر ئەو مەجال و دەرەتانەشیان بۆ نەماوە و فرۆفیشاڵەکانیان لەپیوەندی لەگەڵ هەبوونی ئەمنیەتی سەقامگرتوو زۆر کەمڕەنگ و تەنانەت بێــــڕەنگ بۆتەوە و هەر بەم هۆیەشەوە دەبینین کە توانای سەرکوتی خەڵکیشیان بەو شێوەیە نەماوە کە لە ڕابردوو هەیانبوو.

## کوردستان و شۆڕشی گەلانی ئێران

ئەوەی بۆ ئێـــــمە گرینگە، کوردستان و ئەزمونێکە کە لە ٤٣ ساڵ حاکمیەتی ئەو ڕێژیمە و داگیرکردنی خاکمان وەدەستمان هێناوە. هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە هەم هێـــزی جەماوەری و هەم پێشمەرگەیان هەیە بۆ کۆنترۆڵی کوردستان ڕەنگە ئەو دەرفەتەیان هەبێ کە ئاسایش و ئارامی لە پاش ڕوخانی ڕێژیم زیاتر و زووتر مسوگەر بکەن؛ ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، بەڵام بەو مەرجەی کە هەر لە ئێستاوە هێزە سیاسییەکانمان خۆیان بۆ ئەو ئاڵوگۆڕە ئامادە بکەن و یەکدەنگ و یەکگرتوو پلانی ئیدارەکردنی کوردستان دابڕێژن، هێزی پێشمەرگەیان ڕێکوپێک بکەن تا کاتێک کە حکومەتێکی یاسایی بە بێ گوێدان بەوەی ئێران دەڵێ چی یا ناڵێ چی، بۆ کوردستان دابمەزرێنن کە لەودا یاسا سەروەر بێ.

کـــورد دەبێ ئەو ئەزمونانەی هەم لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕێژیم لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەم لە ئێستای دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان وەرگرتبێ، کە زامنی سەرکەوتنمان یەکەم: یەکدەنگی و یەکگرتوویی خۆمانە و پاشان ئەوەی لەگەڵ هێز و لایەنەکانی دیکەی ئێرانی زۆر بەئەسپایی مامەڵە بکرێ و کێـــــشەی ئەوانیتر نەکەینە کێشەی خۆمان و ئەو خاڵە جەوهەرییەمان هەموو دەمێک لە پێش چاو بێ کە بەرژەوەندییە باڵا نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، گرینگترین ویست و هەوڵی ئێمەیە.

**بڵاوبوونەوەی فایلی دەنگیی فەرماندە گەورە و پلەبەرزەکانی سوپای پاسداران لەمەڕ فەساد و دزی نێوخۆییان، بڵاوبوونەوەی نامەکانی دەزگا ئەمنیەتییەکان کە هوشداری دەدەن ئاستی ناڕەزایەتی وا بەرز بۆتەوە کە کۆنترۆڵ ناکرێ، وتەی نوێنەرانی مەجلیس کە بە ئاشکرا دەڵێن خەڵک ئێمەی ناوێ و بەردبارانمان دەکەن، سەرەڕای فشاری نێودەوڵەتی دژی سەرەڕۆیی و بەرنامەی ناوکی و مووشەکی ئەو ڕێژیمە ئیتر شک و گومانێک ناهێڵێتەوە بۆ کەس کە ڕێرەوی ڕێژیم بەرەو ڕووخان دەڕوات**

**ڕێژیمی ئێران ڕێگای سێهەمی نییە یا سازان و یا نەسازانە کە یەکیان لە نێوخۆوە دەیڕوخێنێ و ئەوی دیکەش لە دەرەوە دەیڕوخێنێ؛ ڕێژیمی ئێران لە یەکیەتی سوڤیەت نە گەورەترە و نە بەهێزتر، کە بەو هەموو چەکە ئەتۆمییەوە و هێزی سەرکوتی ک گ ب و هێژمونییەکەی کە نیوەی جیهانی داگرتبوو ڕوخا و ئەمڕۆ لە لاپەڕەکانی مێژوودا تەنیا باس لە شکۆ خەیاڵییەکەی دەکرێت؛ ڕێژیمی ئیسلامیش بەرەو ڕوخان دەڕوا و لە لێواری مەرگدایە و بە دوور نازانرێت**

بە یەکگرتوویی پارێزگاری لە کودستانێکی پان و بەرین و پشتیوانی لە ناوچەکانی لوڕستان و بەختیاری کە هاوسنوور و ستراتیژین بۆ ئێمە، لەگەڵ بەهێزکردنی خۆمان، ئەولەویەت و سەرەتیی کاری هەموو ڕێکخراوەکان و حکومەتی داهاتوومان بێت.

هەڵبەت بەو مەرجەی کە ئێرانی فرەنەتەوە بەو قەوارەیەی ئێستای بمێنێتەوە و تووشی لێکترازان نەبێ کە ئەوەش بە دوور نابیندرێ، کە ئەو باسە زۆر هەڵدەگرێ و لەو کورتەوتارەدا ئاماژەی پێ ناکەم.

## لە ٤٣ ساڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا

بێکاری لەوپەڕی خۆیدایە؛ بە پێی ئامارەکان سەتا حەفتای خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە ناڕازیە و بەشێکیش بەهۆی بازرگانییەوە گرێدراوی ڕێژیمن دەنا هەر ناڕازین. خەڵکانی ئێران بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی سەرەڕای گرتن و کوشتنە بەردەوامەکانی تاران چاوکراوەتر بوونەتەوە و وەک ساڵانی پێشوو ترس و خۆفیان لە ڕێژیم نەماوە؛ جێژنەکانی نەورۆز و بۆنەکانی دیکە و دروشم و قسەکانی خەڵک لە دەیان شار و گوند، هێنانی ناوی قاسملوو و شەرەفکەندی وەک ڕێبەرانی خۆیان و بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە بۆنەکاندا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە کوردستان هەروا پێشەنگی ئازایەتی و ڕچـــەشکێنییە و حیسابێک بۆ داگیرکەر ناکات.

بەچەشنێک کە کاسەی سەبر و تاقەتیان پڕ و لێوڕێژ بووە و لە بچوکترین دەرفەتدا دامودەزگای داپڵۆسێنەر تێکوپێک دەدەن.

جاسوسی وڵاتان گەیشتوونەتە لوتکەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێران و گۆڕین و دەســـــبەسەرکردنی فەرماندەکانی سوپای پاسدارانیش دەردێکی خامنەیی دەوا ناکات و هەر کات ئەو دەوڵەتانە ئیرادە بکەن کاریتەی ڕزیوی ڕێژیم بە تەورێک دەڕوخێنن.

ڕێژیمی ئێران ڕێگای سێهەمی نییە یا سازان و یا نەسازانە کە یەکیان لە نێوخۆوە دەیڕوخێنێ و ئەوی دیکەش لە دەرەوە دەیڕوخێنێ؛ ڕێـــــژیمی ئێران لە یەکیەتی سوڤیەت نە گەورەترە و نە بەهێزتر، کە بەو هەموو چەکە ئەتۆمییەوە و هێزی سەرکوتی ک گ ب و هـــــێژمونییەکەی کە نیوەی جیهانی داگرتبوو ڕوخا و ئەمڕۆ لە لاپەڕەکانی مێژوودا تەنیا باس لە شکۆ خەیاڵییەکەی دەکرێت؛ ڕێژیمی ئیسلامیش بەرەو ڕوخان دەڕوا و لە لێواری مەرگدایە و بە دوور نازانرێت کە مێژووی سۆڤییەت ئەمجارەیان لە ئێران دووپات ببێتەوە.

# سوپای پاسداران، سەرای جینایەتکار و گەندەڵکاران



ئەلبورز ڕۆئین تەن

ئاشکرابوونی فایلێکی دەنگیی بەرپرسانی ڕێژیم وەبیری خەڵک و میدیا دەهێنێتەوە کە سوپای پاسداران گەندەڵی دەکات! لە کاتێکدا گەندەڵبوونی سوپای پاسداران پێویستی بە ئاشکرابوونی فایل نییە و ڕاستییەکانی ژیان لە وڵاتی ئێران ئەوە بە ڕوونی دەردەخات.

موحسن سازگارا یەکێک لە دامەزرێنەرانی سوپای پاسداران، یەکەمین بیرۆکەی دامەزراندنی سوپای پاسداران بۆ ئەو کاتە دەگەڕێنێتەوە کە لە گوندی نوفێل لوشاتوی فەڕانسە لەگەڵ خومەینیدا لەوێ بوون. ناوبراو لە وتارێکدا لە ساڵی ۱۳۸۵ی هەتاوی واتە دوای ساڵێک لە دەرچوونی لە ئێران، لە ژێر ناوی «سپاه پاسداران و سه انحراف» باس لە ئامانج و چۆنیەتی دامەزرانی سوپای پاسداران دەکات و یەکەمین «انحراف» بۆ ئەو کاتە دەگەڕێنێتەوە کە گروپی موحسین ڕەزایی و هاوڕێیەکانی دەسەڵاتیان لە سوپا وەرگرت. چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئەوەی ئێستا لە سوپای پاسداراندا دەبیندرێت زۆر جیاوازە لەوەی کە لە سەرەتادا بۆی دامەزرا.

پێم وایە یەکەمین بەلاڕێداچوون، دامەزراندنی سوپایەکی لەو شێوەیە و بە پشتبەستن بە هێزێکی وەک سوپای پاسداران دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانە. دامەزراندنی خودی سوپای پاسداران و دروستکردنی دامەزراوەی پارالێل لەگەڵ دەوڵەت بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی تاقمی دەستەڵاتدار سەرەتای بەلاڕێداچوون هەژمار دەکرێت، چوونکە هەر لەوکاتەوە سوپای پاسداران وەک باسکی پێشێلکەری یاسا و تیرۆرکردنی جیابیران و ترساندن و تۆقاندن و لەنێوبردنی هێزەکانی دیکە کاری دەکرد.

لە یەکەمین ڕۆژی دامەزرانی سوپایەکی لەو شێوەیە تا بە ئەمڕۆ کە چل و سێ ساڵ لە تەمەنی ڕێژیم دەڕوات ئەو سوپایە بە سەروەت و سامانی گەلانی بندەست چڵ و پۆ زیاد دەکات و گەورە دەبێت. لەو ڕێڕەوەدا لە پەنا خزمەت کردن بە ئیدیۆلۆژیی دەسەڵات بۆ تیرۆر و سەرکوتی دژبەرانی ڕێژیم و هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە، وەک خەزێنەیەکی بێکۆتایی بۆ تاقمی دەسەڵاتدار و پارێزەرانی دەسەڵاتی تۆتالیتەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کار دەکات.

ئەوە ئەو ڕاستییەیە کە هەمووومان دەزانین پێویستی بە ئاشکرابوونی هیچ فایلێک ناکات، ئەگەر دوای چل و سێ ساڵ لە تەمەنی ڕێژیم و دیتنی کارنامەی سوپای پاسداران، تەنیا بە ئاشکرابوونی فایلێکی دەنگی لەو شێوە گەندەڵییەکانی سوپای پاسداران ببێتە ڕۆژەڤی میدیایی و سیاسی، بە جۆرێک تراژێدیای ڕۆژەڤی سیاسی ئێران نیشان دەدات.

> **لە یەکەمین ڕۆژی دامەزرانی سوپایەکی لەو شێوەیە تا بە ئەمڕۆ کە چل و سێ ساڵ لە تەمەنی ڕێژیم دەڕوات ئەو سوپایە بە سەروەت و سامانی گەلانی بندەست چڵ و پۆ زیاد دەکات و گەورە دەبێت. لەو ڕێڕەوەدا لە پەنا خزمەت کردن بە ئیدیۆلۆژیی دەسەڵات بۆ تیرۆر و سەرکوتی دژبەرانی ڕێژیم و هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە، وەک خەزێنەیەکی بێکۆتایی بۆ تاقمی دەسەڵاتدار و پارێزەرانی دەسەڵاتی تۆتالیتەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کار دەکات**

چونکە ئەو سوپایەی کە لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تا بە ئێستا بە ڕۆژی ڕوون و بێ هیچ سڵەمینەوەیەک خەڵک و جیابیران سەرکوت دەکات، تیرور دەکات، وڵات بە وڵات وێرانیی دروست دەکات، تەنانەت بەزەیی بە دامەزرێنەرانی خۆشی واتە کەسانی وەک «لاهووتی» و سەدان فەرمانەدەی دیکە کە بۆ قازانجی ڕێژیمیش بێت جیا لەوان بیر بکاتەوە ناکات و لە سەر ڕێگای خۆی لاببات، گەندەڵی و دزی لە سەروەت و سامانی وڵات زۆر بە ئاسانی دەیکات وەک ئەوەی هەر هیچ بابەتێک ڕووی نەدابێت. تەنانەت ئەو گەندەڵییە وەک پێداویستییەک و بەشێک لە سیاسەتی ڕێژیم بۆ هاندانی بەرپرسانی سوپا و دەوروبەرانی ئەو سوپایە هەژمار دەکرێت تا لە سەرکوتی خەڵک و پاراستنی ڕێژیم بەردەوام بێت.

> **ئەمڕۆ ئیتر نابێ ڕۆژەڤی خەڵک ئەوە بێ کە سوپای پاسداران گەندەڵە، یا قەبارەی ئەو گەندەڵییە چەندە بەڵکوو پێویستە ڕۆژەڤی سەرەکی ئەوەبێ کە چۆن لە دەستی ئەو گەندەڵکارە جینایەتکارانە ڕزگار ببین، چۆن بتوانین دوای ئەوانە بە چەسپاندنی دێموکراسی و دامەزراندنی دامەزراوەی نیشتمانی و یاسایی ژیانێکی ئازاد و خوشگوزەران بۆ خەڵک پێک بهێنین، بەڵێ ڕاستە ئەوانە بە ئاسانی دروست نابن، بەڵام بە بێ ڕووخانی ڕێژیمیش قەت دروست نابن**

وێڕای هەمووی ئەو ڕاستییانە شرۆڤەی گفتوگۆی نێو ئەم فایلە دەنگییە کە لە نێوان جەعفەری و زولقەدر واتە باڵاترین بەرپرسانی سوپای پاسدارانی ئەو کاتدایە، دەتوانێ تیشکی زیاتر بخاتە سەر دۆخی ئێستای ڕێژیم و وڵات، لە هەمان کاتیشدا وەبیرهێنانەوەیەکە بۆ ئەوەی زیاتر ڕوون ببێتەوە کە کۆماری ئیسلامی چۆن کار دەکات.

**یەکەم:** ئەوە یەکەم جار نییە فایلی لەو شێوەیە بڵاو دەبێتەوە؛ بەڵکوو هەر لە سەرەتاوە دەنگۆی جیاواز لە نێو خودی سەرانی ڕێژیم بە هۆکاری جیاواز لەمەڕ حوکمڕانی ڕێژیم و ناڕەزایەتی لایەن و کەسانێک دەبینین کە لە ئاکامی ئەو ناڕەزایەتییەدا دەکەونە بەر هێرشی تیرور و لەناوبردن؛ مەرج نییە ئەو ناڕەزایەتییە لە بەرژەوەندی خەڵکدا یا بنەمای فیکری هەبێت، بەڵکوو بەرژەوەندی ئابووری و پلە و پایە و تەنانەت ئێگۆی تاکەکانیش کە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێبڕکێ و دژایەتیکردنی یەکتر، بە سڕینەوە و لەنێوبردنی یەکتر کۆتایی دێت. لێرەدا مەنتقی کێ زیاتر دڕەندە بێت و بە فێڵ بتوانێ ئەویتر لە نێو بەرێت لە سەر حوکم دەمێنێتەوە و لە دەسکەوتەکانی دەسەڵات سود وەردەگرێت و بە کاریان دەهێنێت. لەنێوبردنی کوڕەکەی خومەینی و ئایەتوڵا تالقانی و مونتەزەری و لاهووتی و تەنانەت ڕەفسنجانی و هەزارانی دیکە نمونەی زیندووی ئەوشێوە کێبەڕکێیەن کە لە نێو ڕێژیمدا هەیە.

ئەوەی پەیوەندی بە سوپای پاسدارانەوە هەیە، چەند ساڵ لەمەوبەر فایلێکی دیکەی سێ ساعەتە لە کۆبونەوەیەکی ساڵی ۱۳۶۳ی هەتاوی فەرماندەکانی سوپای پاسدارن لەگەڵ موحسین ڕەزایی بڵاو بۆوە، لەو فایلەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کەسانی وەک موحسینی ڕەزایی و داروودەستەکەی هەوڵی سڕینەوەی لایەنگرانی ئایەتوڵا مونتەزری لە نێو سوپادا دەدەن کە بە ناوی «کودتای خزندە» نێو سوپای پاسداران دەناسرێت.

بەشی هەرەزۆری ئەو کەسانەی کە لەوێ دژی موحسینی ڕەزایی قسەیان کردووە لەنێو براون یا هەڵاتوون کە یەکێک لەوان ئەکبەری گەنجییە کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژیت. بە ئاشکرابوونی ئەو فایلە جارێکی دیکە کێبەڕکێی نێوان تاکەکانی دەسەڵاتبەدەستی ئەو ڕێژیمە ڕوون دەبێتەوە، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە کێبەڕکێی ئەوان لە سەر بنەمای بەرژەوەندی خۆیانە و لە بەر ئەوەی مانەوەی ڕێژیمیش لە بەرژەوەندی هەموویانە هەموو هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی کێبەڕکێکەیان زیان بە پاراستنی ڕێژیم نەگەیەنێت. تەنانەت ئەگەر لە بەشێک لەو کێبەڕکێیەدا باس لە خەڵک و دژایەتی گەندەڵی ئەو بابەتەش بکرێت تەنیا بیانوون بۆ ڕاکێشانی دەنگی خەڵک بە لای خۆیاندا.

**دووهەم:** گەندەڵی لە نێو ڕێژیم بەشێکی دانەبڕاوی ڕێژیمە، لە سەرەوە بۆ خوارەوە هەر کەسەو هەوڵ دەدات بەشێکی بۆ خۆی بچڕێت، واتە بەر لە هەموو کەسێک خامنەیی و دامەزراوەی «بیت رهبری» پشکی شێریان وەبەردەکەوێت و دواتر شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو هەموو دەزگاکانی ئەو ڕێژیمە. ڕێژیم ناتوانێ و نایهەوێ پێش بەو گەندەڵییە بگرێت، چونکە ئەوکات یەکێک لە فاکتەکانی پاراستنی ڕێژیم بۆ ئەو تاکانە نامێنێ، واتە دەبێت بەرپرسانی ڕێژیم لەو سەروەت و سامانە هەر یەکەو بەڕێژەی خۆیان شەریک بن بۆ ئەوەی بە سەرکوت و تیرۆر و کوشتن بەرگری بکەن لە ڕێژیم.

لە بەرانبەریشدا یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیم بەرگری سەرانی ڕێژیم لە لەدەستچوونی ئەو سەروەتەیە، جا خەڵک هەژارە یان نا گرینگ نییە! گرینگ ژیانی لوکس و لاکچێری تاقمی دەسەڵاتبەدەستە کە هەموو نیعمەتەکانی ژیانیان بە سەردا دەبارێ. تەنانەت ئەگەر ناکۆکییش لە نێوانیاندا دروست دەبێت، ناکۆکییەکە لە سەر ئەوەیە کە کێ چەندی وەبەردەکەوێ، لەو فایلەدا بەڕوونی دیارە باس لەوە ناکرێ کە گەندەڵی نەبێت، بەڵکوو باس لەوە دەکرێ بۆچی هەندێک زیاتر دەیبەن و هەندێکی تر کەمتر وەبەریان کەوتووە.

**سێیەم:** قەبارەی گەورەیی ئەو گەندەڵییەیە. لەو فایلەدا ئاوا بە ئاسایی باس لە هەزار میلیارد تمەن دەکرێت هەر وەک ئەوەی ژمارەیەکی زۆر کەم بێت.

وتەبێژی سوپای پاسداران وێڕای دانان بە ڕاستییەکانی ئەو فایلە گووتی، ئەو باسانە پەیوەندییان بە یەکێک لە کۆمپانیاکانی سوپای پاسدارانەوە بووە و لە گەڵ ئەو کەسانەش هەڵسوکەوتی یاسایی کراوە.

ئەو قسەیە بۆ خۆی دانپێدانانێکە کە دەری دەخات قەبارەی گەندەڵی لە سوپای پاسداران و ڕێژیم چەندە گەورەیە، چونکە ئەو کۆمپانیایەی کە وتەبێژی سوپا باسی لێوە دەکات و ناوی هاتووە «هولدینگی یاسە» کە تەنیا یەک گەندەڵی ئەو کۆمپانیەیە نزیک ۱۳ هەزار میلیارد تمەنە. ئەگەر ئەوە تەنیا یەک گەندەڵی لە یەک کۆمپانیا لە سەدان کۆمپانیای گەورەی سوپای پاسداران بێت، سوپای پاسدارانیش تەنیا بەشێک لە بەشی لەشکریی ئێران بێت، بەشی لەشکری تەنیا یەکێک لە سێکتۆر و بەشە جیاجیاکانی ڕێژیم بێت، ئەی قەبارەی گەندەڵی ڕێژیم چەندە؟


ئەوەی زیاتریش ئەو فایلە بۆ خەڵک سەرنجڕاکێشتر دەکات ئەو بەشەیە کە قەبارەی ڕانت و گەندەڵی ئەوەندە گەورەیە تەنانەت لە دەرەوەی هێزی خەیاڵی خەڵکە.

لە لایەکی دیکەوە قەبارەی درۆ و فێڵ و فریوی تاقمی دەسەڵاتدار بۆ هەموو لایەک ڕوون دەبێتەوە، ئەو بەرپرسانەی ڕێژیم کە بە جلوبەرگێکی سادە کە لە حزوری خەڵک و میدیاکان ئامادە دەبن و باس لە فیداکاری و خاکەڕایی و ئیخلاس و بابەتی دیکە دەکەن، تەنانەت باس لەوەش دەکەن کە دەبێ خەڵک هەژار بن بۆ ئەوەی پێکەوە بەرگری لە «عزت نفس» ڕێژیم و ئیسلام و هتد بکەن، یا ئەوەی کە خومەینی شۆڕشی بە شۆڕشی هەژاران بە دژی ملهۆڕان ناو دەبرد، لە ڕاستیدا نەک بوونی نییە، بەڵکوو ئەو پاسدارانە بە جلوبەرگێکی سادەوە هەزاران هەزار میلیارد لە سامان و سەروەتی خەڵک دەدزن و ژیانێکی لوکس بۆخۆیان دروست دەکەن، کە ڕێژەی ئەو ژیانە لاکچێرییە تەنانەت لە هێزی خەیاڵی خەڵکیش گەورەترە. هەموو تێچووی ڕێژیم بۆ ئەوەی لە کەسانی وەک قاسم سلێمانی پاڵەوانیکی فارسی شیعە دروست بکات، بە یەک فایلی لەو شێوەیە پووچەڵ دەبێتەوە و دەردەکەوێ کە ئەوان پاڵەوانی دزی و تاڵان و گەندەڵی و تیرۆرن.

ئەمڕۆ ئیتر نابێ ڕۆژەڤی خەڵک ئەوە بێ کە سوپای پاسداران گەندەڵە، یا قەبارەی ئەو گەندەڵییە چەندە بەڵکوو پێویستە ڕۆژەڤی سەرەکی ئەوەبێ کە چۆن لە دەستی ئەو گەندەڵکارە جینایەتکارانە ڕزگار ببین، چۆن بتوانین دوای ئەوانە بە چەسپاندنی دێموکراسی و دامەزراندنی دامەزراوەی نیشتمانی و یاسایی ژیانێکی ئازاد و خوشگوزەران بۆ خەڵک پێک بهێنین، بەڵێ ڕاستە ئەوانە بە ئاسانی دروست نابن، بەڵام بە بێ ڕووخانی ڕێژیمیش قەت دروست نابن.

# گرینگیی دێموکراسی و بازاڕی ئازاد لە ئابووریدا

فەرهاد سلێمانپوور



لە ئابووریدا بەپێی پێویستی دوو جۆرە شمەک هەیە؛ شمەکی تایبەتی و شمەکی گشتی. شمەکی تایبەتی (Private Goods) بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی بەکاربردنی ڕۆژانەی خەڵکە و لە بازاڕدا دیاریی دەکرێن و بۆ مەبەستی قازانج بەرهەم دەهێنرێت. بەرهەمهێن بەپێی حەز و خواست و سەلیقەی بەکاربەر شمەک بەرهەم دەهێنیت. بەکاربەر بەپێی جۆری شمەک، مارکە، نرخ، بڕ و فرۆشیار شمەک دەکڕێت، واتە خواستەکەی بەپێی ئەو چەند فاکتەرەیە، بەرهەمهێنەریش دەبێ ئەم فاکتەرانە لەبەرچاو بگرێت، دەنا مایەپووچ دەبێ و بەرهەمهێنی تر شوێنی پڕ دەکاتەوە، چونکە لە بازاڕدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەکاربەر ڕکەبەرایەتی هەیە، کەواتە لە بازاڕدا بەکاربەر باڵادەستە.

ئەم جۆرە شمەکە لە بازاڕدا دیاریی دەکرێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێواز لە ڕووی کوالێتی و نرخەوە بەرهەم بهێنرێن پێویستی بە بازاڕی ئازاد هەیە، یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بازاڕی ئازاد، بوونی ڕکەبەرایەتییە واتە ڕکەبەرایەتی نێوان کۆمپانیاکان وادەکات هەریەکەیان لە لای خۆیانەوە تا پێیان دەکرێ بە کوالێتییەکی بەرز و نرخێکی گونجاو بۆ بەکاربەر شمەکیان بەرهەم بهێنن. لێرەوەیە کە شمەک لە بازاڕدا زۆر دەبێ و لە قازانجی بەکاربەر واتە خەڵک دەبێت، ئەگەر ئەم ڕکەبەرایەتییە نەمێنێت، ئەوا قۆرخکاریی سەرهەڵدەدات و قۆرخکار، گوێ بە بەکاربەر نادات بۆیە کوالێتی شمەک کەم دەبێتەوە و نرخەکەشی گران دەبێت وەک چۆن لە پیشەسازیی ئۆتۆمبیلی ئێراندا هەیە.

کەواتە بۆئەوەی شمەکی تایبەتی بەرهەم بهێنرێت بازاڕی ئازاد پێویستە، کە ئەم لایەنە لە ئابووریی ئێراندا نییە و ئەوەی هەیە سپای پاسدارانە کە کۆنترۆڵی کاروباری ئابووری و کەرتی تایبەت و بەگشتی بازاڕی ئازادی کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتی ٢٠٢١ی دامەزراوەی هێریتەیج لە ئەمریکا کە ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی ڕێبەندان بڵاو کرایەوە، ئێران لە ڕووی ئازادیی ئابوورییەوە لە نێو ١٧٧ وڵاتدا پلەی ١٧٠هەمینی بەرکەوتووە و نمرەکەشی لە سەد، ٤٢,٤ بووە. ژمارەی ١٠٠ واتە ئازادترین و سفر واتە نائازادترین ئابووری. دۆخی ئازادیی ئابووریی ئێران تەنیا لە حەوت وڵاتی کۆریای باکوور، ڤێنێزۆئێلا، کوبا، سودان، زیمبابوێ، بۆرۆندی و ئەریترە باشترە. بەگشتی نەبوونی ئازادیی ئابووری ناهێڵێت کەرتی تایبەت گەشە بکات و ئابووری بکەوێتە سەر ڕاستەڕێی خۆی.

بەڵام جۆرێکی دیکەی شمەک شمەکی گشتییە (Public Goods) و لە بازاڕدا دیاریی ناکرێت. ئەم جۆرە شمەکانە وەک ئاسایش، ڕێوشوێنی یاسایی و دادوەری، ڕێگەوبان، خوێندن، تەندروستی، پێشگرتن لە قۆرخکاری و پاراستنی ڕکەبەرایەتی، پێشگرتن و کەمکردنەوەی پیسبوونی ژینگە و ... بۆ هەموو کەسێکە و کەسی لێبەدەر نییە. ئەم جۆرە شمەکانە لە بازاڕدا ناخرێنە ڕوو بەڵکوو خستنەڕوویان لە ئەستۆی حکومەتە. بۆچی حکومەت بەرهەمیان دەهێنێت؟ چونکە قازانجیان تیا نییە بۆ کەرتی تایبەت کەواتە لەبەرئەوەی کە تەنیا حکومەت دەیانخاتەڕوو، ئەوا پێویستی بە میکانیزمێک (ڕێککەوتنی سیاسی) هەیە تا بە باشترین شێوە بەرهەمیان بهێنێت.

لە بازاڕی ئازاددا بۆ شمەکی تایبەت ئەو میکانیزمە هەیە، ئەویش ڕکەبەرایەتییە لە ناو کەرتی تایبەتدایە بەڵام حکومەت تاکە لایەنی بەرهەمهێنی شمەکی گشتییە؛ ئەی دەبێ چ مکانیزمێک هەبێت تا حکومەت بتوانێ بە کارامەترین شێواز ئەو شمەکانە کە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی گشتین، بەرهەم بهێنێت؟

گشت خەڵک لە ڕێگەی باجەوە تێچووی ئەم شمەکانە دەدەن، بۆیە خەڵک مافیان هەیە و چاوکراوەشن کە بزانن پارەکەیان چۆن خەرج دەکرێت. ئەگەر چۆنییەتی و چەندییەتی ئەم بەرهەمانە باش بێت، ئەوا کاریگەریی لەسەر جۆری یەکەمی شمەک هەیە، واتە کەشی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی شمەکی تایبەتی دەڕەخسێنێت، ئەگەر جۆری شمەکی تایبەتیش باش بێت، ئەوا داهاتی خەڵک بەرز دەبێتەوە و باجی زیاتر بە حکومەت دەدرێ و شمەکی گشتیش باش دەبێت. وەک گوترا، گرووپی یەکەم میکانیزمی بازاڕی هەیە، بۆ گرووپی دووهەم کە لە بازاڕدا ناخرێنە ڕوو سیستمی سیاسی هەیە کە ئەگەر دێموکراتیک بێت، ئەوا حکومەتی باش و کارامەی لێدەکەوێتەوە کە ئەرکی بەرهەمهێنانی شمەکی گشتی بە کارامەیی بەڕێوە دەبات. لە سیستمی سیاسی دێموکراتیکدا فرە حیزبی، خەڵکی ڕووناکبیر، ڕاگەیاندنی ئازاد و چاوکراوە و ... هەیە کە لە کاتی هەڵبژاردندا لەسەر چۆنیەتی ئەم جۆرە شمەکە قسە دەکەن و خەڵک کام لای پێ باش بوو دەنگی پێ دەدات، لێرەدا خەڵک باش و خراپ لێک جیا دەکاتەوە و دەنگ بە باش دەدات، واتە حکومەتی باش هەڵدەبژێرێت؛ بەدیوێکی تریدا حکومەتی کارزان و شارەزا و لێهاتوو مەرجی بنەڕەتییە بۆ پێشکەشکردنی شمەکی گشتی. ئەی ئەگەر سیستمەکە دیمۆکراتیک نەبوو خەڵک دەبێ چی بکات؟ هیچ! ناچارە گوێڕایەڵی حکومەت بێت، وەک چۆن لە حکومەتی سۆسیالیستیدا هەیە، ئیتر لێرەدا کوالێتی ئەم بەرهەمانە گوێی پێ نادرێ، چونکە حکومەت دەیانخاتە ڕوو و هیچ میکانیزمێکیش نییە کە حکومەت والێبکات بە کارامەیی و کوالێتی باشترەوە ئەم ئەرکەی بەجێ بهێنێت.

کەواتە دێموکراسی میکانیزمە بۆ بەرهەمهێنانی کارامەی شمەکی گشتی. لە ئێراندا ئەم میکانیزمە نییە، بۆیە بەرهەمهێنانی شمەکی گشتی هەموو دەم بە ناکارامەیی و وەک پێویست نەبووە، ئاستی نزمی دۆخی خوێندنگەکان، نەخۆشخانەکان، ڕێگەوبان و ... نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵک دەیسەلمێنێ کە میکانیزمی نادیمۆکراتیکی سیاسی ناتوانێ وڵامدەری پڕکردنەوەی پێویستییە گشتییەکان بێت.

بەپێی ڕاپۆرتی یەکەی زانیاری ئیکۆنۆمیست (EIU) کە ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی ڕێبەندان بڵاو کرایەوە، ئێران لە ڕووی دیمۆکراسییەوە تەنیا لە وڵاتانی ئەفغانستان، میانمار، کۆریای باکوور، کۆنگۆ، ئەفریقای ناوەڕاست، سوریا، تورکەمەنستان، چاد، لائوس، گینە و تاجیکستان باشترە. لە نمرەی ١٠، یەک پۆینت نەوەد و پێنجی (١,٩٥) وەرگرتووە کە مانای ئەوەیە لە ڕووی دێموکراسییەوە لە وڵاتە هەرە خراپەکانی جیهانە. نۆروێژ نمرەی ٩,٧٥ی وەرگرتووە کە سەرتۆپکی وڵاتەکانە و ئەفغانستانیش ٠,٣٢ وەرگرتووە کە خراپترین وڵاتە لە ڕووی دێموکراسییەوە. سیستمی سیاسی کاریگەریی لەسەر سەرلەبەری ئابووری هەیە؛ بۆ نموونە، گەندەڵی کە کێشەیەکی بنەڕەتییە و ئەگەر چارەسەر نەکرێ گشت سەرچاوە مرۆیی و مادییەکان بە فیڕۆ دەدات، پێوەندی بە سیستمی سیاسییەوە هەیە و لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیشدا ئەمە بە جوانی دەردەکەوێت. بەپێی نوێترین ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکە کە لە سێشەممە پێنجەمی ڕێبەنداندا بڵاو کرایەوە، ئێران لە نێو ١٨٠ وڵاتدا پلە ١٥٠ی لە گەندەڵیدا هەیە، واتە لە ڕیزی وڵاتانی گەندەڵە، تەنیا چەند وڵاتێکی وەک کۆریای باکوور، ڤێنزۆئێلا، تورکەمنستان، عێراق، ئەفغانستان، سوریە، لوبنان و یەمەن لە ئێران خراپترن.

ڕێکخراوەکە بۆ گەندەڵی ژمارەی سفر تا ١٠٠ دادەنێت، تا لە ١٠٠ نزیکتر بێت بە واتای خاوێنترینە و ئەگەر لە ٠ نزیک بێت بە واتای گەندەڵترینە. لە ڕاپۆرتەکەدا باسی پێوەندی ڕاستەوخۆی دێموکراسی و مافی مرۆڤی لەگەڵ گەندەڵیدا کردووە و، ئەو وڵاتانەی کە ئاستێکی زۆر بەرزیان لە دێموکراسیدا هەیە وەک دانمارک، فینلاند، نیوزلەند، نۆرویژ، سەنگاپوور، سوید و سویس، ئەوا کەمترین گەندەڵییان تێدا هەیە، بەڵام ئەو وڵاتانەی کە سیستمە سیاسییەکەیان نادێموکراتیکە وەک ئێران، کۆریای باکوور، سووریا، یەمەن و ... زیاترین گەندەڵیان تێدا هەیە و گەندەڵییەکەشیان لە جۆری گەندەڵی سیستماتیکە.

بازاڕی ئازاد و دیمۆکراسی یەک لۆژیکیان هەیە، بەپێی ئەم لۆژیکە خەڵک بۆ باشترکردنی گوزەرانی هەوڵ دەدات، کەواتە ئەگەر هەڵبژاردن و بەشداریی خەڵک و بەگشتی دێموکراسی هەبێت، ئەوا ئابووری باشتر دەبێت واتە پێوەندییەکی ڕاستەوانە لە نێوان دێموکراسی و ئابووریدا هەیە، هەرچەندە دێموکراسی باشتر بێت، گەشەی ئابووری زیاتر دەبێت و زۆر لێکۆڵینەوەی ئاماری ئەمە دەسەلمێنن. ئەگەر حکومەت بە جوانی ئەم شمەکانە بەرهەم نەهێنیت، ئەوا خەڵک دەنگی پی نادەنەوە و یەکێکی تر هەڵدەبژێرن.

حکومەت جگە لەم شمەکە گشتییانە، ئەرکی دابەشکردنەوەی داهاتیشی (income redistribution) لە ئەستۆیە، لێرەدا بەشێکی حیزبەکان لە قازانجی خەڵکی کەمداهات و هەژار، داکۆکی لە دابەشکردنەوەی باج و داهات دەکەن، بەشێکی دیکەی حیزبەکانیش لەبەر هاندانی وەبەرهێنان، داکۆکی لە کەمکردنەوەی باج دەکەن.

**گشت خەڵک لە ڕێگەی باجەوە تێچووی ئەم شمەکانە دەدەن، بۆیە خەڵک مافیان هەیە و چاوکراوەشن کە بزانن پارەکەیان چۆن خەرج دەکرێت. ئەگەر چۆنییەتی و چەندییەتی ئەم بەرهەمانە باش بێت، ئەوا کاریگەریی لەسەر جۆری یەکەمی شمەک هەیە، واتە کەشی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی شمەکی تایبەتی دەڕەخسێنێت، ئەگەر جۆری شمەکی تایبەتیش باش بێت، ئەوا داهاتی خەڵک بەرز دەبێتەوە و باجی زیاتر بە حکومەت دەدرێ و شمەکی گشتیش باش دەبێت**

# پێوەندیی تاران و مۆسکۆ، ئێران بەرەو کوێ دەبات؟

نەکەرۆز

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە دروشمی دوژمنکارانەی وەک «نە شرقی نە غربی، جمهوری اسلامی» هاتە سەرکار و هەموو دنیای ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی بە بێدین و بێپڕەنسیپ و دژەئازادی و دژی بەها و کەرامەتی مرۆڤ ناو دەبرد و هەوڵی دەدا کە خۆی بکاتە ناوەندی بەختەوەرییەکانی مرۆڤ لە هەموو دنیادا و لەم چوارچێوەیەشدا دۆکتۆرینی هیلالی شیعی و هەناردەکردنی شۆڕشی دامەزراند کە لە هەناویاندا دەستەواژەگەلی وەک «داکۆکیکاریی لێقەوماو و هەژارانی دونیا»ی لێ کەوتەوە!

چەند ساڵ دواتر و لە ڕەوتی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراق و ئێران دەرکەوت کە هەموو ئەو قسانەی کە دەکران تەنیا هەندێک دروشمی نێوبەتاڵ و تەنیا بۆ هەڵفریواندنی خەڵکانی ئێران و بۆ دەستەبەرکردنی جۆرێک لە ڕەوایی و پێگەی کۆمەڵایەتی بووە و لەڕاستیدا نەتەنیا ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکان بێدین و بێپڕەنسیپ و دژەئازادی و دژی بەها و کەرامەتی مرۆڤ نەبوون بەڵکوو بەپێچەوانەوە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە بەناوی دین و ئەخلاق و پڕەنسیپ، ئازادییەکانی پێشێل دەکرد، کەرامەتی مرۆڤەکانی خەوشدار دەکرد و بەهای بە بێبایەخەکان دەدا و بێبایەخەکانیشی بەهادار نیشان دەدا!

لە ماوەکانی ڕابردوودا کە گرێبەستی ٢٥ ساڵەی نێوان ئێران و چین بە فەرمی دەستی پێکرد و وەک بەکاربەرانی دنیای خوازەکی باسیان لێوە کرد، ئێران بە کردەوە بووە کۆلۆنی ژێردەستی دەوڵەتی کۆمۆنیستی چین (دەوڵەتە کۆمۆنیستییە بێدینەکە!)

کۆماری ئیسلامی، وەک چاوەڕوان دەکرا نەتەنیا ئامادە نەبوو دان بە ڕاستییەکاندا بنێ بەڵکوو داکۆکییەکی هەمەلایەنەی لێکرد و وای دەنواند کە ئەم گرێبەستە لەڕاستای قازانج و بەرژەوەندی ئێرانە! هەڵبەت نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە پێناسەی سەرانی جەماران نەک هەر بۆ ئێران بەڵکوو بۆ هەموو هەمگەل (کائنات) هەر خودی خۆیەتی و هیچی تر، کەواتە ئەو قازانجەی کە باسی لێوە دەکەن قازانجێکە کە جەماران و دەزگای ویلایەتی لێی بەهرەمەند دەبێت.

لەئێستەشدا کە هێشتا کەفوکوڵی گرێبەستی ئاماژەبۆکراو نەنیشتووەتەوە، باسێکی نوێش هاتووەتە ئاراوە کە ئەویش بریتییە لە بەستنی گرێبەستێکی هاوشێوە بەڵام ئەمجارەیان لەگەڵ دەوڵەتی جیران واتە ڕووسیە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ! کە گوایە لە دواسەفەری ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ مۆسکۆ باسی لێوە کراوە.

لەو ڕووەوە کە بەدرێژایی مێژووی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیە، ئەم پێوەندییانە بێ گرێوگۆڵ نەبووە و پڕ بووە لە هەوراز و نشێو، ڕوونە کە ترس و دڵەڕاوکێیەکی لۆژیکی لای مرۆڤی ئاوەزمەند لەمبارەوە دروست دەبێ کە تۆ بڵێی گرێبەستی ئەمجارەش «تورکمانچای»یەکی تر یان «گوڵستان»ێکی تر نەبێ؟!

لەمبارەوە، واتە سەبارەت بە ڕووسیە کە پێشتر نوێنەری دژەخوداکان (!) بوو و ئێستە بووەتە وڵاتی دۆستی ئێران(!) ی ئیسلامی دە خاڵی گرینگ بوونیان هەیە کە دەکرێ مرۆڤ بیریان لێ بکاتەوە و بیانورووژێنێت:

١. ڕووسیە تاکوو ئێستە هیچ کات ئێرانی وەک هاوپەیمانی ستراتیژیکی خۆی لە قەڵەم نەداوە

٢. ڕووسیە هەموو کات ئێرانی وەک ئامرازێک بەکار هێناوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی خۆی لەگەڵ ئامریکا

٣. ڕووسیە لە بواری نەوت و گاز ڕکەبەرێکی سەرسەختی ئێرانە و دژی گواستنەوەی گازی ئێران بۆ ئوروپایە، چونکە ئەوێ بە بازاڕی فەرمی خۆی دەزانێ

٤. ڕووسیە لە شۆرای ئەمنیەتدا چەندین جار دژی بەرنامەی ناوکی ئێران دەنگی داوە و هەندێ لە بڕیارنامەکانیش بە پێشنیاری ڕووسیە دەرکراون

٥. ڕووسیە بەپێچەوانەی ئیددیعای تاران دژی ڕەوتی خێرای پیتاندنی ئۆرانیوم لەلایەن تارانەوەیە و ئێرانی خاوەن زانستی ناوکی بە قازانجی خۆی نابینی

٦. لە سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەدا شۆڕەوی پێشوو یەکێک لە پشتیوانانی عێراق بوو

٧. ڕووسیە حەزی لەوەیە کە لە بواری سەربازییەوە ئێران پاشکۆی خۆی بێت چونکە ئەو چەکوچۆڵانەی کە بە ئێرانیان دەفرۆشێ توانیویەتی داهاتێکی گونجاو بۆ مۆسکۆ بە دیاری بێنێت

٨. بەپێچەوانەی تاران، مۆسکۆ دژ بە ئیسرائیل نییە و لەمبارەوە ناتوانێ هاوتەرازی تاران بێت

٩. تا ئێستە ڕووسیە ئامادە نەبوو مووشەکی S٤٠٠ بە ئێران بفرۆشێت بەڵام ئەم جۆرە لە چەکی بە وڵاتانێکی وەک هێند و تورکیە فرۆشتووە

١٠.سیستمە پێشکەوتووە بەرگریکارانەکانی ڕووسیە لە سوریە لە تەواوی ئەم ساڵانەدا کە ئیسرائیل هێرشی کردووەتە سەر بنکە و بارەگاکانی تاران لە سووریەدا تەنیا چاولێکەر بووە و هیچ کردارێکی لە قازانجی تاران ئەنجام نەداوە؛ تەنانەت لە هیچ شوێنێکدا هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر ئێران لەلایەن مۆسکۆوە ئیدانە نەکراوە!

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاستییانە و خستنەپاڵ یەکی تیکە بچوک و گەورەکانی پازڵی پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی دیکە و هەروەها دۆخی شپرێوی ئابووری و سیاسیی ئێران، ئەو پرسیارە جەوهەرییە لە زەیندا دروست دەبێت کە پێوەندیی تاران و مۆسکۆ، ئێران بەرەو کوێ دەبات؟ کە ڕوونە بە لێکدانەوەیەکی سەرەپێیی ئەنجامەکەی دەبێتە ئەوەی ئەم چەشنە گرێبەستانە تەنیا و تەنیا لە ڕاستای پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەزگای ویلایەت و بە نرخی لەنێوبردن و کاولکردنی زیاتر و زیاتری ئەو جوغرافیا تەواو دەبێت کە بە ئێران ناسراوە.

# خەونی ناشۆ



شەماڵ تەرغیبی

پرسی ئابووری، بە سەرەکیترین کۆڵەکەی ژیان و ژیواری مرۆڤ دەژمێردرێ؛ بەو واتایە کە ئەگەر لایەنی ئابووریی ژیانی ئینسانێک یان کۆمەڵە مرۆڤێک لەم سەردەمەدا بەهێز بێ، ئەوا دەتوانێ شوێندانەری باش و پۆزەتیف لەسەر باقی ڕەهەندەکانی ژیان دابنێ و بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لایەنی ئابووریی کز و لاواز بێ، ئەوا سووچەکانی تری ژیان دەکەونە ژێر کاریگەرییەوە و دەرەنجامی نەرێنی بەدوای خۆیدا دەهێنێ؛ بۆ نموونە ئەگەر بنەماڵەیەکی مامناوەندی چوار کەسی لەبەر چاو بگرین، بە هەبوونی ئابووریی گونجاو ئەندامانی ئەو خێزانە دەتوانن دڵنیا بنەوە لە دەسپێڕاگەیشتنیان بە پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان لەلایەک و هاندەرە دووهەمییەکان لەلایەکی دیکەوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دروستبوون و بەهێزبوونی ئەنگیزە و هاندەرەکانی ژیان دادەنن.

ئێستە ئەگەر ئەم نموونەهێنانەوە بۆ ئاستی وڵاتێک بەرز بکەینەوە چی ڕوو دەدات؟ لێرەدا پێویستە دۆخی ژیانی ئابووریی دوو وڵاتی هەژار و دەوڵەمەند بەراورد بکەین. ئەگەرچی بەراوردکاری لە زانستی ئابووریدا بەهۆی هەبوونی فاکتەر و پێوەری جۆراوجۆر بۆ هەڵسەنگاندن ڕەنگە نەتوانێ بە تەواوەتی ئەنجامی ورد بدات بە دەستەوە بەڵام بێگومان دەبێتە مایەی دەرکەوتنی هەندێ کەتوار و ڕاستی کە ئامانجی ئێمەیە لەم وتارەدا. پێش لەوەیکە ئەم بەراوردکارییە بخەینە ڕوو ئاماژە بە نوێترین ڕاپۆرتە پێوەندیدارە جیهانییەکان دەکەین کە لە مانگی ڕێبەنداندا بڵاو کراونەتەوە و لە نێویاندا پەردە لەسەر کەتوارەکانی پێوەندیدار بە گەندەڵی و ئابووری لە ئێران هەڵدراوەتەوە.

دامەزراوەی ئامریکایی «هەریتەیج» لە نوێترین ڕاپۆرتیدا کە بۆ ساڵی ٢٠٢١ ئامادە کراوە و لە ٢٦ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا بڵاو کراوەتەوە ئاماژە بەوە دەکات کە بەپێی پێوەری ئازادیی ئابووری، ئێران لە نێوان ١٧٧ وڵاتی جیهاندا پلەی ١٧٠ی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە؛ واتە پلەی ئێران تەنیا لەم وڵاتانە باشتر بووە: کۆرەی باکوور، وێنزۆئێلا، کووبا، سودان، زیمبابوێ، بوروندی و ئێریترە! بە واتایەکی تر دۆخی ئازادیی ئابووریی ئێران تەنیا لەم وڵاتانە باشتر بووە!

ئەو پێوەرانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا لەبەرچاو گیراون بریتین لە: دۆخی وڵات لەبواری مافی خاوەندارێتی، کاریگەریدانانی قەزایی، پێبەندبوون و دەروەستبوونی دەوڵەت و سداقەتی ئابووریی دەوڵەت.

بەپێی ڕاپۆرتەکە ئەگەرچی لە سەر کاغەزدا و بە نووسراوە ئیزن دراوە کە خەڵکانی ئێران مافی خاوەندارێتییان هەبێ بەڵام بوونی نیهادگەلی گەندەڵی وەک سپای پاسداران لە کردەوەدا ئیزنی ڕکەبەرایەتی دادپەروەرانەی لە خەڵک ئەستاندووەتەوە و هەلی کار تەنیا لە خزمەت خۆیاندا ماوەتەوە. هەروەها هێزی دادوەری ئێران هێزێکی سەربەخۆ نییە کە بتوانێ سەربەخۆیانە و عادڵانە بڕیار بدات و بەپێچەوانەوە گرێدراوی بەیتی ڕێبەرییە! هەر ئەمەش وای کردووە کە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە دەسپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە ئیدارییەکان بۆ خەڵکی ئاسایی ئەستەم ببێتەوە و لە کۆتاییشدا هێزی دادوەری نەتوانێ پێش بە بەڕێوەبەریی لاواز، گەندەڵیی ئیداری و ماڵی و بەرتیلخواردن بگرێت.

لەلایەکی ترەوە ڕێکخراوی ڕوونکاریی نێونەتەوەیی (Transparency International) لە نوێترین ڕاپۆرتی خۆی بۆ ساڵی ٢٠٢١ ڕایگەیاندووە کە ئێران لە خشتەی وڵاتانی جیهاندا یەکێکە لە گەندەڵترین وڵاتان و لە نێوان ١٨٠ وڵات لەبواری پەرەسەندوویی گەندەڵیی ماڵی، پلەی ١٥٠ی هەیە و هاوتەرازە لەگەڵ وڵاتانێکی وەک گواتمالا، گینە و تاجیکستان و تەنیا لەم وڵاتانەش دۆخەکەی باشترە: کۆرەی باکوور، وێنزۆئێلا، تورکەمەنستان، عێراق، ئەفغانستان، سوریە، لوبنان و یەمەن!

یەکەی زانیارییەکانی ئێکۆنۆمیستیش ڕۆژی ٢١ی ڕێبەندان لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بە دۆخی دێموکراسی لە جیهاندا باسی لەوە کردووە کە ئێران هاوتەراز لەگەڵ یەمەن و لیبی و لە ڕیزبەندی ١٥٤دا جێی گرتووە؛ واتە ئێران لە بواری بوونی دێموکراسی تەنیا لە وڵاتانێکی وەک ئەفغانستان، میانمار، کۆرەی باکوور، کۆنگۆ، ئافریقای ناوەندی، سوریە، تورکەمەنستان، چاد، لائوس، گینە و تاجیکستان باشتر بووە!

هەر لەمبارەوە لە مانگی ڕەزبەریشدا ناوەندیی بیرولێکۆڵینەوەی فریزێر لە کانادا ڕایگەیاندبوو کە لە بواری ئازادیی ئابووریدا، ئێران لە نێوان ١٦٥ وڵاتی جیهان پلەی ١٦٠ی هەیە و تەنیا لە وڵاتانێکی وەک زیمبابوێ، ئەلجەزایر، لیبی، سودان و وێنزۆئێلا باشتر بووە!

لێرەدا و پاش ئەم بەرچاوڕوونییە سەبارەت بە دۆخی ئابووریی ئێران لە ئاستی جیهانی، دەگەڕێینەوە بۆ سەر ئەسڵی بابەتەکەمان و هەڵسەنگاندنێک کە باسمان لێوە کردبوو؛ نموونەی هەڵسەنگاندنی ئێمە لەم وتارەدا کۆرەی باشوور لەبەرامبەر ئێرانە. واتە ناپرژێینە سەر ئەو وڵاتانەی کە لەباری ئابوورییەوە زلهێز و سەقامگرتوون بەڵکوو بەراوردێکی سەرەپێی و کورت لەنێوان ئێران و وڵاتێکدا دەکەین کە خاوەن ئابوورییەکی تازەپێگەیشتووە!

نرخی بێکاری لە کۆرە و لە دەورانی هاتنی پەتای جیهانیی کۆرۆنا ٤,٢ ٪ بووە بەڵام هی ئێران بەپێی ئاماری ناوەندی ئاماری ڕێژیم، دووقات زیاتر لە کۆرە و ٩,٦٪ بووە.

نرخی هەڵاوسان لە کۆرەی باشوور لە هاوینی ئەمساڵ ٢٪ بووە بەڵام نرخی هەڵاوسان لە هەمان ماوەی زەمەنی بۆ ئێران لانیکەم ٤٩٪ بووە!

پلەی کۆرە بۆ خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهانی ٢٠ە و لەبواری شادبوونیش پلەی ٤٩ی جیهانی هی کۆرەیە بەڵام ئێران لە بواری خۆشبژیوی کۆمەڵایەتیدا پلەی ١٢٠ و لەبواری شادبوونیشدا پلەی ١١٨ی هەیە.

پلەی کۆرەی باشوور بۆ دێموکراسی لە ئاستی جیهانیدا ٢٣ و پلەی ئێران وەک لە پێشتردا باس کرا ١٥٤ە.

کۆرەی باشوور لەبواری دابینکردنی ئینتێرنێتی خێرا و هەرزان بۆ هاووڵاتییانی خۆی پلەی یەکەمی لە ئاستی جیهانیدا هەیە و ٩٩٪ی خانەوارەکانی ئەم وڵاتە دەستیان بە ئینتێرنێتی زۆر خێرا ڕادەگات کەچی لە ئێراندا بەوتەی بەرپرسانی حکومەتی لە پلەی ٧٧دایە و بەپێی پێوەرە جیهانییەکانیش هاوتەرازە لەگەڵ ئەفغانستان و لە پلەی ١٧٩دا ڕاوەستاوە!

ئەگەر بمانهەوێ ئەم جۆرە بەراوردانە ڕیز بکەین ڕەنگە لە دەرەتانێکی وەهادا ئەستەم بێت و بەدڵنیاییەوە زۆر ڕەهەندی دیکەش بوونیان هەیە کە بە گەڕانێکی ئاسایی ڕۆژانە لە دنیای پڕ لە داتای ئینتێرنێت بۆمان ڕوون دەبێتەوە بەڵام هەر بە کورتەخوێندنەوەیەکی لەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێ کە دۆخی ئابووریی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و لەژێر کاریگەری ئەم ئابوورییەش دۆخی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکانی نیشتەجێ لەم جوغرافیایە لە چ ئاستێکدایە و هاوشێوەی بنەماڵە چوار کەسییەکە کە لە سەرەتادا باسمان لێوە کرد دەری دەخات کە خەڵکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران دەبێ چ زەجرێک بکێشن تاکوو پارووەنانێک بۆ ژەمە خواردنەکانیان بکێشن؛ ئەمەش لەپێناو ئامانجێکدایە کە جەماران و ویلایەتی فەقیهی بۆی وەیلانن ئەویش سازکردنی ئیمپراتوریەتێکی شیعەی ١٢ ئیمامی ویلایەتییە؛ خەونێک کە وەدیهاتنی بووەتە خەونی ناشۆ و ناموکین!

> **هێزی دادوەری ئێران هێزێکی سەربەخۆ نییە کە بتوانێ سەربەخۆیانە و عادڵانە بڕیار بدات و بە پێچەوانەوە گرێدراوی بەیتی ڕێبەرییە! هەر ئەمەش وای کردووە کە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە دەسپێڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە ئیدارییەکان بۆ خەڵکی ئاسایی ئەستەم ببێتەوە و لە کۆتاییشدا هێزی دادوەری نەتوانێ پێش بە بەڕێوەبەریی لاواز، گەندەڵیی ئیداری و ماڵی و بەرتیلخواردن بگرێت**

## وێستگە

# بە بیانووی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی و بۆ یادی «زارای نیشتمان»



نووسین: هێمۆ

ئەمە وتنێکی هەزار جارەیە کە ڕۆژی ٢١ی فێوریە بۆچی و لە کەیەوە وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ناودێر کراوە، بۆیە پێم خۆشە لەم دووپاتکردنەوەیە خۆم بپارێزم و بەڕوونی باس لە بابەتی زمانی دایکی و ئەرک و ڕۆڵی زاراکانی نیشتمان بکەم!

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە زانکۆی نیشتمانیی ئوسترالیادا سەبارەت بە زمانەکان کرابوو، باس لەوە دەکرێت کە ١٥٠٠ زمان و شێوەزار تا کۆتایی ئەم سەدەیە مەترسیی لەنێوچوونیان لەسەرە!

بەڵام ئەوەی کە بۆ ئەم نووسراوەیە گرینگە ئەوەیە کە چەندین شێوەزاری تایبەت بە کوردستانیش هەن کە مەترسیی جیددیی لەنێوچوونیان لەسەرە کە هەر ئەمە گەورەترین هۆکار بۆ گرینگیدان بە پرسی زمان و بایەخدان بە پێشگرتن لە لەنێوچوونی زمان و شێوەزارەکانی زمانی کوردی بۆ ئێمەی کوردە.

پرسی زمان لانیکەم بۆ ئێمەی کورد کە نەتەوەیەکی بندەستین ڕەنگە گرینگییەکی تایبەتیتری هەبێت، چونکە مان و بەردەوامیی ئێمە وەکوو کورد، بەشێکی زۆری بۆ مان و بەردەوامیی زمانەکەمان وەکوو بەشێک لە پێناسە و شوناسی نەتەوەییمان دەگەڕێتەوە. ئێمەی کورد بە زمانی کوردییەوە دەناسرێینەوە، کەوابوو ئەمە بەشێکی حاشاهەڵنەگر لە مان و مەوجوودیەتمانە و دەبێ هەوڵێکی گشتگیر نەک تەنیا بۆ پاراستن بەڵکوو بۆ پەرەپێدانیشی بدەین.

لە ماوەی ڕابردوودا کە زارا محەممەدی بۆ تێپەڕکردنی حوکمی ٥ ساڵ زیندانی نارەوا بەتاوانی وتنەوەی زمانی کوردی خۆی ڕادەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێران کرد، ئەم پرس و بابەتە زیاتر لە جاران بوو بە ڕۆژەف، بەڵام کاردانەوەکان بەنیسبەت پرسەکە زۆر گرینگ بوون.

هەندێ کەسی بەناو ڕۆشنبیری کۆمەڵگای کوردستان دەستیان کرد بە هێرشکردنە سەر زارا و باسیان لە ئازادیی خوێندنی زمانی کوردی لە کوردستانی داگیرکراودا کرد! ئەوان دەیانگوت خوێندنی زمانی کوردی شتێکی ئاساییە و سەپاندنی ئەم حوکمەیان بە شتێکی گاڵتەئامیز پێناسە دەکرد.

بەڵام ئەی بۆچی زارا لە زینداندایە؟

زارا و کۆمەڵێک کەسی دیکەی وەکوو زارا کە بەنرخترین ساڵەکانی تەمەنی خۆیان بۆ پەرەدان بە زمانی کوردی و فێرکردنی منداڵانی ئەم نیشتمانە تەرخان کردووە، ئامانجی خۆیان لە فێرکردنی ئەلفبێی کوردی و فێرکردنی ڕێنووسی کوریدا قەتیس نەکردووەتەوە، ئەوان بە بیرێکی کراوەترەوە هەوڵیان داوە تاکوو زمانی کوردی وەکوو هەموو زمانەکانی دیکەی جیهان بکەن بە زمانێک بۆ فێربوونی زانست! زمانێک بۆ فێربوونی ژیان و زمانێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سڕینەوەی شوناسی خۆیان. ساڵانێکی زۆرە کە ئەنجومەن و ڕێکخراوە تایبەتەکانی زمانی کوردی لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لە هەوڵدان تاکوو جیا لە فێرکردنی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی ئەو باوەڕە قووڵە لە نێو تاکەکانی کوردستاندا دروست بکەن کە ئێمەش مافی خۆمانە کە بیرکاری و فیزیک و شیمی بە زمانی کوردی فێر بین و مافی خۆمانە کە وەکوو نەتەوەکانی دیکەی جیهان شانازی بە زمان و گەنجینەی زمانەوانیی خۆمانەوە بکەین. کەوابوو پرسی سەرەکی کە ئێستاکە زیاتر لە ٤٠ ڕۆژە زارای خستووەتە پشت میلەکانی زیندانەوە، پرسی خوێندن بە زمانی دایکییە نەک خوێندنی زمانی دایکی! لە ڕاستیدا ئەم دوو بابەتە زۆر گرینگ و زۆر لێک دوورن، هەر ئەم خاڵەشە کە کۆماری ئیسلامی دەستی ناوەتە سەری و بە ڕێکخستنی بوارێکی تازەی خوێندن بە ناوی وێژەی کوردی لە زانکۆی کوردستانی سنە هەوڵی دا بەرەبەرە ڕێگە لە ناوەند و فێرگەکانی تایبەت بە فێرکاریی زمانی کوردی بگرێت کە هەر ئەمەش بووەتە هۆکار بۆ ئەوەی کە زۆر کەسی نائاگا بکەونە داوی پیلانەکەی ڕێژیمەوە و ٤ ساڵ تەنیا و تەنیا خەریکی خوێندنی ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی بن بە بێ ئەوەی کە بیر لە پەروەردە بە زمانەکەی خۆیان بکەنەوە! پرسی پەروەردە ئەویش پەروەردە بە زمانی دایکی، پرسێکی ئێجگار گرینگە، لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریانخستووە کە فێرکاری و پەروەردە بە زمانی دایکی ئەتوانێ سەرکەتووتر بێت و ئەتوانێ ببێتە هۆی گەشەی زیاتری مرۆڤ. ئەمە ئەو پرسە گرینگەیە کە دوژمنانی ئێمەش بە درێژایی ساڵانی بەرخودانی نەتەوەی کورد، هەوڵیان داوە کاری لە سەر بکەن، لە کوردستانی داگیرکراوی ئێمەدا هەمیشە نەتەوەی باڵادەست هەوڵی داوە پەروەردە بە زمانەکەی خۆی بێت تاکوو باشتر بتوانێت بمانسڕێتەوە.

شەپۆلی پشتیوانیکردن لە زارای نیشتمان لە ماوەی ڕابردوودا زۆر گشتگیر بوو، بەڵام ئەم پشتیوانییە کەی دەتوانێ درووست و بەجێ بێ؟ ئایا تەنیا بە دانانی وێنەی زارا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و نووسینی چەند دروشمێک دەبێ کۆتایی پێ بێت؟ لە ڕاستیدا ئەمەگناسی بەرانبەر بە ساڵانی تێکۆشانی زارای نیشتمان و ٥ ساڵ ژیانی زارا لە زیندان‌دا ئەو ئەرکە دەخاتە سەر شانی ئێمە کە شێلگیرانەتر لە جاران بۆ پەرەدان بە زمانی کوردی و پەروەردەی منداڵەکانمان بە زمانی دایکی هەوڵ بدەین، ئەگەر زارا ئەمڕۆ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدایە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە هاوکات لەگەڵ بەرخودانی زارا، سەنگەرێک لە باوەڕمان بە کوردبوون دروست بکەین و هەرکامەمان زارایەکی ئەم نیشتمانە بین و نەوەی دوای خۆمان بە بیری ئازاد و کراوە پەروەردە بکەین هەر بۆیە شەڕ لەگەڵ بیری چەقبەستووی داگیرکەرانەی دەسەڵات و ڕەوتی بەردەوامی ئاسێمیلاسیۆن ئەتوانێ لە یەکەم هەنگاوەکان بۆ پشتیوانی لە زارای نیشتمان بێت.

# کێشەی ئۆکراین و ڕووسیە



موعتەسەم نووورانی

کێشەی ئۆکراین و ڕووسیە بۆتە بابەتێکی گرینگی ڕۆژ؛ کاتێک چاو لە مانشێتی ڕۆژنامەکان دەکەی یا گوێ بۆ هەواڵی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکان ڕادەگری، باسی مەترسییەکانی ئاکامی نالەباریی ئەو شەڕە دەکەن. نەتەنیا خەڵکی ناوخۆی ئۆکراین، بەڵکوو خەڵکی وڵاتانی دەوروبەریشی زۆر نیگەران کردووە. ناحەقیان نییە چونکە لەگەڵ کەسێکی دیکتاتۆری وەک پووتین ڕووبەڕوون؛ کە هیچ یاسا و پێوەرێکی مرۆڤی و ئەخلاقی وەبەرچاو ناگرێ. ئەو شەڕە تەنیا شەڕی ڕووس و ئۆکراین نییە بەڵکوو ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی بەشێکن لە کێشەکان؛ بۆوێنە ویلادیمێر پووتین دەڵێ دەبێ ئامریکا هەموو هێزەکانی خۆی لە ئورووپای ڕۆژهەڵات بکێشێتەوە.

پێوەندیی نێوان دوو وڵاتی ئۆکراین و ڕووسیە لە دوای هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەت و سەربەخۆیی ئۆکراین لە ساڵی ١٩٩١دا، بەرزی و نزمی و هەڵکشان و داکشانی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام لوتکەی ململانێیەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤ کە ڕووسیە هێرشی نیزامی کرد و شێوە دوورگەی کریمەی لە ئۆکراین داگیر کرد. هەرچەند، ڕووداوە سیاسی و نیزامییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی نێوان ڕووسیە و ئۆکراین ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە کێشەی ئەو دوو وڵاتە ڕیشەی لە ڕابردوودایە؛ تەنانەت پێش هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەت لە مانگی ئوتی ١٩٩١دا، ویلادیمێر پووتین دژی سەربەخۆیی ئۆکراین بوو. چەند جار لە قسەکانیدا ئاماژەی کردووە کە «دوو نەتەوەی ڕووس و ئۆکراین پاشخانێکی دووروودرێژی مێژوویی، ڕۆحیی و کولتووریی هاوبەشیان پێکەوە هەیە.

سەرەڕەی ڕاستەقینەی ئۆکراین تەنیا لە حاڵەتی هاوبەشیی لەگەڵ ڕووسیەدا شیاوی ڕەخسانە، ئێمە پێکەوە چەند جار بەهێزتر، بەتواناتر و سەرکەوتووتر دەبین؛ چونکە ئێمە و ئۆکراین یەک نەتەوەین.» دیارە ئەوە تەنیا بۆچوونی پووتین نییە، بەڵکوو زۆربەی بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی ڕووسیە ئەو ڕوانگەیان هەیە. وێڕای ئەوە، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی بوداپێست لە بواری ئەمنییەتی کە لە ساڵی ١٩٩٤دا، لە نێوان ڕووسیە، ئۆکراین، بریتانیا و ئامریکا ئیمزا کرا، کە ئەو کات ئۆکراین خاوەنی سێهەمین جبەخانەی ئەتۆمی، لە جیهاندا بوو؛ چاوپۆشیی لە جبەخانە ئەتۆمییەکەی کرد کە لە بەرانبەردا وڵاتانی خاوەن هێزی جیهان سەروەری و یەکپارچەیی خاکی ئۆکراین لە بەرانبەر ڕووسیەدا بپارێزن بەڵام دیتمان کە پووتین نەتەنیا گرینگی بە ڕێککەوتننامەکە نەدا بەڵکوو ١٠ ساڵی دواتر بەشێک لە خاکی ئەو وڵاتەی داگیر کرد. لەگەڵ ئەوەش ڕۆژی ١٦ی فێبریە، پارلمانی ڕووسیە بە زۆربەی دەنگ گەڵاڵەیەکی پەسند کرد کە حکومەتی ڕووسیە پشتیوانی لە سەربەخۆیی دوو کۆماری دونتسک و لوهانس لە نێو خاکی ئۆکرایندا بکا. ئەو گەڵاڵە نێردراوە بۆ سەرۆک پووتین ئیمزای بکا. هەرچەندە وڵاتانی ڕۆژاوایی بە هەڕەشە و گەمارۆی ئابووری داوا دەکەن کە ڕووسیە واز لە داگیرکردنی ئۆکراین بێنێت بەڵام، ڕووسەکان مرخیان لێ خۆش کردووە و وەک گورگی برسی چاوی تەماحیان لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین بڕیوە. ڕووسیە زیاتر لە ١٠٠هەزار سەربازی بە چەکوچۆڵی مۆدێرن و پێشکەوتوو و موشکی ٣٠٠- اس و موشکی ٤٠٠- اس، لە سنوورەکانی ئۆکرایندا، جێگیر کردووە. لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگای هاندانی ئۆکراینییەکانی بەڕەچەڵەك ڕووس، لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین بەتایبەت لە دوو پارێزگای دونتیسک و لوهانسک کە داوای سەربەخۆیی دەکەن دەیهەوێ کێشەکان قووڵتر و تۆختر بکاتەوە.

هەروەها گوشاری زیاتر بخاتە سەر ئۆکراین بۆ ئەوەی بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی مینسک، خودموختاری بدا بە دوو پارێزگای لوهانسک و دونتسک کە یەکلایەنە جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندووە، ئەوەش دەستی ڕووسیە بەتەواوی ئاوەڵا دەکات کە لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین دەستتێوەردان بکا.

بەوەندەش کۆتایی نایە چونکە ڕووسەکان بەرنامەیان هەیە هەتا ڕووباری دنیپر لە خاکی ئۆکرایندا بچنە پێش و هەموو ئەو ناوچانە بە خاکی خۆیان دەزانن و ئامانجیان ئەوەیە کە ئەو ناوچانە بە ڕووسیەوە بلکێنن.

تەنانەت هەموو لێوارەکانی دەریای ڕەش داگیر بکەنەوە و لەوێرا بگەنە سنووری مولداوی؛ لەو ڕێگایەوە ئارەزووەکانیان دەستەبەر بکەن، ڕێگای دەریای ڕەش کە گرینگییەکی بەرچاوی بۆ ئۆکراین هەیە ببەستن. ڕووسیە لە ساڵی ٢٠١٤دا بە داگیرکردنی شێوەدوورگەی کریمە ئەو هەنگاوەی تەجروبە کردووە.

### بۆ ڕووسیە هەوڵ دەدات ئۆکراین داگیر بکا؟

دوای هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤییەت کۆمەڵێک کێشەی سنووریی، ئەرزیی، نەتەوەیی، نژادی و ئایینی لەو ١٥ کۆمارەدا ماوەتەوە کە پاش ڕووخانی ساز بوون. ڕووسیە ئێستا خۆی بە میراتگری یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو دەزانێ و ئۆکراین یەکێک لەو ١٥ کۆمارەیە کە بۆ ڕووسیە گرینگی خۆی هەیە.

هەم لە بواری ئابووریی و هەم لە بواری ژێئۆپولیتیکی کە لە تەنیشت دەریای ڕەشدا هەڵکەوتووە، جوغرافیایەکی شاز و دەوڵەمەندی هەیە؛ خاکی ئەو وڵاتە بۆ کشتوکاڵ زۆر بەپیت و بەرەکەتە؛ چەند ڕووباری گەورەی تێدایە و خاوەن کانگای ژێرزەوینی دەوڵەمەندە؛ نیوەی کانی ئاسن و پۆڵای یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو لە ئۆکراین دابین دەبوو؛ زۆربەی گازی ڕووسیە بە ئۆکرایندا دەگاتە ئورووپا؛ دوای ڕووسیە ئۆکراین دووهەمین وڵاتی گەورەی ئورووپایە؛ هەروەک لە سەرەوە باس کرا ڕووسیە چاوی تەماحی بڕیوەتە خاکی ئۆکراین بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی نەتەوەیی ئۆکراینییە بەڕەچەڵەک ڕووسەکان و توانیویەتی دەستتێوەردان لە بەشێکی گرینگی ئۆکرایندا بکا و داوا دەکا کە دەوڵەتی ئۆکراین ڕێککەوتننامەی منیسک بەڕێوە بەرێ کە بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەوڵەتی ئۆکراین دەبێ ماف و ئازادییەکی زیادتر بدا بە ناوچەی دۆنباس لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین. ئەگەر سەیری بارودۆخی ناوخۆی ئۆکراین بکەین کەلێنێکی گەورەی فەرهەنگی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئۆکرایندا بەرچاو دەکەوێ، کە لە ڕۆژاوای ئۆکراین خەڵک بەزمانی ئۆکراینی قسە دەکەن، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتەدا زمانی زۆربەی خەڵکەکە ڕووسییە و ئایینەکەشیان مەسیحیی ئۆرتودۆکسە. لە شێوەدوورگەی کریمەش کە هەتا ساڵی ٢٠١٤ بەشێک لە خاکی ئۆکراین بوو زۆربەی هەرە زۆریان بە ڕەچەڵەک ڕووسین. لە ڕێفراندۆمێکدا زیاتر لە ٩٦٪ی دانیشتووانی کرێمە دەنگیان دا کە لە ئۆکراین جیا ببنەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی ئۆکراین شەڕی چەکداری لە نێوان هێزەکانی ئۆکراین و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ڕووسیە بە توندی بەردەوامە، خەڵکی سیویلی ئۆکراینی دەبنە ئامانجی ئەو شەڕ ماڵوێرانکەرە.

تەنانەت لەلایەن هێزەکانی سەر بە ڕووس، هەڕەشەی ئەمنییەتی، گیانی، گەمارۆی ئابووریی، خواردن، دەرمان، شوێنی نیشتەجێبوون و چوون بۆ مەکتەبیان لێدەگیرێ. هێندێکیان لە ماڵەکانیاندا دەسبەسەر دەکرێن، ڕێگای چوونە دەریان پێ نادرێ، ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ترس و نیگەرانی دانیشتووانی ئۆکراین زیادتر دەبێ.

خەڵک چاوەڕوانی شەڕێکی ماوێرانکەر دەکەن هەرچەند ڕووسیە دەڵێ هێزەکانمان دەکێشینەوە دواوە، بەڵام ئامریکا و ناتۆ باوەڕ بە قسەکانی ڕووسیە ناکەن. ئەوان تەجروبەی ئەفغانستان و سووریە و زۆر شوێنی دیکەیان هەیە. ڕووسیا لە ساڵی ٢٠١٦ دا گوتی هێزەکانمان لە سووریا دەکێشینەوە بەڵام نەتەنیا نەکشانەوە بەڵکوو هێزی زیاتریان هێنا ناوچەکە و ئەمانەش وایان کردووە کە بە کردەوە بۆیان دەرکەوتووە ڕوسیە درۆ دەکات. ئێستا کە کرملین گەیوەتە ئاستی شەڕ، سەرگێی لاوروف دەڵێ ئێستاش ئومێدی بە دیپلۆماسییەت و دیالۆگ ماوە! لەم ڕێگەشەوە دەیانهەوێ ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی بەڵێن بدەن کە ئۆکراین و گورجستان نەبنە ئەندامی ڕێکخراوی ناتۆ.

ئامریکاش هێزەکانی لە ئورووپای ڕۆژهەڵات بکێشێتەوە. ئەوەش بۆ ئامریکا گران تەواو دەبێ، لەلایەکی دیکەشەوە هەلێکی باش بۆ ئێران دەرەخسێ کە ئامریکا سەرقاڵی کێشەی ئۆکراینە، ئێران لەو دەرفەتە بە قازانجی خۆی لە دانیشتنەکانی ڤییەن کەڵک وەردەگرێ تاکوو ئامریکا بۆ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی (بەرجام) گەرەنتی پێ بدات.

# پێـــشمەرگە

خەبات

لە دژوارترین دۆخی خەبات و تێکۆشان، لە کاتێکدا کە هێزی داگیرکەری کوردستان بۆ نەهێشتنی نەتەوەیەک و داخوازە ڕەواکانی هەموو دڕندەییەک ئەنجام دەدا، بۆ ئەوەی کە کورد و کوردستان زیندوو بمێنن و بڵێن «ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان، قەت نانەوێ ئاڵاکەمان»، بوون و هەن ڕۆڵەی ئازا و فیداکار کە هەست بە بەرپرسیارەتی لە بەرامبەر نەتەوەکەیاندا دەکەن و بەدژی دوژمن ڕادەوەستن .

«ویل دۆرانت» فەیلەسوف و مێژوونووسی بەناوبانگی ئامریکایی دەڵێ: «مادەکان هیچ کات لە خەبات بۆ ئازادی ماندوو نابن.» مێژوو بە گشتی چ دۆست و چ دوژمن ئەگەر تەنیا لە سەر یەک بابەت یەکدەنگ بن ئەویش ئازایەتی و جوامێری ئەو گەلەیە، ئازایەتییەکەی وادەکات کە کورد بۆ دوژمن سەردانەنەوێنێ و باوەڕی بە ئاسۆی ڕزگاربوون لە ژێردەستی دوژمندا هەبێ؛ هەبوونی ئەو بیروڕایەش وای کردووە کە کورد بە درێژایی مێژوو لە بەرامبەر دوژمنانیدا نەتوێتەوە.

لە سەدەی بیستەمدا کە ڕۆڵە ئازا و نەترسەکانی کورد خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری دەکەن بە پێشمەرگە ناسێنراون، ناوی پێشمەرگە هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بە کەسێک کە خزمەت بە نەتەوەکەی خۆی دەکات و ئامادەیە بۆ ئەو خزمەتە هەموو فیداکارییەک بنوێنێت هاتۆتە ئاراوە.

ئامانجەکانی وەک ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری بۆ نەتەوەیەک کە هەموو ئەوانەی لێ زەوت کراوە و بەردەوام بەرەوڕووی ماشینی داپڵۆسێنەری داگیرکەر دەبێتەوە، ئامانجێکی پیرۆزی مرۆڤایەتین؛ بە بێ ئەو نرخانە ژیانکردن و هەروەها گرینگترین هەستی هەر مرۆڤێک واتە کەرامەتی مرۆڤ ژێرپێ دەنرێت. کە پێشمەرگە خەبات دەکا لە پێناو ئەو ئامانجانەدا و باوەڕی بەو ئامانجە پیرۆزانە هەیە و لە ڕاستیدا پێشمەرگە هەڵگری پەیامێکی پیرۆز وەکوو مرۆڤدۆستی و ئازادیخوازییە و مرۆڤی پێشمەرگە لە پێناو باوەڕەکەیدا ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات و هەر ئەوەش وای کردووە کە خەڵک پێشمەرگەیان خۆش بوێ چوونکە پێشمەرگە لە پێناو ماف و ئازادی گەلەکەیدا خەبات دەکات.

فیداکاری بۆ ئامانجێکی پیرۆزی مرۆڤایەتی نیشانەی شایەنی و شایستەیی فیداکارە، فیداکاری بۆ دابینکردنی نرخی مرۆڤایەتی، بەنرخبوونی فیداکار دەگەیەنێت کە ئەو فیداکارەی کورد بە پێشمەرگە ناسراوە .

ئەو فیداکارە دەبێ چەندە ڕووناکبیر بێت کە بۆ ڕووناککردنی وڵات بە خۆری ئازادی ئامادەیە گیانی خۆی پێشکەش بکات؟ دەبێ چەندە ئازا و نەترس بێت کە ئیرادە و بیروباوەڕی خۆی بەرزتر لە ماشێنی ئاسنین و تۆپ و تانکی سەرکوتکەر بزانێ؟ هەروەها دەبێ چەندە ڕاستگۆ بێت کە بە کردەوە بۆ هزری مرۆڤایەتی خۆی تێ بکۆشێ؟

ئەو کەسە تەنیا پێشمەرگەیە؛ هەڵبەت پێشمەرگە تەنیا ناوێک نییە! بەڵکوو پێشمەرگە هزرە، بیرە! پێشمەرگە هەڵگری فەلسەفەیەکی قووڵی ژیانە.

بە درێژایی مێژووی پڕ لە کەندوکۆسپی کوردستان پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی نەیهێشتووە هەواری خەبات چۆڵ بمێنێت، تاڵی ژیانی چێشتووە بەڵام نەیهێشتووە کە دوژمن هەست بە سەرکەوتن و بنبڕ کردنی کورد بکات؛ بە بوونی پێشمەرگە گەلی کورد هیوای گەیشتن بە ئازادی لە دەست نەداوە کە دەتوانین دەتوانین ئەوە وەک ڕەمزی مانەوەی کورد ناو ببەین .

هەستی دژایەتی کردنی دوژمن، خەمخۆری بۆ نیشتمان و هەستی ڕزگاری لە چەوسانەوە و ژێردەستی و زۆر هەستی دیکەی لەم شێوەیە کە لەوانەیە لە نێو بیر و هزری هەر تاکێکی کورددا هەبێ، بەڵام ئەوە تەنیا پێشمەرگەیە کە ئەو بیرو هزرە پیرۆزە بە کردەیی دەکات و بە گیانفیدایی خۆی هەوڵ دەدات کە بەدیهاتنیان بێنێتە دی. پێشمەرگە تاکێکی نوخبەی کۆمەڵگایە کە هەستی بە زوڵم و زۆر و ژێردەستی کردووە لە لایەن حکومەتەوە و بە ئاگاهییەوە هاتووەتە نێو ڕیزەکانی خەباتەوە و خۆی ئەرکدار کردووە لە بەرامبەر گەلەکەیدا، پێشمەرگە لە بەرامبەر خەڵکی خۆیدا ئەرکی زۆری لە سەر شانە کە ئەگەر بمانهەوێ ئەو ئەرکە پیرۆزانە ناو ببەین لەوانەیە بە سەدان لاپەڕەش لەئاست ئەم مژارە کەم بێت و قەڵەمیش لەحەنایدا توشی قسووری بێت.

ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگەی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا پارێزگاری لە خاک و خەڵکی کوردستانە لەبەرامبەر هێرشی دوژمنی دڕندە و پاراستنی شوناسی نەتەوەی کوردە . پێشمەرگە خۆی بە خەمخۆر و بەرپرسیار دەزانێ لە بەرامبەر خەڵکدا و هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی بیروڕای گشتی دەدات لە بەرامبەر ئەو زوڵمەی کە لێیان دەکرێ بۆیە خەڵکی کوردستان ناوی پێشمەرگەیان لەلا پیرۆزە و پێشمەرگەیان خۆش دەوێ و تەنانەت حازرن بە نرخی گیانی خۆشیان پشتیوانی و یارمەتی پێشمەرگە بکەن. بوونی پێشمەرگە لە کوردستان وای کردووە کە نەتەوەی کورد لە بەرامبەر دوژمنانێک کە هەوڵیان داوە بە تەواوی کەرەستەکانی میدیایی و سەربازییەوە کوردبوون بکەنە خاڵێکی نەرێنی تاکی کۆمەڵگای کوردەواری و شوناس و مێژووی کورد بە تەواوی سەروەرییەکانی وەک کۆماری کوردستان بسڕنەوە جا چ لە ڕێگای ژینۆسایدەوە بێ یان لە ڕێگای میدیاکانی سەر بە ڕێژیمەوە بێت. هەروەها دوژمنانی کورد لە هیچ چەشنە کارێک خۆیان نەپاراستووە و پێشمەرگە وەک قەڵایەک لە بەرامبەر ئەو زوڵم و زۆرەدا وەستاوە و بەرگری دەکات لە خاک و خەڵکی کوردستان.

لەڕاستیدا پێشمەرگە چەکی هەڵنەگرتووە بۆ هێرشکردن بۆ سەر خاک و خەڵکی بێتاوان بەڵکوو پێشمەرگە بەرگرییەکی چەکداری دەکات لە بەرامبەر هێرشی هێزی دوژمن بۆ سەر خاک و خەڵکی کوردستان چوونکە دوژمنانی کورد نایانهەوێ کە بە ئاشتی وڵامی داخوازە ڕەواکانی کورد بدەنەوە و بەردەوام گەلی کورد لە سەر داواکارییەکانی سەرکوت دەکرێ و پێشمەرگەش ئەو زوڵمەی لە بەرامبەر کۆمەڵگاکەیدا پێ قەبووڵ ناکرێ و پشتیوانی خەڵکی خۆیەتی و هەر ئەوەش وای کردووە کە داگیرکەران بەردەوام هێرشی سەربازی بکەنە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان چونکە داگیرکەران لە هزری ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی پێشمەرگە تۆقیون .

پێشمەرگە مرۆڤێکی ئازادیخواز و دێموکراتە و بڕوای بە بیروڕای جیاواز هەیە و بڕوای بە ئازادی نەتەنیا بۆ گەلی کورد بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوە زوڵملێکراوەکانی جیهان هەیە و بڕوای بەوە هەیە کە ئەو ماف و ئازادییانەی کە بۆخۆی دەیهەوێت بۆ کەسانی دیکەشی بوێت.

بەو واتایە کە پێشمەرگە ئازادی بۆ هەموو کۆمەڵانی خەڵک دەوێ، ئاسایش و ئارامی و خۆشبژیوی نەتەنیا بۆ گەلی کورد بەڵکوو بۆ هەموو نەتەوەکان پەسەند دەکا و دژی هەر جۆرە بیروباوەڕ و کردەوەیەکی ناعادڵانە و نادادپەروەرانە و تیرۆریستانە و دواکەوتووانە بە توندترین شێواز ڕادەوەستێ و ئیزن نادات گرووپ یان خەڵکانێک بە بیانووی جیاواز هێرش بکەنە سەر ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ، هێڵی سوور بۆ پێشمەرگە بەرەی نیشتمانییە و هەردەم یەکگرتوویی و هێما و ئەرزشە نەتەوەییەکان دەپارێزێ.

# پێویستیی ڕێکخستن و بزووتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانە




**زرێبار**

دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان گەلێک خاڵی هاوبەشیان هەیە کە سێ تایبەتمەندیی بەرچاو و هاوبەشیان بریتین لە:
یەکەم؛ پێشگرتن لە هاتنەئارای هەر چەشنە جموجۆڵ و بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو و سیستماتیک دژ بە دەسەڵاتەکەیان.
دووهەم؛ ئیزن نەدان بە سەرهەڵدانی جەماوەری نارێکخراو
سێهەم؛ هەوڵدان بۆ بەتاڵکردنەوەی هەموو دیاردەکان لە ناوەرۆکی سیاسی
بەم خوێندنەوە سەرەپێیە دەچینە نێو بابەتێک کە لەم ڕۆژانەدا لە سەرانسەری جوغرافیای ئێران و بەتایبەت کوردستان بووەتە مژاری ڕۆژ و لە کەم کۆڕ و کۆبوونەوە هەیە کە باسی لێوە نەکرێت؛ ئەویش بریتییە لە مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانەکان کە نەک هەر داخوازی سێنفی، بەڵکوو خواستی سیاسیشیان لەپشتە و پێویستییان بە پشتگیری هەمەلایەنە هەیە. وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی بەبەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە زیاترین ڕێژەی پێرسۆنێلی هەیە و هەروەها کاریگەرترینیانە لەسەر کۆمەڵگا بەڵام کارمەندەکانی بەگشتی بەبەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە کەمترین مووچە وەردەگرن و بەپێی هەندێ لە ئامارەکان ئەگەر داهاتی یازدە ملوێنی لە مانگدا وەک بنەما وەربگرین، نزیک بە سەدا هەشتای مامۆستایان و بنەماڵەکانیان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و بەردەوام و لە ساڵدا چەندین کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان وەڕێ دەخەن و هەنگاو بە هەنگاو ئەم کۆبوونەوانە زیاتر ڕەنگی دژایەتی لەگەڵ کۆی سیستم بەخۆیان دەگرن.
بۆنموونە ڕێکەوتی ١١ی ڕێبەندان ماڵپەڕی کوردستانمیدیا لەسەر زاری «محەممەد حەبیبی» وتەبێژی ئەنجومەنی پیشەیی مامۆستایانی ئێران بڵاوی کردەوە کە مامۆستایان لە ٣٠٠ شاری کوردستان و ئێران مانیان گرتووە و خوازیاری مافەکانی تایبەت بە توێژی مامۆستایان و بەشێک لە مافە یاسایی و سیاسییەکانی خۆیان و کۆمەڵگا بوون.
هەروەها مامۆستایانی نەتەوەی کۆلۆنیکراوی ئێمەش جیاواز لەو داخوازییانە، خوازیاری هەندێ مافی نەتەوەیی بوون و دروشمی وەک هاوسانکردنی مووچەکان، مامۆستای بەندکراو دەبێ ئازاد بکرێ، خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایکی مافی هەموو تاکێکە و نا بۆ بە پوولێکردنی قوتابخانەکانیان بەرز کردووەتەوە کە کەم تا زۆر جوێی دەکاتەوە لە کۆبوونەوە ئێعترازییەکانی باقی هەرێمەکانی ئێران.

وەک لە دروشم و وتاری مامۆستایانیشدا دەردەکەوێت ڕێڕەوی ئەم ناڕەزایەتییانە لە خواستی تەنیا سێنفی تێپەڕیوە! بەڵام جیا لەوەش وەک نموونەیەکی بەرهەست دەتوانین ئاماژە بە کۆبوونەوەی مانگێک پێشتری مامۆستایان لە یاسوج بکەین کە تێیدا کاتێک مامۆستایەکی سەر بە سیستم دەڵێت: ئەم کۆبوونەوە تەنیا کۆبوونەوەیەکی سێنفیە، لە لایەن مامۆستایانی دیکەوە هێرش کرایە سەری و لە کۆبوونەوەکە وەدەر نرا، کەوابوو ناڕەزایەتیی مامۆستایان لە خواستی سێنفییەوە تێپەڕیوە و وەک چیەتیی هەموو ناڕەزایەتییەک لە دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکاندا بەرەو دژایەتی لەگەڵ کۆی سیستم هەنگاو هەڵدەگرێت.
بزووتنەوەی مامۆستایان لە دۆخی هەنووکەییدا خاوەن چەند خاڵی لاوازە کە دەبێ ئاوڕی جیددییان لێ بدرێتەوە و ئەوانیش بریتین لە:
یەکەم؛ بەشداری نەکردنی سەرجەم مامۆستایان لەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییانەدا کە سەرچاوەگرتوو لە سێ هۆکاری سەرەکییە:
١.ڕێژەی بەرچاوی بێکاری لە وڵاتدا و ترسی ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان لەوەی کە ئەگەر لەم کۆبوونەوانەدا بەشداری بکەن بێکار دەبن.
٢. ترس لە دەزگا ئەمنیەتییەکان و نوقم بوون لەو گێژاوەدا کە دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیم دروستی کردووە یانی ئەبەدی بوونی کۆماری ئیسلامی.
٣. بەهۆی گوزینشی بوونی هەڵبژاردنی کەسانی خوازیاری بوون بە مامۆستای قوتابخانە، ڕێژیم ئەوپەڕی هەوڵی خۆی داوە کە تا ڕادەیەک کە توانایەتی کەسانی سەر بە دەسەڵات ببنە مامۆستا و بە دڵنیاییەوە ئەم کەسانە بەشداریی کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان ناکەن.

> **وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی کۆماری ئیسلامی بەبەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە زیاترین ڕێژەی پێرسۆنێلی هەیە و هەروەها کاریگەرترینیانە لەسەر کۆمەڵگا بەڵام کارمەندەکانی بەگشتی بەبەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکە کەمترین مووچە وەردەگرن و بەپێی هەندێ لە ئامارەکان ئەگەر داهاتی یازدە ملوێنی لە مانگدا وەک بنەما وەربگرین، نزیک بە سەدا هەشتای مامۆستایان و بنەماڵەکانیان لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین**

دووهەم؛ نەبوونی ڕێکخراوەیەکی چالاک و بەهێز بۆ ڕێکخستنی مامۆستایان و پۆلێنبەندی و ئاراستەکردنی داخوازییەکانیان کە وەک باس کرا لەلایەکەوە هۆکارەکەی قەدەغەکردنی هەموو چالاکییەکی ڕێکخراوەیە و لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەریی گوتارێکە کە چەندین ساڵە کۆماری ئیسلامی هەوڵی پەرەپێدانی دەدات و وا دەنوێنێت کە خەبات لە چوارچێوەی ڕێکخراودا پێویست نییە و تاکی ڕووناکبیر دەبێ جیاواز لە ڕێکخستنێکی دیاریکراو خەبات بکات.

> **نەبوونی ڕێکخراوەیەکی چالاک و بەهێز بۆ ڕێکخستنی مامۆستایان و پۆلێنبەندی و ئاراستەکردنی داخوازییەکانیان کە وەک باس کرا لەلایەکەوە هۆکارەکەی قەدەغەکردنی هەموو چالاکییەکی ڕێکخراوەیە و لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەریی گوتارێکە کە چەندین ساڵە کۆماری ئیسلامی هەوڵی پەرەپێدانی دەدات و وا دەنوێنێت کە خەبات لە چوارچێوەی ڕێکخراودا پێویست نییە و تاکی ڕووناکبیر دەبێ جیاواز لە ڕێکخستنێکی دیاریکراو خەبات بکات**

سێهەم؛ بە هۆی ئەوەی جیاواز لە کێشە سێنفییەکان هێنانە ئارای کێشەکانی دیکەی سیستمی پەروەردە و فێرکردن لە کۆبوونەوەی مامۆستایاندا وەک پێویست بایەخی پێ نەدراوە و چین و توێژەکانی دیکە و تەنانەت بنەماڵەی خودی مامۆستایان و قوتابییەکانیش بەشداری و پشتگیریان لە مامۆستایان نەکردووە یان ئەگەر کرابێت زۆر لاواز و کەم بووە.
وەک باس کرا کەتواری بزووتنەوەی مامۆستایان لە خواستی سێنفی تێپەڕیوە و سنوورەکانی لەگەڵ دەسەڵات ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت و لە هەمان کاتدا بۆ دەربازبوون لەم بازنەیەش، ئەرکی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا و بەتایبەت قوتابی و بنەماڵەکانیان، خوێندکاران، کرێکاران، ژنان و بازاڕییانە کە خەباتی مامۆستایان بە سەرنجدان بە هەموو خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و لە پانتایی زاگرۆسدا وەک بەشێک لە خەباتی شار زیاتر ڕێک بخەن و بە گرێدانی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی خەباتی شار و بە پشتیوانی شاخ هەنگاوەکان بۆ دەربازبوون لە دۆخی کۆلۆنیالیزم خێراتر بکەن.
ئەمەش بۆیە گرینگ و پێویستە چونکە مامۆستایان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شوێندانەرییان دەبێ لەسەر هەموو کۆمەڵگا و منداڵانی هەموو کۆمەڵگا لە بەردەست ئەواندا بار دەهێندرێن و نەسڵی دواتر پێک دێنن؛ کەواتە ئەگەر دەمانهەوێ کۆمەڵگایەکی تەندرووستمان لە داهاتوودا هەبێ دەبێ پشتگیری ئەم چینە زەحمەتکێش و دڵسۆزە بکەین.

# ڕووی ڕاستەقینەی دزێوی

**هیوا خانی**

ڕێژیمی ئیسلامی هەموو کات ڕووخساری دزێوی خۆی لە خەڵکی ئێران و گەلانی ئێران شاردۆتەوە؛ بە ناوی داکۆکی لە فەقیر و هەژارانەوە هەوساری دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و موویەکی کەلاوەنشینانی بە هەموو سەروەتی کۆشکنشینانی نەدەگۆڕییەوە! کەچی ئەمرۆ پێچەوانەکەی لەبەرچاوی هەموو خەڵکی ئێران ئاشکرا بووە کە شۆڕشی چەوساوان و بێبەشان و گەلانی ژێردەست و زوڵملێکراوی ئێران بوو بە فرۆفیشاڵ و درۆیەک کە لەدەست شۆڕشگێڕانیان دەرهێنا و بۆخۆیان بوونە خاوەن و داشداری.

خانوو مەکرن هەمووتان دەکەینە خاوەن خانوو! هەر بەوەندە دڵخۆش مەبن ئاو و برقتان بۆ دەکەینە خۆڕایی! ئوتوبوستان بە خۆڕایی دەبێ! بەرزتان دەکەینەوە بۆ مەقام و پێگەی گەورەی ئینسانی! خەم هەڵمەگرن. ئەوە قسەکانی خومەینی لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ دا بوون کە ڕوونە هیچیان نەتەنیا نەهاتنە دی بەڵکوو دۆخەکە زۆر لە پێشوو خراپتریش بوو.
ئەمەش وای کرد کە لە ساڵڕۆژی بەتاڵانبردنی شۆڕش واتە لە ٢٢ی ڕێبەندان بەپێچەوانەی ساڵانی پێشتر بەبیانووی هەبوون و بەربڵاویی کرۆنا ڕایانگەیاند کە وەک ساڵانی ڕابردوو ڕێپێوان بەڕێوەناچێ و تەنیا بە ماشێن و ماتۆڕ لە پێش شوێنی تایبەتی بیست و دووی ڕێبەندان ڕێژە بڕۆن!

دیارە ترسی بەرپرسان لە بەشداری نەکردنی خەڵک و هێندێک ڕووداوی چاوەڕواننەکراو بوو کە ئەمرۆ لە سایەی پێشکەوتنی زانستی و کەلوپەلی پەیوەندی نەک لە چرکەیەکدا ئاگاداری هەموو هەواڵ و ڕووداوێک دەبی بەڵکوو بۆخۆیشت دەتوانی ببیتە سەرچاوەی هەواڵ و خولقێنەری ڕووداو! لەباتی دروشم و قسەی سەرانی دەوڵەت زۆر بە هاسانی دەتوانرێ دروشم و پەیام و بەیاننامەی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە بڵیندگۆکانی سەر شەقام و بازاڕ بێتە گوێ و ئابڕووی بە هەزار ساڵیان کە نەیانبووە بچێ.
لەلایەکی دیکەشەوە هەر لە سایەی ئەم کەرەستە ئاگادارییانەوە کەوچکیان وەبنی مەنجەڵێ کەوتووە و ئێستا باش دەزانن کە خەنەیان لای خەڵک ڕەنگی نەماوە و لە تەواوی فێڵ و دەهۆکانیان حاڵی بوون. تەواوی ئەو دروشمە بریقەدارانەی لە سەرەتاوە بۆ فریودانی خەڵک هەتا ئێستا هەڵیانگرتووە، نەک وەک بڵقی سەرئاوی تۆقیون بەڵکوو بە پێچەوانەکەی بۆ هەموو خەڵک ئاشکرا بووە و پێویست بە ناوهێنان ناکات.
بەڵام ئەوەی لە بیست و دووی ڕێبەندانی ئەمساڵدا لە هەموو شتێک بەرچاوتر و ئاشکراتر بوو و ڕووی دا و نمایش کرا سان و ڕێژەی گەلێک ماشێنی ئاخیرین سیستم و شاسی بڵیند و وەک فارس دەڵێ لاکچری و میلیاردی لە شارە گەورەکانی وەک تاران بوو کە ئاڵای کۆماری ئیسلامیان لە سەر هەڵدرابوو و دەیانویست بەم شێوازە هەیبەت و گەورەیی ئەو ڕۆژە پیرۆز بکەن؛ کە بەم کارەیان نیشانیان دا کە ئەوانە لایەنگرانی ڕاستەقینە و دەست و پەیوەندی سەرەکی کۆماری ئیسلامین و بەم چەشنە زات و چییەتی ڕاستەقینەی خۆیان کە تا ئەمرۆ بە قسە بوو بە کردەوەش نیشان بدەن و کۆتایی بەو چەندڕەگییە بێنن! داکۆکی لە فەقیر و هەژاران و بەردی ئەوان لە سینگدان درۆیەکە کە بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆتەوە.
ئەمرۆش دیسان ڕوون بوویەوە کە کۆشک و تەلار و ماشێنی لەم چەشنە و سەدان دەنگ و فەنگی دیکە هەر بۆ ئەوە بووە خۆیان و ماڵ و منداڵ و خزم و کەسەکانیان لە ئاسایش و خۆشبژێوی و خۆشگوزەرانیدا بن.
با ٤٠ میلیون خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا بناڵێنن! با هەر موحتاجی نانی شەو بن. نە ئاهی نەداران و نە ئیسلامییەت و نە ئینسانییەت، ویژدانی تۆپیویانی پێ ڕاناچڵەکێنێ.
ئەوان ئەوەندەیان کار بە خەڵک بووە هەتا دەسەڵاتەکەیان سەقامگرتوو بکەن؛ ئەوان هەر لە خەمی ئەوەدا بوون هەتا بتوانن سوڵتەی خۆیان بسەپێنن و ئیتر دواتر چی ڕوو دەدات و چی دەبێ نە گرینگە بە لایانەوە نە ئاوڕی لێ دەدەنەوە.
بەکورتی لە پاش ٤٣ ساڵ حوکم و دەسەڵاتداری دەتوانین بێژین لەلایەکەوە کەتوار و ڕاستییەکانی ژیان و چییەتی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆتەوە و لەلایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامی لە باری ڕەوایی و پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ئاستی بۆ نزمترین پلەی خۆی دابەزیوە و ئەمەش وای کردووە کە هەر تەکان و ڕاچڵەکانێک ببێتە هۆی تێکەوەپێچانی سوڵتە ناڕەواکەی.

# خالید دەرویژە:

## لەگەڵ ئەوەی دەگوترێت سپای پاسداران دەسەڵاتی سێبەری دەوڵەتە بەڵام لەڕاستیدا ئەوە دەوڵەتە لە ژێر هێژمۆنی سپای پاسداران و بەیتی ڕێبەریدایە و هیچ دەسەڵاتێکی نییە

وتوویژ: ڕەحمان سەلیمی



بڵاوبوونەوەی فایلی دەنگی لەسەر دانیشتنی نهێنیی «محەممەدعەلی جەعفەری» فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران و «سادق زۆلقەدرنیا» جێگری پێشووی ئابووری و سازەندەگیی ئەو ڕێکخراوە لە ساڵی ١٣٩٧ای هەتاوی، گۆشەیەکی دیکە لە گەندەڵییەکانی نێو ڕێژیمی ئێرانی ئاشکرا کرد.

لەو فایلە دەنگییەدا کە ڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندان بڵاو بوویەوە ئاماژە بەوە کراوە کە خامنەیی فەرمانی داوە کە ٩٠ لەسەد لە داهاتەکانی بونیادی تەعاونی سپای پاسداران بۆ لقی قودسی سپای پاسداران تەرخان بکرێت. لە کاردنەوەدا «خامنەیی» سەبارەت بەو فایلە دەنگییە وتوویەتی کە دەیانهەوێت تۆمەت لە بناغەکانی «ئینقلاب» بدەن.

قسەکانی ڕێبەری ڕێژیمی ئێران لەحاڵێکدایە کە هەواڵدەریی «فارس» سەر بە سپای پاسداران، ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی ڕێبەندان، ڕاستبوونی فایلی دەنگیی دانیشتنی نهێنیی «محەممەدعەلی جەعفەری» فەرماندەی پێشووی سپای پاسدارانی پشتڕاست کردەوە. لەم وتوویژەدا لەگەڵ بەڕێز «خالید دەرویژە» ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، گەندەڵیی و ڕۆڵی سپای پاسداران و ناوەندەکانی سەر بە وەلی فەقیە لە ئابووریی ئێرانمان خستووەتە بەرباس.

### - پێکهاتەی ئابووری و سیاسیی ڕێژیمی ئێران چۆنە کە دەستی ناوەندە نیزامییەکانی وەک سپای پاسداران لە کاروباری ئابووریدا تا ئەو ڕادەیە ئاوەڵا کردووەتەوە؟

تەنانەت بە چاوخشاندنێکی سەرەتایی لە یاسای بنەڕەتی ئیدئۆلۆژیک و دواکەوتوانەی کۆماری ئیسلامی کە بەپێچەوانەی هەموو دەقە یاساییەکان کە دەبێ هەڵگری دوو تایبەتمەندی کورتبێژی و پتەوی بێت، بە شێوەیەک کە خۆی لە درێژدادڕی ببوێرێت و ماف و سەڵاحییەتەکانی خەڵک و حکومەت بەڕوونی دیاری بکات، نەتەنیا لەو ئاراستەیەدا هەنگاوی نەناوە و پڕە لە دەستەواژەی چەواشەکارانە و پۆپۆلیستی، دژانگۆیی و تەناقووزاتی بەرچاو، لە زۆربەی ئەسڵەکاندا خۆی دەنوێنێت. ئابووری نەتەنیا وەک زانستێک پێناسە ناکرێت بەڵکوو لەڕاستیشدا گرینگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت، توانستی خۆگوونجاندنی ئابووری لەگەڵ پێداویستییە سەردەمییەکانی خەڵک کە بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندایە، ڕەچاو نەکراوە، بنەما و تێفکرینە ئیدئۆلۆژییەکان دەست و پێی ئابووری گرێ داوە و ئازادی هەڵبژاردنی کار و چالاکی و ڕەخنەگرتن وەک مەرجی سەرەکی و پێویستی بووژانەوەی ئابووری بەربەست کراوە. ئەگەرچی لە ئەسڵی ٤٤ی یاسای بنەڕەتی پێکهاتەی ئابووری لە سێ بەشی دەوڵەتی، تەعاونی و تایبەتیدا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام خودی ئەم ئەسڵە بە دەستنیشانکراوی هەموو بیاڤی ئابووری لە هەموو کەرتەکانیدا خستۆتە دەستی حکومەت و شتێکی ئەوتۆی بۆ بەشەکانی تر نەهێشتۆتەوە. ئەسڵی ١١٠ی یاسای بنەڕەتی کە هەموو سەڵاحییەتی داوەتە وەلی فەقیە، بێ پەردە و بە سەراحەت خاڵی کۆتایی لەسەر هەمەکارەبوونی ڕێبەری نیزام داناوە. لەمەڕ پێکهاتەی سیاسیش، هەمان تێفکرین بۆ بیاڤی ئابووری لە بیاڤی سیاسیشدا ڕەنگی داوەتەوە، پێکهاتەی هێرەمی کۆماری ئیسلامی هەموو دەسەڵاتەکانی کومەڵگای لە کەشەفێکی زێڕین پێشکەش بە وەلی فەقیە کردووە، ئێمە لەم وڵامە کورتەدا مەبەستمانە دوو بیاڤی ئابووری و سیاسی بە شێوەیەکی گشتی ڕاڤە بکەین و بێگومان هەموو بیاڤەکانی تری کۆمەڵگا بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دەست ڕێبەری خۆسەپێنی نیزامدایە. ئەم پێکهاتە و شێوەتێفکرینە سەدەنێونجییە کە لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەم بێگانەیە لەگەڵ ئەوەی خودی ڕێژیمیش ئەم واقعییەتە دەزانێت، لەلایەن ئازادیخوازان و خوازیارانی پێشکەوتنی وڵات بەردەوام بە چالش دەکێشرێت، هەربۆیە ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنە بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە هێزی سەرکوتکەر و کۆنەپارێز هەیە و ڕێژیمیش بۆ مانەوەی خۆی وەک بەشێکی گرینگ لە خۆی دەزانێت؛ هەر بۆیە دەسەڵاتی دواکەوتووانەی کۆماری ئیسلامی و ئەم هێزە نیزامییانە وەک دووانەی لێک دانەبڕاون. کەواتە زۆر سرووشتییە ناوەندە نیزامییەکانی ڕێژیم و لەهەموویان کاریگەرتر سپای تێرۆریست و گەندەڵی پاسداران بۆ مانەوەی ڕێژیم، نەتەنیا دەسەڵاتێکی ڕەهایان لە دەستێوەردان لە هەموو بیاڤەکانی کۆمەڵگادا هەبێت، بەڵکوو لەڕاستیدا زۆرجار لە دەوڵەتیش کە بەشێوەیەکی فەرمایشی و بە شێوەیەکی خەڵکخەڵەتێنانە دەیهەوێت ڕواڵەتێکی دێموکراتیک لە دەسەڵات نمایش بدات، دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی زیاترە، لەگەڵ ئەوەی دەوترێت سپای پاسداران دەسەڵاتی سێبەری دەوڵەتە بەڵام لەڕاستیدا ئەوە دەوڵەتە کە لە ژێر هێژمۆنی سپای پاسداران و بەیتی ڕێبەریدا هیچ دەسەڵاتێکی نییە.

### - بۆچی ناوەندە نیزامییەکان لەئێران هەتا ملان لە چالاکی ئابووری گلاون؟

دوای کۆتاییهاتنی شەڕی هەشت ساڵەی ڕێژیم لەگەڵ عێراق، دەرەجەدارانی سپا کە ڕێژەیان زۆر بوو، نەدەکرا هەموویان پلەیان بەرز بکرێتەوە و نەشدەکرا هەموویان لەکاری سیاسەتدا بەشداریان کردبا یا کاری بەڕێوەبەرییان پێ ئەسپێردرابا، قەرار وابوو لەگەڵ ئەرتش تێکهەڵکێش بکرێن. سپاییەکان دوای بیستنی ئەم ورتەورتانە وەک ئەوەی لە شەڕی هەشت ساڵەدا سەرکەوتنێکی مەزنیان تۆمار کردبێت و مانگیان شەق کردبێت کەوتنە جمووجۆڵ و بە دامەزراندنی کۆڕی سەراسەری فەرماندە و بەرپرسینی سپا لە ساڵی ٦٧ دژکردەویان نیشان دا و لە چوارچێوەی ئەم ڕەستەیە کە ئەگەر شەڕ درێژەی شۆڕش بوو، ئاوەدانکردنەوەش درێژەی شەڕ و شۆڕشە، هەوڵی کردنەوەی جێپێی خۆیان لە ئابووری دا و لە ڕاستیشدا هاشمی ڕەفسەنجانی و عەلی خامنەیی نە ویستیان و نە توانیان ڕۆڵیان پێ نەدەن، جەرەقەی بەشداری سپا لە پرۆژەکان و لە بیاڤە جۆراوجۆرەکانی ئابووری لێدرا. هێزی نیزامیان بوو بە پاڵپشتی وەرگرتنی ئیمتیاز و ڕانتی ئابووری و بەو پێیەش ئەمڕۆ هەم لەبواری سیاسی و هەم لەبواری ئابووری لە پشت سەری ڕێبەری نیزام بەهێزترین کارەکتەری گۆڕەپانەکەن.

### . چالاکیی ئابووریی ناوەندە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران چ کاریگەرییەکی لەسەر ئابووریی ئێران بووە؟

کاتێک لە پێکهاتەیەکی پۆلیسی -نیزامی وەک کۆماری ئیسلامی، هێزی نیزامی دەبێتە هۆکار و پاڵپشتی هێزی سیاسی، ئەم سیستمە خۆگەڕئاسا بەرەو سیستمێکی ڕانتی هەنگاو دەنێت. بە هێزی سیاسی تێکەڵ بە هێزی ئابووری یەکلاکەرەوە دەبێت و ڕکابەری ئابووری لەنێوان دامەزراوە و کۆمپانیا و کەرتە تایبەتییەکان لە گۆڕەپانەکە وەدەردەنرێن و ماڵئاوایی دەکات، دەسەڵاتی داد کە دەبێ بەشێوەی سەربەخۆ لێپرسینەوە لە دۆسییە و پەرگە گەندەڵییەکان بکات، مادام خۆشی دەستنیشانکراوی وەلی فەقیهە و هاوکات دەرەقەتی هێزی بەهێزی ئابووری و سیاسی و نیزامی سپا نایەت، دەبێتە دامەزراوەیەکی فۆرمالیتە. هەڵبەت لەبیرمان نەچێت تەنیا دەرحەق بە مۆرەکانی ڕێژیم، ئەگەر نا زۆر نامرۆڤانە هەڵدەکوتێتە سەر ئەوانەی سەریان بە بەیتی ڕێبەری وەسڵ نییە. یا هەر ئەم دەسەڵاتە لە چاوسوورکردنەوە و پێشێلکردنی مافی خەڵکی، ڕووی هەرچی دامەزراوە پۆلیسی و سەرکوتکەرانەی مێژوو بە خۆیەوە بینیوە، سپی کردۆتەوە.

لەئاکامی دەستڕۆیشتوویی سپا و بەندبوونی بە تۆڕەکانی دەسەڵات نەتەنیا هەموو پرۆژەکان بەبێ ڕەچاوکردنی مێکانیزمی کەمبەرکێ «مناقصە» دەدرێت بە سپا و ئەوەش خۆی هۆکارە بۆ مایەپووچبوونی کۆمپانیاکانی تر و زیادبوونی حەشیمەتی بێکار، لەلایەکی تریشەوە مادام سپا و دامەزراوەکانی سەر بە بەیتی ڕێبەری نیزام کە ژمارەشیان یەکجار زۆرە، لەهەموو ئاسانکاری بێ بەهرەی بانکی بەهرەمەندن و لەولاشەوە لەدانی ماڵیات بەخشراون، کەواتە بەهای تەواوکراوی کاڵا و شتومەکیان هەرزانتر دەبێت بەنیسبەت ئەو کۆمپانیا و کەرتانەی ئەم شانسەیان نییە و دیسانیش بینەری مایەپووچبوون و داخستنی کۆمپانیاکان و دواجاریش زیادبوونی ڕێژەی بێکاری دەبین. نەدانی ماڵیات بە حکومەت، دەوڵەت لەدابینکردنی تێچوو و پێویستییەکان لەگەڵ کورتهێنان بەرەوڕوو دەکات و لەگەڵ ئەوەش بوونی گەندەڵی سیستماتیک لە دامەزراوەکانی سپا لەلایەک و هاوکات بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی وڵات و دانی بە گرووپە تێرۆریستییەکانی سەر بە ڕێژیم لە ئاستی ناوچە و تەنانەت جیهانیشدا، وەک چۆن لە فایلە دەنگییە درزکراوەکەی فەرماندەکانی سپا بەرچاوە کە بە فەرمانی خامنەیی دەبێ ٩٠ لەسەدی داهاتەکان بدرێت بە سپای قودس، دەوڵەت ناچار دەکات بۆ قەرەبووی کەمیی بودجەکەی لە کردەوەیەکی نازانستییانە دەست بۆ گیرفانی دەسەڵات کە بانکی ناوەندییە بەرێت و لە ئەگەری نەبوونی پووڵ، پووڵی بێ پشتوانە و زۆر زیاتر لە قەوارەی GDP چاپ بکات؛ کە ئەمەشیان هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن دەبێتە هۆی زیادبوونی بارستای نەختینە و هەڵاوسان، بێکاری و هەژاری بەدواوە دەبێت. بێ‌هۆ نییە قەوارەی نەختینەیی لە ٦١٠ هەزار میلیارد تمەن لە ساڵی ٩٢ بەرێژەی ٤٣١٦ هەزارمیلیارد تمەن، واتە زیاتر لە شەش بەرابەر دەگات لە کۆتایی خەزەڵوەری ١٤٠٠!

### . خامنەیی لەو هاوکێشەیەدا چ ڕۆڵێکی هەیە؟ هۆکاری بێدەنگی خامنەیی لەهەمبەر گەندەڵییە ماڵییەکانی فەرماندەکانی سپا چییە؟

کاتێک پێکهاتەیەکی ئیدئۆلۆژیک و دژی خەڵکی و بێگانە و نامۆ بە ئامرازەکانی دەسەڵاتداری سەردەم و تازە لە سەدەی ٢١ و لەگەڵ ئەم ڕادە لە خێرایی زانیاری و تێگەیشتوویی خەڵک بەرەوڕوو دەبێت و مەترسی دارمان و فەوتانی هەست پێ دەکات، لە سیاسەتی بێزراوی «النصربالرعب» واتە سەرکەوتن لە ڕێگەی ترساندن کەڵک وەردەگرێت. باڵی ئیجرایی ئەم سیاسەتە دژی گەلییە دەبێ کێ بێت؟ بێگومان کەسانێک کە لە بازنەی بۆشی وەلی فەقیهدان و بەدرێژایی ٤٣ ساڵ لە سفرەی نیزام خواردنیان خواردووە و وەک زێروو لە خوێنی خەڵک دەمژن، کەسانێک کە بە ڕووخانی ڕێژیم ئاسایشی گیانی و ماڵیان دەکەوێتە مەترسی، هەر ئەوانەن بەچنگ و ددان بەرگری لەم نیزامە دەکەن کە سەرچاوەی خێر و بەرەکەت بووە بۆیان؛ کەواتە مادام خامنەیی مەترسی لەسەر دەسەڵاتەکەی هەست پێدەکات، بەشێوەی سرووشتی لەهەمبەر گەندەڵی ماڵیی ئەم تاقمە بێ هەڵوێست دەبێت، لەلایەکی تریشەوە سپای پاسداران و باڵی دەرەوەی ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە واتە سپای قودس، لەژێر ئامۆژگاری و ڕێنوێنییەکانی ڕێبەری نیزام، هەروەک چۆن جێگری ئابووری سپا، لە فایلە دەنگییەکە، بەهێنانەوەی بڕیاری خامنەیی بە جەعفەری دەڵێت، دەبێ ٩٠ لەسەدی داهاتی سپا بۆ سپای قودس تەرخان بکرێت، خامنەیی چۆن دەتوانێت لێپرسینەوە لەم فەرماندانە بکات؟ کاتێک ئەم گەندەڵییانە و دانی سەروەت و سامانی وڵات بە گرووپە تێرۆریستییەکان بە جیهاد و ئەم بەڕێوەبەرییەش لەلایەن خامنەیی پێی دەوترێت، بەڕێوەبەری جیهادی، سرووشتییە تەنیا دەتوانێت بێدەنگی هەڵبژێرێت، هەرچەندە خودی خامنەیی و بەرپرسانی ڕێژیمە گەندەڵەکەی زۆر لەوە ڕووهەڵماڵراوترن کە پێمان وابێت تاوانەکە کوردوتەنی، «هێڵی خوار لە ژێرسەری گای پیردایە» وەئەستۆ بگرن و بە دوور نازانرێت بێ ئاگایی خۆیان لەم گەندەڵییە ڕابگەیەنن یا لە ئەساسدا سەرلەبەری ئەم فایلە و باقی گەندەڵییەکانیان ڕەد بکەنەوە .



### . دامەزراوەی هێریتەیج، بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک پێوەر، پێگەی ئێرانی لە نێوان ١٧٧وڵاتدا ١٧٠ڕاگەیاندووە، ئەم پێگە لاوازەی ئێران بەپێی بەدواداچوونی ئەم دامەزراوەیە، بۆچی دەگەڕێتەوە؟

ئەگەر بە زێدەگۆیی بەئەژمار نەیەت دەتوانین بڵێین لەگەڵ ئەوەی دامەزراوەی هێریتەیج پێگەی ئێرانی لە ڕیزبەندی ١٧٠ لە نێوان ١٧٧ وڵاتی هەڵسەنگێنراو داناوە، و تەنیا وڵاتانێک وەک کۆرەی باکوور، کوبا، ڤێنیزۆئێلا، زیمباوە، سودان، بورووندی و ئەریترە لەدوای ئێران دێن، زانیاری پێویستی لەبەردەست نەبووە و دەنا تەنانەت لەو حەوت وڵاتەش دوا دەکەوت، بەو حاڵەش دەبێ بڵێین بەداخەوە ئەم وڵاتە بەو هەمووە توانستە ئابوورییە لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دۆخی بەو ئاستە گەیشتووە. کاتێک لە یاسای بنەڕەتی ڕێژیمدا بەپێچەوانەی ئەو دەقە یاساییانەی وڵاتانی دێموکراتیک و خەڵکی کە بە سەرچاوە وەرگرتنی یاسای بنەڕەتی وڵاتانێک وەک ئەمریکا، فەرانسە و بێلژیک کە هەر سێ مۆدێلی مافی ڕەهای خاوەندارییەتی کە بریتین لە یاسای ڕێزگرتن لە خاوەندارییەتی - یاسای وەرگرتنەوەی خاوەندارییەتی بۆ بەرژەوەندی گشتی، تەنیا بە ڕەزامەندی خاوەن و پێ بژاردن بەپێی دادگایەکی عادڵانە و- ڕێگەنەدان بە دەستبردن بۆ خاوەندارییەتی لە بری سزا، بەڕوونی لە یاسای بنەڕەتیدا دەگونجێنن، بەڵام ئەم دەقە گرینگە بەشێوەی ناڕوون و بە هێنانی پاشگر و مەرجدار، لە یاسادا ئاماژەی پێدەکرێت و خاوەن ملک هیچ دڵنیاییەک بۆ پاراستنی سەرمایەکە نابینێت، لەو لاشەوە سپای پاسداران هەوڵی تاودانی ئەسپی بەرژەوەندییەکانی دەدات، بەکردەوە، وەبەرهێنانی تایبەتی لەم ئابوورییەدا بوونی نابێت، نەتەنیا زانیاری ورد نادرێت بە دامەزراوە لێزانەکان لە بواری ئابووری، بەڵکوو ئەو کەس و لایەنانەش گەندەڵییەک ئاشکرا دەکەن لەلایەن دەسەڵاتی نادادی کۆماری ئیسلامی سزای قوورسیان بۆ دیاری دەکرێت، کاتێک گەندەڵی لە حاڵەتی ئاوارتە دەرچووە و بووە بە سیستماتیک و لەبەدواداچوونی وەبەرهێنەران بۆ لای دەسەڵاتداران بەبێ بەرتیلدان کارەکانیان ڕایی ناکرێت، ئەم ڕیزبەندییە دەبوو لەوەش خراپتر با کە دامەزراوەی هێریتەیج ئاماژەی پێ داوە.

### . بەڕای ئێوە بە سەرنجدان بەو قەیرانانەی بەرۆکی ئابووریی ئێرانی گرتووە، دۆخی ئابووریی ئێران لە داهاتوودا چۆن دەبینن؟

بەسەرنجدان بەو زانیارییانەی خستمانەڕوو و بە پێی ماهییەتی ئیدئۆلۆژیک، نابەرپرسانە، دژەگەلی، تێرۆریست و دەیان پاشگری نێگەتیڤی تر، هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی هەموو ئەم قەیرانانەی ئەمڕۆ بەرۆکی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئەم جوغرافیا بەڵالێدراوەی گرتووە، خودی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدایە. بەواتایەکی تر هەموو ئەم قەیرانانە لە هەناوی بیروشکی، چەقبەستوویی و تێفکرینە سەدە نێونجییەکانی حاکمییەت لەدایک بووە و دەبن و تەنیا ڕێگەی دەربازبوون لەم قەیرانانە،ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە نگریسەیە بە ئەکتی شۆڕشگێرانە. چارەسەری ئەم گرفتانە و دابینبوونی ئەمن و ئاسایش لە نێوخۆ، ناوچە و جیهان بە ڕێڕەوی نەمانی کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕ دەبێت. بەشێوەی گشتی و دواوتە، هیوا بۆ چارەسەری گرفتەکان بە بوونی کۆماری ئیسلامی ئاو لە ئاونگ کووتانە و لە ئەگەری بەردەوامی ڕێژیم، کە ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێک گەڕناڵی لەنێوبردنی لە گوێی ئازادیخوازاندا دەزرینگێتەوە، ئاست و قەوارەی قەیرانەکان زۆرتر و گەورەتر دەبن و بەداخەوە دەبێ بینەری زیاتری دارمانی بەها ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان و شپرزەتربوونی دۆخی ئابووری بین.

# دوو کورتەچیرۆکی م.عەلی سۆهرابی



## بــەفر

هەموویان پێیان وابوو دەبێ هەتا زووە ئاوا بین. خۆشم هەر لە سەر ئەو باوەڕە بووم. ئیتر مانەوەمان خەسار بوو بۆ خۆشمان و بۆ بزووتنەوەش. مستەفا تۆزێک ناساغە. تۆزێك نا... زۆر ناساغە. خۆی دەڵێ تۆزێک. دەیگوت بۆ من هەر حوکمی ئیعدامە. چ لێرە و چ لە ڕێگا و چ لەوێ.

شەودرەنگان دەگەینە ماڵی حاجی. ماڵێکی گەرم و گوڕ و زیندوو. حاجی وەک چاوەڕوانمان بووبێ، لە بەر دەرگای حەسار دەستەملانمان دەبێ. کۆکەی یەک لە دوای یەکی مستەفا ناهێڵێ لە حاجی حاڵی بم. پێموایە دەڵێ لە هەمووی تەمەنمدا زستانی وا دژوارم نەبینیوە. لەگەڵ چاییەکەیدا دووسێ حەبانیش دەخوا. زۆری پێ ناچێ لەم کۆکە بەردەوامەی کەم دەبێتەوە و هێدی هێدی دێتەوە سەر خۆ. بزەیەکی شیرین لە سەر لێوەکانی ملەتاتکێیەتی. لە دەرەوە بەفر دەبارێ و لە ژوورەوەش کڕێوە شێعرە :

کڕێوەیە و

بەفر ئەبارێ بە سەر دڕک و گاشەبەردا

چیا خامۆش...

سەری لوتکە لە تەم دەسوێ......

مستەفا بە دەماخە. دیسان هەستی جوولاوە. لەگەڵ هەر وشەیەک کە لە هێلانەی دەمی دەفڕێ، چاوەکانیشی هەڵۆئاسا بە سەر ڕەوەز و زەندۆڵەکانی روخسارە پڕ گرێوگۆڵەکانی گوێگرەکانیدا دەڕوانێ. هەموومان دەزانین لە خوێندنەوەی ئەو شێعرەدا چەندە کارامەیە. ئەوەندی ناسر حیسامی ئەو شێعرەی وەستایانە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئەوەندیش مستەفا وەستایانە دەیخوێنێتەوە. مستەفا دەڵێ ئەگەر کەسێک لە ئەدەبیاتی کوردی و فارسی تەواو شارەزا بێ و نەزانێ ئەو شێعرە هی سیاوەشی کەسراییە، وادەزانێ ئەو شێعرە لە بنەڕەتڕا کوردییە و دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی. ئەوەش دەسەڵاتی شێعری و توانای وەرگێڕی ناسری حیسامیمان بۆ دەردەخا....

مستەفا، ئەو شەوە لە ماڵی حاجی ئەوەی نەگوت. زۆر پێشتر لە دانیشتنێکی ئەنجومەنی ئەدەبی ئەوەی گوت. کاتێک بۆ یەکەم جار لەو دانیشتنەدا ئەو شێعرەمان تاوتوێ دەکرد. کەسێک لە پشتەوەڕا وڵامی مستەفای داوە: زۆرجار هەیە وەرگێڕێک لە وەرگێڕاندا، لە نووسەر یان شاعێرەکە تێدەپەڕێنێ. هەروەک ماموستا هەژار لە وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام، لە خەییامی تێپەڕاندووە. کارەکەی ناسریش لەو چوارچێوەیەدایە. پێموابێ کاک ڕەهبەر یان کاک موحسێن بوو وای گوت. لە دانیشتنەکەی ئەنجومەنی ئەدەبی نا...... لێرە وای گوت لە ماڵی حاجی...

حاجی گوتی من سەرم لەم قاڵمەقاڵمە دەرناچێ. من دەچم دەخەوم.

ئێوارەیە. لە دەرەوە، کڕێوەیە. باو و بۆران حەشر دەکەن. حاجی وەک ئەوەی حەز بکا هەرچی زووتر لە کۆڵی خۆیمان b کاتەوە، دەڵێ: دوای بانگی شێوان دەبێ سنوور ببەزێنین. خۆتان ساز کەن...

ئێمە خۆمان ساز کردووە. ئەوەی ناسازە، مستەفایە. هەر دەکۆکێ و هەر دەکۆکێ. بە گوێمدا دەچرپێنێ: بەم بارودۆخە من نەیەم باشترە. مردن هەر مردنە لە شار یان لە شاخ. بە بزەوە دەڵێم: گەرچی تۆ هی مردن نی، بەڵام مردنی شار و شاخ هەر خودایان یەکە.

حاجی خەریکە ڕێنوێنیمان دەکا: زۆرتری شەوان کەمین هەیە. ئەگەر هات و کەوتینە کەمین، هەڵێن و لێک دابڕێن. هەر کەسە و کوڕی بابی خۆی. دواجار خۆتان بگەیێننەوە ماڵەکەی خۆمان. دەیگوت یەک یەک و بەمەودا بڕۆن. هەر من و مستەفا بە جووت دەڕۆیشتین. حاجی لەپێش هەمووان و ئێمەش لە دوای هەمووان. هەتا زیاتر وەسەر دەکەوتین، بارستایی بەفرەکە زیاتر دەبوو. حاجی ڕچەی بۆ دەشکاندین و ئێمەش بە شوێن پێی ئەودا....مستەفا بە ناو بەفر و کڕێوەدا دەکۆکی. جار هەبوو خۆی ڕادەگرت تا ئەو جێگایەی لە ژێر تەوژمی کۆکەدا ڕەش هەڵدەگەڕا. کە خۆی بۆ ڕانەدەگیرا، لەپڕ خۆی بە دەستەوە دەدا و دەکۆکی و دەکۆکی و هەر دەکۆکی. مەودای ئێمە و دواکەسی سەر ڕێچکەکە، هەر دەهات و زیاتر دەبوو. خێرایی بەفر و کڕێوە لە زۆر شوێنان شوێن پێی هاوڕێکانمانی کاڵ دەکردەوە. بەم تاریکییە کڕێوەی دەکرد و کڕێوەی دەکرد. با، بە هەموو توانای خۆیەوە، بەفری لە سەر و سوکتمان دەکوتا. سەر و سمێڵمان سەهۆڵی بەستبوو. پێم وابی کۆکەی خنکاوی مستەفاش لە ناو ئەو بەفر و کڕێوەیەدا بەر لەوەی بگاتە گوێی هیچ کەس، دەیبەست.

قسەم بۆ مستەفا دەکرد. هەوڵم دەدا دڵی گەرم ڕاگرم. بەڵام هاژوهوژی با، نەیدەهێشت هیچم لێ حاڵی بێت. لە ناو مژ و کڕێوە و تاریکیدا هێدی هێدی تارمایی هاوڕێکانمان لێ دوور دەکەوتەوە.

دواجار مستەفا کەوت. بە پەلە گەڕامەوە سەری. کۆکە بێدەنگەکانی بە ئاستەم بەفری بەر دەمیان سوور دەکرد. لە کۆڵم کرد. دەست و پێی لە دەست و پێی من سڕتر ببوون. بەفر لە ئەژنۆمی تێدەپەڕاند. کە لاقێکم دەردەکێشا، لاقەکەی‌ترم ڕۆدەچوو. گوتی دامنێ. جێم بهێڵە و بڕۆ. دەیزانی جێی ناهێڵم. من هیچ کات و لە هیچ شوێنێک جێم نەهێشتبوو. گوتی تۆ ناڵێی مردنی شاخ.... ئیتر قسەی پێ نەکرا. یان نەیویست درێژەی پێ بدا. من بە سەخڵەتی ڕێم دەبڕی و ئەویش بە سەخڵەتی هەناسەی دەدا. هەر چەند جاری هەناسەی دەدا، نەختێک بەفر و سەرمای دەگەیاندە سییەکانی و هەمیسان دەستی دەکرد بە کۆکین...

لەگەڵ یەکەم ئیست، حاجی فەرمانی هەڵاتنی دابوو. ئیتر هەر کەسەو کوڕی بابی خۆی بوو. هەرچەند لەگەڵ تەقەی یەکەم دەستڕێژ بە شوێنی خۆمدا گەڕابوومەوە، بەڵام ئەوەتا لە گەڕانەوە و هەڵاتنیشدا هەر لە دواوە بووم و هەموویان پێشم کەوتبوونەوە. مستەفا بە کۆڵەوە هێورهێور بە شوێنی خۆمدا دەگەڕامەوە...

ـ ئیست.... ئیست...

بە ناو هاشوهووشی کڕێوە و هەناسەی مستەفادا، خۆی لە گوێچکانم دەخزاند. گوێم بە ئیستەکە نەدەدا و هەوڵم دەدا لە قورتەکە خۆم نەدیو کەم. کە تەقە هات، زریکەیەک لە بڕبڕەی پشتم هەستا. لەترێکم برد و بە زەحمەت خۆم گرتەوە. هەستم کرد تەڕاییەکی گەرم بە ڕانمدا، دادەکشێ. چەندی کردم لاقم هەڵنەهاتەوە. دەمەو لەپ بەربوومەوە. من بە سەر بەفرەکەدا کەوتم... مستەفا بە سەر مندا و بەفریش بە سەر مستەفادا....

بە هێوری لە بن گوێ دا دەیجریواند: کڕێوەیە و بەفر ئەبارێ بە سەر دڕک و گاشەبەردا....

## سنوور

سەر و پۆتڕاکم لە تۆزوخۆڵ و ئارەقەدا، ڕەش و شین هەڵگەڕابوو. دڵم جۆلانەی دەکرد. دەرفەتیان نەدەدا خۆم ببزێوم. دەمەویست بەر لەوەی یارمەتییان بگاتێ، خۆم دەرباز کەم. ژانی لاقم، هەر دەهات و زیادی دەکرد. بە ناچاری دوافیشەکم تەقاند. نەختێک خۆم مات کرد. دوو نارنجۆک و سەرنێزەیەکم پێ مابوو. دەمزانی دەربازبوونم زۆر چەتوونە. لەپڕ تەقەیەک هات و لە بەرەوڕووم زریکەیەک هەستا. تەقەیەکی‌تر و زریکەیەکی‌تر... تەقەیەکی‌تر و هاوارێکی‌تر.... بێ ئەوەی بزانم کێ لە پشت سەرم تەقە دەکا، دوو نارنجۆکەکەم بەرەو پێش حەوا دان و لە پەنا بەرد و گوێنییەکان خۆم مات کردەوە....

بەو تاریکە شەوە، بە شەلەشەل خۆم گەیاندە ماڵی هیوا. بۆ ماڵی باوکم ڕێم نەبوو. باوکم گوتبووی: «با جەهەننەم بێ. پێی بڵێن ڕوو لەم دەرگایە نەکاتەوە. ئیتر کوڕی من نییە. کوڕی من با، لای من دەبوو.» بە جەمەدانییەکەم توند برینەکەم بەستبوو. ترسم هەبوو بە چۆڕە و پڕووشکی خوێن، شوێنم هەڵگرن. لە دەرگام دا.... هەمیسان لە دەرگام دا....دەنگێکی خەواڵوو لەو بەرەوە هاواری کرد :»کێیە«؟

ـ م...م...من...منم..

ـ عەلی؟

دەرگاکەی کردەوە. سەرسوڕمان لە چاوانی دەباری. لە باوەشی کردم. لە پەستا ماچی دەکردم و بۆنی پێوە دەکردم. لەپڕ داچڵەکا :

ـ دەک ماڵی وێرانم .... ئەوە برینداری؟

ـ شتێکی وا نییە...

ـتەنیای؟

ـئەرێ... هەڵبڕاوم...

بردمیە ژوور. جەمەدانییەکەی کردەوە کە برینەکەم پێ بەستبوو. گوللەکە ئەستوورایی بەلەکمی کوناودیو کردبوو. برینەکەی بۆ شووشتمەوە و پێچایەوە. شنەی ژنی، بە بینینم شاگەشکە بوو. بە بینینی چەک و چۆڵەکەم.... بە بینینی برینەکەم.... بە بەرمدا دەهات و دەچوو. وەک ئەوەی....

هیوا بە هیچ جۆر نەیدەوێرا دوکتورم بۆ بانگ کات. نەختێک لۆکە، بێتادین، حەبی ژان و چڵک... هەر ئەوەندە و هیچی‌تر. بەڵام ئەوانە بۆ برینەکەی من بەس نەبوون. لاقم لە ناوەوە چڵکی کردبوو و ڕۆژ بۆ ڕۆژێ پتر دەئاوسا. ژانەکەشی حەجمینی لێ هەڵگرتبووم.

ئیتر شنە، وەک ڕۆژانی سەرەتا پێم شاگەشکە نەبوو. بۆڵەبۆڵی دەهات. لای من نا... لە ژوورەکەی خۆیان. شەوێک لە ژوورەکەی خۆیان دەمەتەقەیان بوو:

ـ با بچێتە شوێنێکی‌تر.... خۆ هەر ئێمە نین.

ـ بریندارە. پەنای بۆ ئێمە هێناوە.

ـ لاقی ئاوساوە.... بۆنی گرتووە. ئاوا بەو حەب و دەرمانەی تۆ قەت چارەی نایە. دواجار دەمرێ و ئەویشمان بە سەردا قاڵ دەبێتەوە....

ـ بێدەنگ بە... نەکا گوێی لێ بێ و بتۆرێ...

خۆم کۆ کردەوە. چەکوچۆڵم لەخۆ بەست. بە جەمەدانییەکەم برینەکەم توند بەست کە هێشتاش چڵک و زنچکاوی لە بەر دەڕۆیی. بانگم کردن. ماڵاواییم لێ کردن. هیوا دەیگوت مەڕۆ...ئاوا ناگەیە هیچ شوێنێک.... شنە دەیگوت بڕوا بکە هیچ مەبەستێکم نەبووە...

ماڵاواییم لێ کردن. سپاسی میوانداری و زەحمەتەکانیانم کرد. بێ ئەوەی دڵم لێیان ئێشابێ، دەرگام کردەوە و جێم هێشتن.

تەنیا هیوام ئاوابوون بوو. بەرەو سنوور دەخۆم نووسام. ژانی لاقم بڕستی لێ بڕیبووم. پێی دەڕۆیشتم.... بە شەلەشەل.... بە لەدووخۆکێشان. هەر چۆنێک بوایە دەبوو بەر لەوەی ڕووناکایی دابێ، سنوور ببەزێنم. ئێرە شوێنی ڕمبازێنی شەو و ڕۆژمان بوو. هەمووی ئەو شوێنەم وەک بەری دەستم دەناسی. سەد میترم مابوو بگەمە سنوور. تەنیا سەد میتر، کە کەوتمە بۆسە و لە هەموو لایەکەوە ڕێژنەی گوللەم بە سەردا باری. دەستم کردەوە. بۆ جارێکی‌تر دەبوو دەست بکەمەوە. من لە بنەڕەتڕا کوڕی دەستکردنەوە بووم. کازیوەی بەیانی بوو کە دوافیشەکم تەقاند....

دەمێک تەقەکە بێدەنگ بوو. هەستامەوە. ئاوڕم داوە. لە بوولێل و تاریکیدا، قەڵافەتی مێرانەی باوکم ناسییەوە کە وەک کێو لە پشتم ڕاوەستا بوو.

ـ باوکە ئەوە تۆی؟

ئامبازی بووم. گوللەیەک شانی هەڵتەکاندبوو. گوللەیەکیش خاڵیگەی کوناودیو کردبوو.

ـ باوکە ئەوە برینداری؟

ـ هیچ نییە. تۆ بڕۆ و خۆت دەرباز کە.

ـ چۆن بڕۆم؟ چۆن ئاوات بە جێ بێڵم؟ پێکەوە دەڕۆین.

ـ وا لە خواروو دەنگی زیلی سەربازی دێ. تا کار لە کار نەترازاوە، بڕۆ و خۆت دەرباز کە.

ئیتر قسەی پێ نەکرا. چۆکی شکانەوە. چەکوچۆڵم فڕێدا. باوکم لەکۆڵ کرد. بە لینگەخشکە بەرەو سنوور وەڕێ کەوتم. هەستم کرد خوێنی گەرمی باوکم، داچۆڕاوەتە سەر کۆنەبرینەکەی من و لەگەڵ چڵک و زنچکاوی برینەکەی من تێکەڵ بووە. دەنگی زیلێکی سەربازی، بە سەر من و تەرمی نیوە گیانی باوک و تەنیاییماندا دەباری. تەنیا بیست میترمان مابوو بۆ سەر سنوور...

KURDISTAN

رۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :817 · 19 February 2022

telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی ڕێبەندان، پێنج هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «سیامەند خوارەزم»، «ئەیووب مووسا»، «هاوڕێ خوارەزم»، «موراد ساعی» و «ئاسۆ شێخە» خەڵکی شنۆ پاش کۆتاییهاتنی ماوەی لێپرسینەوە لە یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی ورمێ بۆ زیندانی ئەو شارە ڕاگوێزراون.

ڕۆژی سێشەممە ١٩ی ڕێبەندان، خەبات دێهدار چالاکی کرێکاری خەڵکی شاری سنە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ڕێبەندان، ئیقباڵ شەعبانی چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری سنە بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە بانگهێشت و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ڕێبەندان، سەربازێکی کورد بە ناوی «محەممەد سدیق عەزیزی» کوڕی «لوقمان» خەڵکی شاری شنۆ، لەلایەن حیفازەت ئیتلاعاتی ئەرتشەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی ڕێبەندان، چوار هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ڕەحیم عەلیزادە» کوڕی مەلاکەریم، «محەممەد قادرپوور» کوڕی عەلی، «ڕەحمان قادری» کوڕی کەریم و «ناسر بایەزیدی» کوڕی حەمزە، خەڵکی شاری پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی سێشەممە، ٢٦ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «کیومەرس لەتیفی»، تەمەن ٤١ ساڵ و خەڵکی سنە لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ٣٠ی ڕێبەندان، هێزە ئەمنییەتییەکان لە ئەنجامی بەدواداچوونی بنەماڵەی کیومەرس لەتیفی، چالاکی مەدەنیی کورد، بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی ناوبراو، خوشکی ئەو چالاکە مەدەنییان بە ناوی «ئارەزوو لەتیفی» دەسبەسەر کرد.

### بانگهێشتکردن بۆ ئیتلاعات:

ڕۆژی دووشەممە ١٨ی ڕێبەندان، هێزە ئەمنییەتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، هێرشیان کردە سەر ماڵی شەخسیی «محەممەد موڕادی نساری» نووسەر، شاعیر و بەڕێوەبەری چاپەمەنی «باشوور» لە ئیلام و هەوڵی پشکنینی ماڵەکەیان داوە و دەستیان بە سەر هێندێک کەرەستەی کەسیی وەک موبایل و کامپیوتێری ناوبراودا گرتووە.

ڕۆژی سێشەممە ١٩ی ڕێبەندان، مامۆستایەکی ئایینیی بە ناوی «فەرزاد موڕادیان» تەمەن ٥٠ ساڵ خەڵکی گوندی «تەنگیسەر»ی سەر بە شاری سنە، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە و بۆ ماوەی چەند کاتژمێر لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی ڕێبەندان، چوار چالاکی کرێکاری بە ناوەکانی «هاجەر سەعیدی، ڕامین کەریمی، فەردین میرەکی و عیسا موڕادی» بانگهێشتی ستادی خەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە کران.

### ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سۆران شەریفی» خەڵکی شاری بۆکان، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە، کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «هاشم موڕادی» تەمەن ٣٩ ساڵ، کوڕی «مستەفا» و خەڵکی گوندی «شیناوێ»ی شاری پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کرا

ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی ڕێبەندان، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «شۆڕش (عومەر) عەبدوڵلانژاد» تەمەن ٣٩ ساڵ کوڕی ئەبووبەکر و «نەجمەدین سوخەنوەر» تەمەن ٣٧ ساڵ کوڕی ڕەسووڵ خەڵکی گوندی «گەرگوولی خوارێ» سەر بە شاری پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانیان بۆ زیندانی نەغەدە ڕاگوێزران.

ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی ڕێبەندان، ئارام موڕادیان هاووڵاتیی کوردی خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندان، ٩ کەس لە دەسبەسەرکراوانی بانە بە ناوەکانی «سەلاح پزیشکی، ڕەفیق پزیشکی، بێهزاد پزیشکی، کەریم پزیشکی، ئەبووبەکر پزیشکی، ئەرسەلان پزیشکی، فەرزاد پزیشکی، جەماڵ مرەوەتی و سەعید ڕەشیدی» لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعات ئیتلاعاتی سنە بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزران.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی ڕێبەندان، چوار هاووڵاتی بە ناوەکانی «زانکۆ مەسعوودی» تەمەن ٢٢ ساڵ کوڕی ڕەسووڵ، «محەممەد فەدەوی» تەمەن ٢٣ ساڵ کوڕی عەبدوڵڵا، «محەممەد مەهجوور» تەمەن ٣٤ ساڵ و «ڕەحمەتوڵڵا ساڵحیان یازی بڵاغی» تەمەن ٣٤ ساڵ کوڕی محەممەد خەڵکی گوندەکانی «ملقەرنی» و «یازیبڵاغی» سەر بە شاری سەقز، لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە، بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزران.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «کەماڵ عەباسیوەند» خەڵکی شاری بۆکان، بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی ڕێبەندان، «شەمزین محەممەدی» زیندانی سیاسیی خەڵکی گوندی «ئالی کەند»ی شاری بۆکان، پاش تەواوبوونی ماوەی مەرەخەسییەکەی گەڕایەوە بۆ زیندانی ئەو شارە.

### ڕەوانەکردن بۆ ئیتلاعات:

شەعبان محەممەدی، چالاکی سێنفیی مامۆستایان لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوانەوە، بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە ڕاگوێزراوە.

### هێرش بۆ سەر زیندانی:

خەدیجە مەهدیپوور، زیندانی سیاسیی کورد خەڵکی شاری ئیلام، لەلایەن سێ ژنەوە لە زیندانی ئەو شارە هێرش کرایە سەری و ئازار و ئەشکەنجە درا.

### مەحکوومکردنی هاووڵاتییان بە زیندان:

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، سەید محەممەد حوسێنی زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی شاری نەغەدە، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی مەهابادەوە بە سەرۆکایەتی دادوەر «غوڵامی» بە تۆمەتی «موحاربە» بە ٨ ساڵ دوورخرانەوە بۆ شاری هەریس سەر بە پارێزگای تەوریز مەحکووم کرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم تاریموڕادی» تەمەن ٥٥ ساڵ کوڕی محەممەدساڵح خەڵکی گوندی «ڕۆژێڵە»ی شاری سنە، لەلایەن لقی ١ی دادگای ئینقلابی ئەو شارە بە سەرۆکایەتی دادوەر «سەعیدی» بە ساڵێک زیندانیی تەعزیری و ٣٠ ملیۆن تمەن سزای نەختی، مەحکووم کرا.

### مانگرتن لە خواردنی زیندانی:

ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەک بە ناوی «گوڵاڵە موڕادی» خەڵکی شاری پیرانشار، بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین لەمەڕ چارەنووس و پێڕانەگەیشتن بە دۆسییەکەی، لە بەندی ژنانی زیندانی ورمێ مانی لە خواردن گرت.

### بێتاوان ناسرانی هاووڵاتییان لە تۆمەتیوەپاڵدراویان:

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندان، مەحموود ساڵحی و عوسمان ئیسماعیلی دوو چالاکی کرێکاری خەڵکی سەقز لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی ئەو شارە لە تۆمەتی «تەبلیغ دژی نیزام» بێتاوان ناسێندران.

حوسێن کەمانگەر، زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی شاری کامیاران کە سێ ساڵ پێش بە تۆمەتی «بەغی» دەسبەسەر کرابوو، بێتاوان ناسێندرا.

### تووشبوونی زیندانی بە کۆرۆنا:

سوهەیلا حیجاب زیندانیی سیاسی لەگەڵ ١٣ زیندانیی دیکە، لە بەندی ژنانی زیندانی کرماشان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، بێهداریی بەندی ژنانی زیندانی کرماشان، بەهۆی نەبوونی پزیشکی شارەزا داخراوە و بەرپرسانی زیندان تەنیا لە ئەگەری دۆخی ئورژانسی، ئیزنی ڕاگواستنی زیندانییان بۆ نەخۆشخانە دەدات.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «عوسمان بەدری» خەڵکی گوندی «وانیسەر»ی شاری سەلاسیباوەجانی، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری نەوسوود پێکرا.


شەوی دووشەممە ٢٥ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئازاد ئیسماعیلپوور» خەڵکی گوندی «کۆڵەسە»ی شاری سەردەشت، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی، گیانی لەدەست دا.


ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سەعدی زەینی» خەڵکی شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی پێکرا و بۆ نەخۆشخانە سەلاحەدین ئەیووبی ڕاگوێزرا.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «فەرشاد ڕۆستەمنژاد» تەمەن ٣٣ ساڵ خەڵکی گوندی «شمشێر»ی سەر بە شاری پاوە بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی پێکرا.

### تەقەکردن لە هاووڵاتییان:

ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕێبەندان، هێزەکانی سپای پاسداران ماشینی هاووڵاتییەکیان دایە بەر دەسرێژی گوللە و لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانە، هاووڵاتییەک بە ناوی «مازیار عەزیزی» کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی «بانینار» سەر بە شاری سەلاس باوەجانی بریندار کرا.





### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٦ی ڕێبەندان، لە ناوچەی سنووریی گوندی «حەمزە» بەخشی دەشتی عەباس سەر بە شارستانی دێهلۆران مینێک تەقییەوە و بەهۆیەوە مەڕدارێکی تەمەن ٤٥ ساڵی خەڵکی کرماشان لاقێکی لەدەست دا.

ڕۆژی دووشەممە ١٨ی ڕێبەندان، منداڵێکی تەمەن ١١ ساڵ لە عەشایەرەکان بەهۆی تەقینەوەی مین لە شاری قەسری شیرین بریندار بوو.

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕێبەندان، منداڵێکی تەمەن ٥ ساڵ بە ناوی «سوهەیل هاشمی» لە شاری مێهران، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە کۆنەکراوەکانی سەردەمی شەڕی ئێران و عێراق بریندار بوو.

ڕۆژی هەینی ٢٢ی ڕێبەندان، ژنێکی تەمەن ٣٥ ساڵ بەهۆی تەقینەوەی کەرەستە تەقەمەنییە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق، لە شاری دێهلوڕان بە سەختی بریندار بوو.

### ئێعدامکردنی هاووڵاتییان:

سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٢٤ی ڕێبەندان، حوکمی لە سێدارەدانی زیندانییەک بە ناوی «موسەیب فەرەجی» خەڵکی شاری شاباد، لە زیندانی «دیزڵاوا»ی کرماشان، جێبەجێ کرا.

### گیانلەدەستدان و بریندار بوونی کرێکاران:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ڕێبەندان، کرێکارێکی کورد بە ناوی «عەبدوڵڵا ڕۆحی» خەڵکی شاری مەریوان، بەهۆی بەربوونەوە لە بەرزایی لە شاری زەنجان گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی ڕێبەندان، کرێکارێکی ئیدارەی بەرق بە ناوی «مەهدی حوسێنی» خەڵکی گوندی «نوئل» سەر بە شاری جوانڕۆ، لەکاتی کارکردن تووشی تەزووی بەرق بوو.

کرێکارێکی کورد بە ناوی «پەیمان حەیرانی» تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی شاری ڕوانسەر، لە شوێنی کارەکەی گیانی لەدەست دا.

### خۆکوژی هاووڵاتییان:

ڕۆژی دووشەممە ١٨ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی «ترەنس» بە ناوی «ڕێبوار ئیبراهیمی» خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» و دانیشتووی شاری مەریوان، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا

ڕۆژی هەینی ٢٢ی ڕێبەندان، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٦ ساڵ بە ناوی «ڕووزبە موڕادی» خەڵکی شاری دیواندەرە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

پیاوێکی تەمەن ٥٢ ساڵ خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری هلیلان سەر بە پارێزگای ئیلام، پاش کوشتنی بووکە تەمەن ٢٢ ساڵەکەی، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.